


diwan دیوان diwan دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویستی سەرانسەری کوردستان دەکات، که وادەی دەرچوونی خەڵاتەکانی نزیک بۆتەوە که (٥) ئۆتۆمۆبێلی شۆفرلێت (٠) کیلۆمەترە له هەموو لقەکانی دیواندا له کڕینی هەر بابەتێکی ناوماڵ و دەرگا و پەنجەرەی (pvc) کەوانتەردا له بیرتان نەچێت پسوڵەی بەشداربوونی خەڵاتەکان وەرگرن

٠٥٣٣١٣٧٣٢٥

٠٥٣٣١٢٠٦٤٢

# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 573 سێشەممە 16/ 3/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.573 Tue 16/ 3/ 2010

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا:

# یەکێتیو پارتی، بەزۆر خەڵک دەکەن بەحیزبیی

شاڵاو فەتاح

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گرنگییەکی زۆری بە عێراق داوەو بەشێکی گەورەی تەرخانکردووە بۆ بارودۆخی عێراقی ساڵی (٢٠٠٩)، لەم نێوانەشدا ڕاپۆرتەکە باس لە هەرێمی کوردستان دەکات وەک بەشێک لە عێراقو دەنووسێت: لەم هەرێمەدا ئەشکەنجەی زیندانییان دەدرێتو پێشێلکاریی دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێت.

ڕاپۆرتەکە، کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە، باس لە بوونی فشار لەسەر هاوڵاتییانی هەرێم بۆ هەڵبژاردنی لایەنێکی دیاریکراوی سیاسیی سەر بە دەسەڵات دەکاتو ئاماژە بەوەشدەکات لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا فشار خراوەتە سەر هاوڵاتییان بۆ پەیوەندیکردنیان بە یەکێتییەوە لە سلێمانیو بە پارتییەوە لە دهۆکو هەولێر.

هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەوەشدەکات؛ کە دوو حیزبە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی خۆیان بە بەشەکانی هێزی پێشمەرگەوە پاراستووە، هەروەک چۆن پەیوەندییان بە بەشەکانی دیکەی ئاسایشو موخابەراتەوە پاراستووە، هێزەکانی ئاسایشو موخابەراتی هەرێم بەشدارییان لە دەستگیرکردنی چەندین کەسدا کردووە لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە واقیعدا تائێستاش بەپێی حیزب دابەشبوون.

## پێش ئۆپۆزسیۆن،

# هاوپەیمانیی لەگەڵ «شۆڤێنییەکان» کۆدەبێتەوە

ڕۆژنامە

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ لیستی عێراقییەدا کۆدەبێتەوە، کە ئوسامە نوجەیفیو ڕەوتەکەی ساڵح موتڵەگو زافر عانی، یەکێکن لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، کە پێشتر بە شۆڤێنیست ناویان دەبردن.

هاوکات، د. جەعفەر عەلی پەرلەمانتاری گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات؛ «ئەو هەڵسوکەوتە، ئیزدیواجیەتە لە سیاسەتو ڕاستگۆییدا».

لەلایەکی دیکەشەوە دیندار نەجمان، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕایگەیاند؛ «پێویستبوو بەر لە ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی دیکەی براوەی هەڵبژاردندا ئەنجامبدایە، بۆ دانانی ستراتیژییەتی کارکردنیان بۆ قۆناغی داهاتووی عێراق، کە چۆن لە بەغدا یەکهەڵوێست بین».

ل٢



## چیرۆکی ئەشکەنجەدانی گۆڕانخوازێک

ل ١٥

## ڕۆشنبیران چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی ٣/٧

ل ١٤

## پارتی، بەپێی ڕێکەوتنی ستراتیژیی،

# پۆستەکانی بەغدا نادات بە یەکێتی

ڕۆژنامە


سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەمجارە جیاواز لەخولی حوکمڕانی ڕابردوو، پۆستە حکومیيو پەرلەمانییەکانی لیستی هاوپەیمانیی، بەپێی ئیستیحقاقو دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن دیاریدەکرێن، نەک بەپێی ڕێکەوتنی ستراتیژیی پەنجا بەپەنجا.

بەگوێرەی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرکردایەتی پارتییەوە، بەهۆی ئەوەی کە هاوسەنگیی هێز لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گۆڕاوە، پارتی پۆستەکانی بەغدا بەیەکسانیو لەسەر بنەمای بەندەکانی ڕێکەوتنی ستراتیژیی لەگەڵ یەکێتی دابەش ناکات. سەرچاوەکە وتی «ناکرێت پارتی کە دوو ئەوەندەی یەکێتی کورسی هێناوە، وەک یەک پۆستەکان دابەشبکرێنو ئەوە شتێکی مەحاڵە».

ئەو سەرچاوە ئاگادارە، دەربارەی شێوازی دابەشکردنی ئەو پۆستانەی بەر لیستی هاوپەیمانیی دەکەون، وتی «پۆستی سەرۆکی لیستی هاوپەیمانییو وتەبێژی لیستەکە بۆ پارتی دەبێتو لەناو پۆستە حکومییەکانیشدا، پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانو زۆرینەی ئەو وەزیرو بریکارانەی بەر لیستی هاوپەیمانیی دەکەون، بۆ پارتی دەبن».

سامی شۆڕش، کاندیدی پارتیو سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە پارێزگای هەولێر بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ئەگەری زۆرە بکرێتە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا، بۆ ڕۆژنامە، وتی: «پێویستە چاوەڕێی دەرئەنجامەکانی کۆتایی بکرێت، بۆ ئەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی لایەنەکان بزانینو کار بۆ گوتارێکی هاوبەش بکەین لەبەغدا»، لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکانیشەوە لەنێوان پارتیو یەکێتیدا وتی «بێگومان چاو بە دابەشکردنی پۆستەکاندا دەخشێنرێتەوە، بەڵام بە ڕەزامەندیی هەموو لایەنەکان دەبێت».



## عەبدولڕەحمان سدیق:

# ٣/٧ سەلماندی گۆڕان کەفوکوڵ نەبوو

ل ٨

## ئەو ئەفسەرانەی کە دەنگیان بە گۆڕان داوە، دەستگیر دەکرێن

ل ٤

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ڕۆژنامە هەفتەی داهاتوو، ڕۆژی چوارشەممە بڵاودەبێتەوە

# سێ پێشمەرگە لە سلێمانی کوژران

شارا عەبدولڕەحمان

لە دوو ڕووداوی جیاوازدا لە شاری سلێمانی (٣) کەس دەکوژرێن‌و (١٧) کەس بریندار دەبن‌و هەرسێ کوژراوەکەش پێشمەرگەن.

ئێوارەی ڕۆژی (٣/١٤) لە گەڕەکی کانی کوردەی شاری سلێمانی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، گەنجێکی (٣٠) ساڵ بەناوی کەریم حەسەن، تەقەی لە دووکەس کرد، بە ناوەکانی (ز. ن.ح) (٣٥) ساڵ‌و (ب.أ.ع) (٤٠) ساڵ‌و کوشتنی، دواتریش کەسێکی دیکە تەقەی لە (ک.ح) کردو ئەویش لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە هەرسێ کوژراوەکە پێشمەرگەن.

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو ڕووداوە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووەو لێپێچینەوەی یاسایی پێویست لە کێشەکەیان کراوەو کەیسەکە نێردراوە بۆ دادوەر.

هەمان ڕۆژیش لە گەڕەکی قالاوای سلێمانی، شەڕ لەنێوان خێزانە ئاوارە عەرەبەکاندا ڕوویداو لەئەنجامدا (١٤) بریندار لێکەوتەوە.

عەمید نەجمەدین، وتی: «شەڕی ئەو عەرەبانە بەهۆی کاری بەدڕەوشتیی سێ کەس بووە لەناو ئەو خێزانانەدا، کە بووەتە هۆی ئەوەی شەڕ ڕووبدات، کە تێیدا چەقۆو بەردو ئاسن بەکارهاتووە، کە لەئەنجامدا (١٣) کەس بەسوکیو یەکێکیان بەسەختی بریندابووەو ئەو سێ کەسە لای پۆلیس تەوقیفن‌و سکاڵای (١٤) کەسیش لەوبارەیەوە تۆمارکراوە».

# دوو هەزار سکاڵا لە کۆمسیۆنە

ڕۆژنامە

سەدان سکاڵاو پێشێلکاریی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمارکراوە، سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە زیاتر لە (٢٠٠٠) سکاڵا گەیشتووەتە کۆمسیۆن، کە هەندێکیان باس لە حاڵەتی مەترسیدار دەکەن.

لەنێو ئەو سکاڵایانەی بەرزکراونەتەوە بۆ کۆمسیۆن، هەندێکیان مەترسیدارن‌و ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبێت، لەمبارەیەوە سەردار عەبدولکەریم، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە؛ کە هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر سکاڵا گەیشتوونەتە کۆمسیۆن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان هێڵی سوورن‌و ترسناکن، ئەوانیش بە پلەی یەکەم لە موسڵ‌و دواتر لە کەرکوک‌و شارەکانی دیکەش بە ڕێژەیەکی کەمتر، کە ڕەنگە بگاتە ڕادەی ڕەتکردنەوەی سندووقەکان، یان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان هەبێت، ئەوانەش دەستکراوە بە لێکۆڵینەوە تیایاندا.

بە وتەی ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن، ئەم هەڵبژاردنە ڕێژەی سکاڵاو پێشێلکارییەکانی لە چاو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کەمترە، دەربارەی ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش، کە نەیانتوانیوە دەنگ بدەن، لەکاتی خۆیدا کۆمسیۆن وەڵامی دەبێت بەرامبەریان، هەریەکەو بەپێی حاڵەتەکان.

# پەرلەمانی کوردستان پاسەوانی نییە

ڕێبین فەتاح

ئائێستا پەرلەمانی کوردستان هیچ هێزێکی تایبەتی خۆی نییە بۆ پاسەوانیکردن‌و چاودێریکردنی باڵەخانەی پەرلەمان، چەندین ساڵیشە هێزێک بەناوی لەشکری ئەرەزەوە، کە کۆی کارمەندەکانی خەڵکی بادینانن‌و باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان دەپارێزن.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەشکری ئەرەز لە سەرەتاوە تایبەتکراوە بە پاسەوانیکردن‌و چاودێریکردنی باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باڵەخانەی پەرلەمان کە کەوتووەتە تەنیشت باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لەهەمانکاتدا لەلایەن لەشکری ئەرەزەوە کۆنترۆڵکراوەو چاودێریی دەکرێت.

بورهان ڕەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، زانیارییەکانی ڕۆژنامەی پشتڕاستکردەوەو جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو هێزەی پاسەوانیی باڵەخانەی پەرلەمان دەکات لە ڕووی یاساییەوە، یاسایی نییە، چونکە بەگوێرەی یاسا دەبێت ئەو هێزەی پاسەوانیی باڵەخانەی پەرلەمان دەکات سەر بە میلاکی پەرلەمان بێت، بەڵام تائێستا ئەو هێزە پێکنەهێنراوە.

بە وتەی ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی‌و پێشمەرگەی پەرلەمان، کە هاوکات ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕانە، فر ا کسیۆ نە کە یا ن لەبەر سەرقاڵبوونی بە تاووتوێکردن‌و ئیشکردن لەسەر کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگ، تائێستا نەیپەرژاوەتە سەر باسکردن لە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە. ناوبراو وتیشی: «لەداهاتوودا بەدڵنیاییەوە چارەسەرکردنی هێزی پاسەوانی پەرلەمان لەلایەن فراکسیۆنەکەمانەوە کاری لەسەر دەکرێت‌و دەبێت هێزەکەش لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بێت».



پرسگەی پەرلەمانی کوردستان

# هەوڵدەدرێت (٣/١٦) بکرێتە پشووی ڕەسمیی

ڕۆژنامە



پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان ئاشکرایکرد؛ کە لە هەوڵدا دەبن لەگەڵ کۆمەڵێک پەرلەمانتاری شاری هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوور، ڕۆژی (٣/١٦) وەک پشووی ڕەسمیی بناسێنن‌و ئەو ڕۆژە بکرێتە بۆنەیەکی نیشتمانیی.

سەرهەنگ فەرەج، لە فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕۆژنامە وتی؛ کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ڕۆژێکی زۆر تراژیدییەو پێویستە بە هەموو جۆرێک یادی بکرێتەوەو وابکرێت لە یادەوەریی هەموو تاکێکی کورددا، هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە، نەک وەک ڕۆژێکی ئاسایی تێپەڕێنرێت.

وتیشی: «بەنیازین وەک پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان‌و پەرلەمانتارانی دەڤەری شارەزووریش لە گشت فراکسیۆنەکان، پرۆژەیاسایەک پێشکەشی پەرلەمان بکەین، تا ئەو ڕۆژەش بکرێتە پشووی ڕەسمیی».

# لە هەولێر خۆپیشاندان، لە دژی ئەڵمانیا دەکرێت

ئەلەند مەحوی

نوێنەری ناوچە کیمیابارانکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ (٣/١٦) لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا بەخۆپیشاندانێکی هێمنانە دەچنە بەردەم بارەگای کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێرو پەیامێک ئاراستەی حکومەتی ئەڵمانیا دەکەن.

لە بەیاننامەیەکی نوێنەرایەتی ناوچە کیمیابارانکراوەکاندا، کە کۆپییەکی بە ڕۆژنامە گەیشتووە ئاماژە بەوە کراوە؛ کە ئەمڕۆ یادەوەری تاوانێکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە، لە بێباکیی‌و بێهەڵویستیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و ستەمکاریی‌و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەدەست دەوڵەتی عێراق‌و حیزبی بەعسەوە.

هەر لەو بەیاننامەیەدا نوێنەرایەتی ناوچە کیمیابارانکراوەکان باسلەوە دەکەن؛ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژبە خەڵکی مەدەنی شاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای عێراقەوە، بەپێشچاوی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، ئاماژەیەکی ئاشکرای بێباکیی‌و ڕێزنەگرتن بوو لە بەهای مرۆڤایەتی‌و پابەندنەبوونی ئەوانیشی بەهەردوو پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی «(١٩٢٥)ی جنێف‌و پەیماننامەی ساڵی (١٩٤٨) ی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو پەیماننامەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، خستەڕوو.

نوێنەرایەتی ناوچە کیمیابارانکراوەکان وەک: لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە؛ بۆ ئەوە دەچنە بەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر، تا بە وڵاتی ئەڵمانیا ڕابگەیەنن، کە هەموو ئەو ناوچانەی لەنێوان ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) بەچەکی کیمیاوی پەلاماردران‌و کۆمەڵکوژیی گەورەیان لێکەوتەوە، هێشتا بەزیندوویی‌و بەخۆڕاگرییەوە ماون‌و داکۆکیی لەئاشتیی جیهانیی دەکەن..

# کۆمسیۆن، هەزاران دەنگی دەرەوە دەسووتێنێت

بەرهەم خالید

لە کاتی ئەژمارکردن‌و جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، ژمارەیەکی زۆر دەنگی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات‌و لە نێویشیاندا دەنگی ڕەوەندی کوردی، ڕەتدەکرێنەوەو ئەو هەنگاوەش کیان‌و لایەنە سیاسییەکان بێزاردەکات‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی مەرجەکانی دەنگدان‌و دەنگدانی دووبارە دەگەڕێنێتەوە، هەروەک لە زاری بەرپرسێکییەوە دەڵێت: «ئەو ڕێوشوێنانە، بابەتییانە گیراونەتەبەرو دژ بە هیچ گرووپو لایەنێکی دیاریکراو نین‌و لە زۆربەی وڵاتەکان بە ڕێژەی جیاجیا، دەنگ ڕەتکراوەتەوە».

میقداد ئەلشەریفی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هەڵبژاردنەکانی دەرەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، کە ئەوان وەک لایەنی جێبەجێکار، پێشتریش ڕایانگەیاندبوو کە هەر کەسێک بەپێی بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان‌و مەرجەکانی کۆمسیۆن دەنگی نەدابێت، دەنگەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە، هەربۆیە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو دەنگانەی دەرەوەی وڵات، ڕەتکراونەتەوە.

دەربارەی ئەو حاڵەتانەی کە دەنگیان پێ ڕەتدەکرێتەوە، ئەلشەریفی ڕایگەیاند، کە دەنگدان بە پاسپۆرتی بیانیی‌و دەنگدانی دووبارەو ئەو کەسانەشی کە هێشتا تەمەنیان نەبووەتە (١٨)ساڵ‌و دەنگیان داوە، دەنگەکانیان ڕەتدەکرێنەوە».

لە پرۆسەی دەنگدانی دەرەوەدا کە لە (١٦)وڵات بەڕێوەچوو، نزیکەی (٢٨٠) هەزار عێراقی بەشدارییان تێداکردووە، بەڵام بەهۆی چەند حاڵەتێکەوە، تا ئێستا چەند هەزار دەنگێک ڕەتکراونەتەوە لەوانە؛ لە سوید، (١٣٤٢)دەنگ‌و لە سووریاش (٢٤٠٠)دەنگ‌و لە هۆڵەنداش (٥١٦٠)دەنگ پوچەڵکراونەتەوە، ئەوەش نیگەرانیی لای لایەنە سیاسییە کوردییەکانی وەک گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو دروستکردووە، بەوپێیەی زۆربەی ئەو دەنگانە دەنگی کوردبوون.

ڕۆژی ٣/١٤ لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە ئاراستەی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقی کردووە، نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت لە بەرامبەر بێبەشکردنی دەیان هەزار دەنگدەری ڕەوەندی کوردستانی لە وڵاتانی ئەوروپاو داوا لە کۆمسیۆنیش دەکات، بەزوویی ئەو مافە بگێڕێتەوە بۆ دەنگدەران، بەڵام میقداد ئەلشەریفی، بە توندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە تەنیا دەنگی چەند پارێزگایەک ڕەتکرابێتەوەو ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەوە، (٤٥٠)سکاڵایان بەدەستگەیشتووەو لە ڕێگەی کەناڵە ڕەسمییەکانەوەو بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن وەڵامدراونەتەوە، چونکە لە هەموو وڵاتەکان ئەو حاڵەتە هەبووە، وتیشی: «جیاکردنەوەو ژماردنی ئەو دەنگانە لە (١٥)وڵات کۆتایی هاتووەو دوێنێش لە بەریتانیا دەستکراوە بە جیاکردنەوەی دەنگەکان‌و پرۆسەکەش بەبێ هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ بەڕێوەدەچێت‌و پاش کۆتاییهاتنیشی، ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێن».

# کوردو هاوپەیمانێتی لە بەغدا

پێش ئەوەی باس لە هاوپەیمانێتی کوتلەی کوردی بکەین لە بەغدا، دەبێت باس لە هاوپەیمانێتی کوردو کورد بکەین لە کوردستان.

هەڵبژاردنی (٧/٢٥)و هەڵبژاردنی (٣/٧) هەردووکیان دەریانخست، کە لە کوردستان تەنیا دوو حیزبی گەورەو باڵادەست نییە، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنو لایەنی رکابەری دیکەش هەن، کە دەتوانن داخڵی هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستانو عێراق ببنو جێی متمانەی خەڵکی کوردستانیش بن.

بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا یەک ریزو یەک دەنگ بن، دەبێت لە کوردستان لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوەو میساقێکی شەرەف لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان مۆربکرێتو تیایدا هەموو سووربوونی خۆیان بە گوتارو بە کردار لەسەر برەودان بە پرۆسەی دیموکراسیو ئازادییو مافە گشتییو سەرەکییەکانی هاوڵاتییان بدەنو ئەمە ببێتە یەکەم هەنگاوی راستو دروستی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو یەکسان لە هەرێمی کوردستان، کە دواتر ببێتە نموونەو پێشەنگ بۆ هەموو عێراق.

لایەنە کوردییەکان دەبێت بگەنە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییو چارەنووسسازەکان تەنیا بە بەغداوە نەبەستراوە، بەڵکو بەشی هەرە گرنگو بنچینەیی ئەو کێشانە بە گوتاری سیاسیی کوردو هەڵسوکەوتو ئەزموونی دیموکراسی کوردستانو کۆک و تەبایی لایەنە سیاسییەکانەوە بەستراوە.

هەروەها دەبێت ئەو شەرەفنامەیە رێگە نەدات بەهیچ لایەنێک سازشی ژێراوژێرو گوماناویی لەسەر حیسابی دەستکەوتی شەخسی یان حیزبیی ئەنجامبداتو دەبێت رێکەوتن لەگەڵ هەر هاوپەیمانێتییەکی عێراقی لەسەر بنچینەی داخوازییە رەواکانی گەلی کورد بێت، کە کۆدەنگیی نوێنەرانی کوردو لایەنە سیاسییەکانی لەسەربێتو هیچ لایەنو هاوپەیمانێتییەک مافی نوێنەرایەتی کورد بە بەری داخوازییەکانی خۆی نەدووریۆ کەسانی دیکەش نەکات بە سازشکارو خائینو دوژمنو...هتد.

کورد دەتوانێت بەیەک هاوپەیمانێتی بچێتە بەغدا، ئەویش بە رەچاوکردنی پرەنسیپە گشتییەکانی کە لەم بابەتەدا ئاماژەمان بۆ کردوون، هەروەها دەتوانێت بە دوو لیستی جیا بچێتە بەغدا، یەکێکیان نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن بکات، کە تائێستا خۆی لە گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی دەبینێتو قابیلی فراوانبوونن، ئەوی دیکەشیان خۆی لە لیستی هاوپەیمانیی ئێستا دەبینێت، ئەم دوو لیستەش دەتوانرێت لەنێوان خۆیان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان کۆکو تەبا بن، بەڵام ئەوکاتە مەرج نابێت لەهەموو مەسەلەکان کۆکو هاودەنگ بن، ئەم هاوپەیمانێتییەش کاتێک لەدایکدەبێت، لیستی هاوپەیمانییو دەسەڵات هەر سووربن لەسەر تاکڕەوییو خۆبەزلزانینو پاوانکردنی هەموو شتێک، هەم لێرەو هەم لەوێ، ئەوکات بە هەموو دنیای دەسەلمێنن کە ئەوانن یەکڕیزیی کورد تێکدەدەنو هەموو دەستکەوتەکان دەخەنە بـازاڕی کڕینو فرۆشتنو دەستهەڵناگرن لە بەرژەوەندییە شەخسیو حیزبییەکانی خۆیان.

هاوپەیمانێتییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نـوێ تائێستا لەسەر یـەک قـاچ دەڕواتو پێشبینییەکان بەمشێوەیەی خوارەوەن:

یەکەم: هاوپەیمانێتی نێوان لیستی ئەیاد عەللاویو لیستی عەمار حەکیمو کورد.

دووەم: هاوپەیمانێتی لیستی عەللاویو لیستی مالیکیو کورد.

سێیەم: هاوپەیمانێتی لیستی مالیکیو لیستی عەمار حەکیمو کورد.

١- ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەم هاوپەیمانێتییانە هەمووی بە کوردەوە بەندەو کوردیش تائێستا بڕیاری خۆی نەداوە بە یەک لیست دەبێت یان نا؟، بەڵام دەنگۆکان دەڵێن، کە هەموو ئەو لایەنانە بە ئاشکرا ئەوە رادەگەیەنن، کە ئەوان پێیانخۆشە کورد یەکدەنگ بێت لە بەغداو نەبنە دوو بەرەی ناکۆکو دژ بەیەک!

٢- ئـەوەی لە کۆبوونەوە نهێنییەکان دەرکەوتووە، زۆربەی لایەنە سیاسییەکان پێیانخۆش نییە مالیکی پۆستەکەی ئێستای وەربگرێتەوە، بەتایبەتی لەناو لایەنە شیعە مەزهەبەکانداو هەروەها لیستی عێراقییەش پێیخۆشە کە ئەو پۆستە بۆ ئەیاد عەللاوی بێت.

٣- کێشەیەکی دیکەی هاوپەیمانێتییەکان پۆستی سەرۆک کۆمارە، کە تائێستا جێی ناکۆکیو مشتومڕە چ لەسەر ئاستی کوردستانو چ لەسەر ئاستی عێراق، بەتایبەتی لیستی عێراقییەو تاریق هاشمی.

٤- لە کۆبوونەوە داخـراوەکـانـدا وا باسدەکرێت، کە ئەمجارە دەبێت کەسانی تەکنۆکرات بۆ پۆستەکان دەستنیشانبکرێن، ئەویش بەو مانایە نا کە حیزبیی نەبن، بەڵکو کەسانی لێوەشاوەو خاوەن ئەزموونو خاوەن شەهادە بنێرنە ئەو پۆستانە بۆ سەرکەوتنی کارەکانی حکومەتی داهاتوو.

٥- سـەرەڕای هەموو ئەو تۆمەتانەی کە خرانە پاڵ لیستی گۆڕان، گوایە بەرەی تورکمانیو لیستی حەدباو ئەسیل نوجەیفییان بینیوەو رێکەوتنیان مۆرکردووە، ئەمڕۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەچاوی خۆیان دەبینن لیستی کێیە دێتە هەولێرو کێن ئەوانەی کە دەیانەوێت رێکەوتن لەنێوان خۆیان مۆر بکەن!؟ ئایا لیستی ئوسامە نوجەیفیو لیستی حەدبا نییە؟ خۆ هیچ نەبا دەبوایە مەرحەبایەکی گردەکەشیان بکردایە بۆ تۆخکردنەوەی دۆستایەتیی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن.

**رۆژنامە**

# بەر لە ئۆپۆزسیۆن، هاوپەیمانیی لەگەڵ شۆڤێنییەکان کۆدەبێتەوە

**رۆژنامە**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ لیستی عێراقییەدا کۆدەبێتەوە، کە ئوسامە نوجەیفیو بەرەکەی ساڵح موتڵەگو زافر عانی، یەکێکن لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، کە پێشتر بە شۆڤێنیست ناویان دەبـردنو پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەو هەڵسووکەوتە ئـیـزدیـواجـیـەتـە لـە سیاسەتو راستگۆییدا».

لەگەڵ ئەوەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا راگەیاندنەکانی سەر بە حیزبەکانی پێکهێنەری لیستی هاوپەیمانیی، بزووتنەوەی گۆڕانیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی پەیوەندییان لەگەڵ لیستە شۆڤێنییەکان بەستووەو لیستی حەدبای موسڵو بـەرەی تورکمانییان بەنموونە هێنایەوە، لـەمـاوەی هەفتەی رابـــردوودا بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەوەو بە پشتبەستن بە بیرۆکەی «بۆ من حەڵاڵو بۆ تۆ حەرام» داوەتنامەی رەسـمـیـیـان ئـاراسـتـەی لیستی عێراقییە کرد بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاویو تـارق هاشمی، تا بێنە هەرێمی کوردستانو سەبارەت بە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکانی داهاتووی عێراق گفتووگۆیان لەگەڵدا بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە، کە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لیستی عێراقییە لـەو هێزانەن، کە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لیستی هاوپەیمانیی بە شۆڤێنیست ناوی دەبردن، لەوانە: لیستی نوێگەریی بە سەرۆکایەتی تاریق هاشمی، کە بەم دواییە لەگەڵ داواکردنی پۆستی سەرۆک کۆماردا کردیانە شۆڤێنیست، گردبوونەوەی نیشتمانیی عـێـراقـیـیـەکـان بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی برای ئەسیل نوجەیفی سەرۆکی لیستی حەدباو پارێزگاری موسڵەو یەکێکە لە دارێژەرانی قەیرانی (٢٢)ی تەمموزی پەرلەمانی عێراقە، بەرەی تورکمانی، کە سەعدەدین ئەرکیچ سەرۆکایەتی دەکاتو پێشتر یەکێتی، گوڕانی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو بەرەیەدا تۆمەتبار کـرد، ئەمە جگە لەوەی دووان لە لیستە سەرەکییەکانی نێو لیستی عێراقییە یاسای لێپرسینەوەو دادپەوەریی گرتنییەوە، کە ئەوانیش، ساڵح موتڵەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانییو زافـر عانی سەرۆکی گردبوونەوەی ئایندەی نیشتمانین.

کۆبوونەوەی لیستی هاوپەیمانی لـەگـەڵ لیستی عـێـراقـیـیـەدا بۆ هاوپەیمانیکردن لە کاتێکدایە، کە مازن عەبدولجەباری سەرۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی عێراقییە، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی ئاماژەی بەوەدا؛ کە هاوسەنگییان بـۆ کـەرکـوک گـێـڕاوەتـەوە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە، هاوکات ئەرشەد ساڵحی، کە کاندیدی ئەو لیستەیە لە کەرکوک بوونی کوردی لە کەرکوک بە کۆمەڵگە زۆرە ملێکانی ئیسرائیلی لە خاکی فەلەستیندا شوبهاندووەو سەبارەت بە گەڕانەوەی کەرکوکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەڵێت: «دەبێت بمانکوژن بەرلەوەی ئەو کارە بکەن».

د.جـەعـفـەر عـەلـی، ئەندامی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی لیستی هاوپەیمانیی لەگەڵ لیستی عێراقییەدا، بەو پێکهاتانەیەوە بە ئیزدیواجیەتی سیاسیی لـەقـەڵـەمـدەداتو بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «ئـەوە دووفاقییەکی ئێجگار گەورەیە لـە سیاسەتکردنو راستگۆیی لەگەڵ خەڵکی کوردستانداو هاتنی ئەیاد عـەلـلاویو تاریق هاشمی بۆ کوردستان کۆبوونەوە لەگەڵ سکرتێری یەکێتیو پـارتـیـدا، وەڵامدانەوەی بێ چەندو چوونی ئەو راستییەیە، کە ئەوە گۆڕان نییە هاوپەیمانیی لەگەڵ شۆڤێنیستەکان دەکات، بەڵکو ئەوە هێزەکانی دیکەی کوردستانن، ئەو کارە دەکەن».

لیستە ئـۆپـۆزسـیـۆنـەکـانـی کوردستانیش، کە خۆیان لە گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵدا دەبیننەوەو رێژەی بەرچاوی دەنگەکانیان لەم هەرێمەدا بەدەستهێناوە، رەخنە لەوە دەگـرن، کە دەبوو بەر لەدانیشتن لەگەڵ لیستە عێراقییەکاندا، لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی دیکەی براوەی هەڵبژاردندا کۆبوونەوەیان بکردایە.

دیـنـدار نـەجـمـان، سـەرۆکـی ئـەنـجـومـەنـی سـەرکـردایـەتـی یەکگرتووی ئیسلامیی رایگەیاند؛ «پێویستبوو بەر لە ئەنجامدانی ئـەو کۆبوونەوانە، لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، بەڕێز مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی دیکەی براوەی هەڵبژاردندا ئەنجامبدایە، بۆ دانانی ستراتیژییەتی کارکردنیان بۆ قۆناغی داهاتووی عێراق، کە چۆن لە بەغدا یەکهەڵوێست بین».

هاوکات د.جەعفەر عەلی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر هێزێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەهەمان پێوەرەکانی بەر لە (٣/٧) مامەڵە لەگەڵ لیستە عێراقییەکاندا بکات، هەڵەیەکی سیاسیی کوشندەی کـردووە، وتیشی: «ئەگەر ئێمە تا حەمرین یەکهەڵوێست نەبینو ناوماڵی خۆمان رێکنەخەین، ناتوانین لە بەغدا بەرامبەر بە شۆڤێنیستەکان یەکهەڵوێست بین».

کارکردن بە مەبدەئی «حەڵاڵ بۆ منو حەرام بۆ تۆ» لە مامەڵەکردن لەگەڵ لیستە سیاسییەکانی عێراقدا، بـەڕای رێبوار کەریم، چاودێری سیاسیی نامەنتیقییەو بە رۆژنامەشی راگەیاند: «ئەگەر لە گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستە سیاسییەکانی عێراقدا پرس بە هێزە کوردییەکانی دیکەی جگە لە لیستی هاوپەیمانیی نەکرێتو بەشدار نەکرێن، نابێت ئەو هێزانەی دیکەش بەوشێوەیە دابنیشن».

ئەو پسپۆڕە سیاسییە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە خاڵی لێکگەیشتنی نێوان لایەنە کوردییەکانو شۆڤێنیستیو بەعسییەکانی نێو لیستەکان، زۆر کـەمـەو کـورد نزیکترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیدا هەیە، نەک لیسی عێراقییە».

# داوا لە بارزانی دەکرێت لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکان بکات



رۆژنامەنووسان زەرەرمەندترین توێژی هەڵبژاردنەکان بوون

**ئاوارە حەمید**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مانگرتنێکی پێنج دەقیقەییان لەبەردەم بارەگای سەندیکادا لەشاری هەولێر ئەنجامدا، لە بەرامبەر زیادبوونی ئـەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون و داوا لە بارزانیش دەکەن، بەدواداچوون بۆ ئەو پێشێلکارییانە بکات.

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای رۆژنـامـەنـووسـانـی کـوردسـتـان نیگەرانیی خۆی لە زیادبوونی بەرچاوی پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەربڕیو ئاماژەی بەوەدا؛ کە داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن، کە لە رێگەی وەزارەتی ناوخۆوە بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکان بکات.

لەدوای مانگرتنەکەش سەندیکای رۆژنامەنووسان راپۆرتێکی تایبەت بـەو پێشێلکارییانەی لـەمـاوەی بانگەشەو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بـڵاوکـردەوە، کە (٤٠) پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان تیایدا تۆمارکراون، کە لێدان، رێگریکردن لـە کـاری رۆژنـامـەنـووسـی، لێسەندنی پێداویستییەکانی کاری رۆژنامەنووسی، دەستبەسەرکردنو تەقەلێکردن.

ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئـەوەی، کە زۆرترین پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسانی ئـازادو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان تۆمارکراوە، کە لەنێویاندا کەناڵی ئاسمانی (KNN) پشکی شێری بەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان لە راپۆرتێکیدا ئاشکرایکردووە، کە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق (٤٥) رۆژنامەنووس رووبەڕووی پێشێلکاریی بوونەتەوە.

سەنتەری میترۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی رۆژنامەنووسانو بە سزاگەیاندنی پێشێلکاران رۆژی یەکشەممە ئەو رۆژنامەنووسانەی رووبەڕووی ئاسایشی گشتی سلێمانی کردەوە.

لەو دانیشتنهدا رۆژنامەنووسانو کەناڵەکانی راگـەیـانـدن چیرۆکی ئەو پێشێلکارییانەیان گێڕایەوە کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردنو رۆژی دەنگدان بەرامبەریان ئەنجامدرابوو، لای خۆیەوە حاکم قادر حەمەجان بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی وتی: ئەگەر دادگا هەر ئەفسەرێکی ئاسایش بانگ بکات، لەبەردەم دادگا ئامادەدەبن.

کەمال رەئـوف سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لەوە کـردەوە، کە ئاسایش بێلایەن نییەو وتـی: «ئاسایشی سلێمانی سەر بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەو ئاسایشی هەولێرو دهۆکیش سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە».

شـوان محەمەد سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە کە لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو، وتی: «ئاسایش بەشێکە لەکێشەکە، یـان ئـەوەتـا دەبـێـت سەرتاپای ئاسایش بگۆڕدرێتو خەڵکی پرۆفیشناڵ دابنرێت، یان ئەگەر ئەوە ناکرێت دەبێت ئاسایش داوای لێبووردن لەو رۆژنامەنووسانە بکات کە پێشێلکارییان بەرامبەر رۆژنامەنووسان کردووە».

# سەردانێکی پەرلەمان بۆ دەرەوە، بودجە پەکدەخات

# سەرۆکی پەرلەمان: بودجە ئەمانەتی خواو پێغەمبەرە

راپۆرتی، بەرهەم خالید

**ئەگەرچی چەند مانگێک لە وادەی خۆی دواکەوتووە، بەڵام بە هۆی سەفەری سەرۆک و وەفدێکی پەرلەمانەوە بۆ بەریتانیاو هاتنی پشووەکانی نەورۆزەوە، گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێم دوادەکەوێت‌و پێدەچێت پەسەندکردنی بکەوێتە مانگی نیسانەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاریی چاوەڕێی بودجە دەکەن‌و هەزاران دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان، چاوەڕوانی دامەزراندیان لەلایەن حکومەتەوە.**

**ئارام قادر: دواخستنی پەسەندکردنی بودجە خراپە**

**سالار مەحمود: پرۆژەی بودجە بێ کەموکورتی نییە**

**عەبدولسەلام بەرواری: زۆربەی تێبینییەکان لەسەر بودجە بەهەند وەرگیراوە**

**حەمەسەعید حەمەعەلی: ئۆپۆزسیۆن توانی زۆرێک لە کەموکورتی نەهێڵێت**

پاش ئـەوەی لە ناوەڕاستی مانگی رابـــردوو، پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان زنجیرەیەک دانیشتنی نائاسایی بە مەبەستی گفتوگۆکردنی بودجە ئەنجامداو دواترو بەهۆی رەوشی هەرێم‌و بانگەشەی هـەڵـبـژاردنـەوە، گفتوگۆکان بۆ دوای هەڵبژاردن دواخـران‌و رۆژی شەممەی رابردوو، پەرلەمانی کوردستان دوای (١٣) رۆژ، کۆتایی بە پشووی زستانەی خۆی هێنا، بەڵام بە هۆی سەردانی وەفدێکی پەرلەمانەوە بۆ بەریتانیاو هاتنی جەژنی نەورۆزەوە، گفتوگۆکانی بودجە جارێکی دیکە دواخران.

لەمیانی وتارێکیدا کە بە بۆنەی کـردنـەوەی خولی گرێدانی دووەمـی پەرلەمانەوە پێشکەشی کرد، د. کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی بودجە وتی: «بودجە ماڵی میللەتە، ئەمانەتی خواو پێغەمبەرەو پێویستە هەر یەکێک لەئێمە بەوپەڕی دڵسۆزیی‌و پاکی‌و بێگەردیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، مێشکو ویژدانمان بخەینە کار تاوەکو بە تەواوەتی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان تەواو بێت‌و رێگە نەدەین هیچ پرۆژەیەک کە لەبەرژەوەندیی میللەتدا نەبێت، جێگیر بێت، یان موافەقەتی لەسەر بکرێت».

پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی هەرێم زیـاد لە (١٥)دانیشتنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ تەرخانکراو تا ئێستا زیاتر لە (١٧)مادەی پەسەندکراوە.

کـــاردۆ مـحـەمـەد، پەرلەمانتاری کوردستان سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەر لەسەرەتاوە حکومەت لە ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان دواکەوت، بۆیە جارێکی دیکە دواخستنی زیانی زۆری دەبێت بۆ خودی بودجەکەو خەڵکیش، وتیشی: «دووبـاره دواخستنی بودجە، زیانی بۆ حکومەت‌و گفتوگۆکانی بودجەکەش دەبێت، چونکە لەوانەیە دواتر هەولبدرێت بەپەلە تێپەڕێنرێت».

بـه بـــڕوای کـــاردۆ، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەی لە بودجەدا هەن، جارێکی دیکە پرۆژەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، بۆ ئـەوەی بە کەمترین کەموکووڕییەوە تێپەڕێت‌و ئەوەشی وت: «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت دانیشتنەکان بەڕێوەبەرێت، بەڵام دواخراوە بۆ دوای نەورۆز، بەتایبەت کە ئێستا دانیشتنە ئاساییەکان دەستیانپێکردووەتەوە».

هەروەها سالار مەحمود، پەرلەمانتار لەسەر لیستی کوردستانیی (یەکێتی)، باس لەوە دەکات، کە پاش ئەوەی بودجە هاتووەتە پەرلەمان، چەند هەنگاوێکی باشی بڕیوەو زیاتر لە (١٧)مادەی پەسەندکراوەو پـەرلـەمـانـتـارانـیـش لـەسـەر تـەواوی سێکتەرەکان‌و پـرۆژە جۆراوجۆرەکان قسەیانکردووە، دەربارەی دواخستنیشی دەڵێت: «پێموایە (١٠) رۆژو دوو هەفتە کاریگەریی نابێت لەسەر بودجەکە، بەڵام گرنگە لەوە زیاتر دوانەکەوێت، چونکە سیاسەتی دارایـی حکومەت پەیوەستە بە پەسەندکردنی بودجەوەو بۆ ئەوەی حکومەت دەستکراوە بێت لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی لە بودجەکەدا پێشنیازکراون بۆ هاوڵاتییان».

سالار مەحمود ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە بودجەکە پرۆژەیەکی باشە، هەرچەندە بێ کەموکووڕیی‌و کەلێنیش نییە، بەڵام بۆ ئەوە هاتووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت‌و باشتربکرێت‌و پەسەند بکرێت.

لەبەر ئەو کەموکورتییە زۆرەی لە بودجەکەدا هەبوو، هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی نـاو پەرلەمان (گـۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) داوایانکرد جارێکی دیکە پرۆژەکە رەوانەی حکومەت بکرێتەوە، بەڵام لیستی کوردستانیی بە زۆرینەی دەنگ رەتیکردەوە، بە پاساوی ئەوەی بودجە پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیەو ناکرێت دوابخرێت، بەڵام ئێستا بۆ ماوەی نزیکەی مانگێکی دیکە دوادەکەوێت.

ئـارام قـادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، بـاس لـەوە دەکـات، کە دەبـوو بودجە پێش مانگی تشرینی دووەمـی (٢٠٠٩)بهاتایەتە پەرلەمان‌و دواکەوتنیشی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، بە تایبەت وەزارەتـی دارایـی، بـەڵام ئـەوان چەند پاساوێکیان هێنایەوەکەلەلایەن پەرلەمانەوە رەتکرانەوە، ئەوەشی نـەشـاردەوە کە هەڵبژاردنیش کاریگەریی هەبوو لەسەر دواکەوتنی گفتوگۆکردنی بودجەو وتی: «دواخستنەکەشی کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر ئـەدای حکومەت‌و سستبوونی کارەکانی، چونکە حکومەت لەسەر پلانی ساڵی (٢٠١٠) دەڕوات، کە بریتین لەو پرۆژانەی لە بودجەکەدا پێشنیازکراون، ئەگەر بوجەکە پەسەند نەکرێت، ئەوە دوادەکەوێت‌و ئەوەش کاریگەریی دەبێت بۆ سەر هاوڵاتییان».

لــەلای خــۆیــەوە هــاژە سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی شیوعی ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات، کە دواکەوتنی بودجە بووەتە شتێکی ئاسایی لە هەرێمداو ساڵانی پێشتریش بودجە دواکەوتووە، بۆیە ئەگەر ئەمساڵیش کەمێکی دیکە دوابکەوێت کاریگەریی ئەوتۆی نابێت، وتیشی: «ئـەوە چەند ساڵێکە بودجە لە کوردستان نەتوانراوە لە کاتی خۆیدا بگاتە پەرلەمان‌و پێموایە سرووشتییە ئەگەر ئەمساڵیش کەمێک لە وادەی خۆی دوابکەوێت، هەرچەندە بودجەکە کەموکورتی هەبوو، بەڵام لە پەرلەمان گفتوگۆی باشی لەسەرکراوەو بەشی زۆری کەموکورتییەکان چارەسەرکراون».

خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیان دەکـــرد، دوای کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان‌و لە دانیشتنە ئاساییەکاندا دەست بە گفتوگۆکردنی بودجە بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی سەفەری وەفدەکەی پەرلەمانەوە، گفتوگۆکان بۆ دوای پشووەکانی نەورۆز دواخران، بەوەش پەسەندکردنی بودجە بۆ سەرەتای مانگی نیسان دوادەکەوێت.

عەبدولسەلام بـــەرواری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانیی (پارتی)، باس لەوە دەکات کە لە دانیشتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکاندا رێکەوتون لەسەر ئەوەی گفتوگۆکردنەکە بۆ دوای نەورۆز دوابخرێت‌و وتی: «هەرچەند زووتر بودجە پەسەند بکرێت، دەستی وەزارەتـەکـان واڵا دەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان‌و دواکەوتنیشی پرۆژەکان دوادەخات، بەڵام دەکرێت پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵانی رابــردوو ئیشیان لەسەر بکرێت، هەتا بودجەی نوێ پەسەند دەکرێت».

بە بۆچوونی عەبدولسەلام بەرواری، بە شێوەیەکی باش گفتوگۆ لەسەر بودجەکە کراوەو تێروتەسەل قسەی لەسەرکراوەو زۆربەی تێبینییەکان بە هەند وەرگیراون‌و چارەسەرکراون‌و پەسەندکردنی زۆر درێژە ناکێشێت.

بــەڵام حەمە سەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە لە پێش هەڵبژاردنەکان گفتوگۆکردنی بودجە دواخراو ئێستاش بەم شێوەیە دواخرا، بۆیە پێدەچێت لە کۆتایی مانگی ئازار، یان سەرەتای مانگی نیساندا بودجە پەسەند بکرێت‌و ئەو دواکەوتنەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەو پرۆژانەی لە پلانی ساڵی (٢٠١٠)دان، ئەوە سەرەڕای ئەو مووچانەی کە بڕیاری زیادکردنیان دراوە.

دەربارەی بودجەکەش، حەمە سەعید حەمە عەلی دەڵێت: «بودجە ناشەفافی لە داهاتەکانیدا هەیە، بەتایبەت لە نەوتدا، هەروەها چەند پرۆژەیەکی حیزبی تێدایە کە دەبوو چاکبکرانایە، هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن توانی زۆرێک لەو کەموکورتییانە نەهێڵێت، وەک پـرۆژە حیزبییەکان، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری کەموکووڕییەکان ماون‌و سوورین لەسەر ئەوەی کە بەو شێوەیە تێنەپەڕێت».



پەکخستنی بودجە لە ئەستۆی کێدایە؟

## کێشەکەیان چارەسەرنەکرێت «گۆڕان ڕێگەی دیکە هەیە بیگرێتەبەر»

# یەکێتی ئەو ئەفسەرانە دەستگیردەکات کە دەنگیان بەگۆڕان داوە

**راپۆرتی، رۆژنامە**

ئەو ئەفسەرانەی دەنگیان بە لیستی گۆڕان دابوو هەندێکیان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆری یەکێتییەوە رفێنراون‌و لەئێستادا دوانیان لەناو ئینزیباتخانەی وەزارەتی پێشمەرگەدا لەسلێمانی دەستبەسەرن.

پاش ئەوەی شەوانی (٥-٣/٦) ژمارەیەک ئەفسەری پێشمەرگەو پۆلیس لە کەناڵی ئاسمانیی (KNN) دەرکەوتن‌و پەنجەی مۆرکراویان پیشانی بینەران داو داوایانکرد نەترسن‌و ئازادانە دەنگبدەن، چونکە ئەوانیش دەنگیان بە گۆڕان داوە، کەچی لەدوای ئەو هەڵوێستە ئاساییەوە یەکێتی بە تۆمەتی ئینقیلابچی فەرمانی داوە بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم کە ئەو کەسانە دەستگیربکات، فەرمانەکەش بە دەزگای دژەتیرۆری یەکێتی جێبەجێدەکرێت‌و لەئێستادا هەریەک لە مولازم هەرێم یوسف عەلی، لە (٣/٤) و رائید شالاو مەحمود لە (٣/٧)ەوە دەستگیرکراون.

بەوهۆیەشەوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە روونکردنەوەیەکدا ئەو کارەی دەسەڵاتدارانی سلێمانی ئیدانە دەکات‌و ئاماژە بەوەشدەکات؛ ئەو کارەیان مایەی خەجاڵەتی دەسەڵاتی کوردی‌و مایەی نیگەرانیی بزووتنەوەی گۆڕانە، لە روونکردنەوەکەشدا هاتووە؛ «ئەوە ئەوپەڕی سووکایەتیکردنە بە پێشمەرگەو ئەفسەرو حکومەتی هەرێم».

د.شۆڕش حەسەن، شارەزای دەستووریی، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە هیچ کەسێک سەڵاحیەتی دەرکردنی بڕیارو دەستگیرکردنی خەڵکی نییە، بەڵکو بڕیاری گرتنی خەڵک بەپێی یاساو بە بڕیاری دادوەر دەبێت.

دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو دەرەجەدارانەی دەنگیان بە گۆڕان دابوو لەلایەن یەکێتییەوە لە کاتێکدایە، کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی کوردستان سەرۆکی هەرێمەو سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقیش سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە.

یەکێتی بەئاشکرا مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەو کۆمیتەی رێکخستنی پۆلیس‌و ئاسایشی هەیە، کە ئەمە لادانە لەمادەی (٩) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، هاوکات بەپێی دەستوورو یاساو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەموو کەسێک ئازادە کە چ لایەنێکی سیاسیی هەڵدەبژێرێت‌و دەنگ بە چ لیستێک دەدات.

بورهان رەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەوەی یەکێتی لەگەڵ ئەو دەرەجەدارانەی کردووە «پێچەوانەی یاسایە». ئەو پەرلەمانتارە داوای لەو کەسانە کرد کە دەستگیرکراون‌و ئەوانەش کە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بچنە دادگاکانی هەرێم‌و عێراق‌و سکاڵا ئەو لایەنە تۆماربکەن کە حوکمەکەی جێبەجێکردووە، چونکە «ئەوە پێچەوانەی یاسایە».

ئەو ئەفسەرانەی کە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە بە گومانی ئەوەی کە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەن، لە ٦/٢٥ەوە لەهێزەکانی پۆلیس‌و پێشمەرگە دەرکراون‌و نانبڕاوکراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناویان لەدەنگدانی تایبەتدا هاتبووەوە بەشداریان لەدەنگداندا کردووەو هەر رۆژی دەنگدانی تایبەت مولازم هەرێم لەبەردەم بنکەی دەنگدانەکەدا لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە رفێنراو برا بۆ بەندیخانەی کانی گۆمەو ئێستاش لەناو ئینزیباتخانەی وەزارەتی پێشمەرگەدا دەستبەسەرە، لەرۆژی دەنگدانیشدا رائید شالاو دوای ئەوەی کە لە شاشەی KNەوە دەرکەوت لەلایەن هێزی دژە تیرۆرەوە رفێنراو ئەویش بەهەمان شێوە ئێستا لە ئینزیباتخانەی وەزارەتی پێشمەرگە لەسلێمانی دەستبەسەرە.


رائید شالاو کە دوای دەرکەوتنی لە KNN لە ٣/٧دا دەستگیرکرا

ئەم حاڵەتانە لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسای سەربازیی، ئەفسەر دەستگیر ناکرێت، بەڵکو ئەگەر تۆمەتێکی لەسەربوو لەلایەن لیژنەیەکەوە کە لەرائیدێک‌و عەقیدێک کەمتر نەبێت هەر لەو شوێنەی کەخۆی دەوامی لێدەکات لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت‌و ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساغبووەوە دەنێرێت بۆ دادگای سەربازیی بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

لە لێدوانێکی پێشتریدا حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکردبوو؛ پێشتر فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو ئەفسەرانە دەرچووەو لەلایەن دادگاوە داواکراون، بۆیە پێویستە ئەو کەسانە بچنە بەردەم دادگا، ئەگەرنا ئەوا لەلایەن هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشەوە دەستگیردەکرێن.

بەپێچەوانەی ئەوەوە رائید بەختیار رەئوف کە خۆی ئێستا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە وتی: «لە ژیانمدا شەڕم لەگەڵ هیچ کەسێک نەکردووەو هیچ کێشەیەکم توش نەبووە تا بڕیاری دەستگیرکردنمان هەبێت، ئەگەر ئەو بڕیارەشمان لەسەربووە بۆچی پێشتر دەستگیرنەکراوین بۆ لەم کاتەدا کە دەڵێین دەنگمان بە گۆڕان داوە بە تاوانبار لەقەڵەممان دەدەن».

بە وتەی سەمیر سەلیم، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان؛ دەسەڵات سوودی لەم کاتە وەرگرتووە بۆ دەستگیرکردنی ئەو دەرەجەدارانەی دەنگیان بە گۆڕان داوە، چونکە ئەگەر راستەو پێشتر فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە، بۆچی دەستگیرنەکراون، «خۆ ئەوان کارمەندی حکومەتن‌و هەڵاتوو نەبوون‌و هەر لەناو هەرێمدا بوون».

ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەگەر ئەو ئەفسەرانە بڕیاری دەستگیرکردنیان لەلایەن دادوەرەوە بۆ دەرچووە، نەدەبوو رێگەیان پێبدرێت کە بەشداریی دەنگدانیش بکەن، هەروەک وتی: «بەپێی یاسا هەرکەسێک تۆمەتباربێت‌و بڕیاری دەستگیرکردنی لەلایەن دادوەرەوە بۆ دەرچووبێت، ئەوا لە دەنگدان بێبەشدەکرێت».

ئەو دوو پەرلەمانتارەی کوردستان ئەوەشیان خستەڕوو، ئەگەر یاداشتی ئەو کەسانە گەیشتە پەرلەمان، ئەوا بەدواداچوونی بۆ دەکەن‌و بەدوای راستییەکاندا دەچن.

لە دوایەمین خاڵی روونکردنەوەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕانیشدا هاتووە؛ «داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە چیدی دەرهەق بەم هەڵوێستە ناڕەوایانەی یەکێتی بێدەنگ نەبێت‌و بەپەلە تەداخول بکات بۆ دانانی سنوورێک بۆ ملهوڕییەکانی یەکێتی، ئەگەرنا ئەوا بزووتنەوەکەمان رێگەی زۆری دیکە هەیە بیانگرێتەبەر بۆ دانانی سنوورێک بۆ لێپرسراوانی یەکێتی‌و بۆ دەزگاکانی‌و میلیشیاکانی».

# ئۆپۆزسیۆن: تەزویر لەکەرکوک زۆربوو

**کەرکوک، رێباز محەمەد**

لیستەکانی گۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ لە کەرکوک ئاماژە بە ئەنجامدانی ساختەکاریی‌و خروقات دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەو پارێزگایە، کە لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە ئەنجامدراوە.

مەلا فەرمان، کاندیدی لیستی گۆڕان لە کەرکوک، نیگەرانیی لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان نیشانداو بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامدرا خروقاتی هەڵبژاردن بوونی هەبووەو ئەو تەزویراتە کاریگەریی سلبی دەبێت، بەتایبەت لەسەر راستی‌و دروستیی دەرئەنجامەکان، وەکو ئەوەی دەبینرێت (٥٠٪)ی خەڵکی کەرکوک بەشدارییان نەکردووە، بەڵام بەهۆی خروقاتەوە رێژەی بەشدار بوو گەیشتە (٧٠٪)».

مەلا فەرمان، وتیشی: «خروقاتەکان لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە کراون، ئەمە جگەلەوەی بەڕێوەبەری بنکەکانی دەنگدان، مۆری تایبەتیان وەرگرتووە، کە لە کۆمسیۆنەوە دزەی کردووە، ئێمە بە بەڵگەوە لامانەو ئێستا بۆ ئەو مەبەستە لە بەدواداچووندایین»، کاندیدەکەی لیستی گۆڕان لە کەرکوک، رەخنەی ئاراستەی دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە کرد لە رۆژی دەنگداندا، روونیشی کردەوە؛ کە پۆلیسی کەرکوک بێدەنگ بووە لەو پێشلکارییەی لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە کراوەو چەندین لایەنگری گۆڕانیش لەلایەن ئاسایشی کەرکوکەوە دەستگیرکراون.

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە پارێزگای کەرکوک (٢٧) قەوارەی سیاسیی ململانێیان بوو، لەسەر (١٢) کورسییەکەی ئەوپارێزگایە، کە (٤٢٨) پاڵێوراو رکابەریان دەکرد.

یەکگرتووی ئیسلامیش بەدەرنەبووە لە دەنگە ناڕەزاییەکانی سەر پرۆسەی هەڵبژاردن، حسێن حەسەن، کاندیدو بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر خروقات نەبوایە، چاوەڕوانی دەنگی زیاتر دەبووین، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندیی گشتیی کوردەوە لە کەرکوک، بەنیازین چاوپۆشیی لە سکاڵاکانمان بکەین».

هاوکات کۆمەڵی ئیسلامیی، نیگەرانە بەهۆی ئەو خروقاتەی، کە بەلێشاو لە شارەکەدا کراوە.

عەلی رەحیم، کاندیدی لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەڵبژاردنەکە بەبێ خروقات کۆتایی نەهات‌و بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن، پێشێلکارییەکە لەکاتی دەنگداندا بانگەشە بکرێت‌و بە پێچەوانەوە، لە کەرکوک لە چواردەوری بنکەکانی دەنگداندا ئاهەنگگێڕان هەبووەو جگەلەمەش، چەند کاندیدێک لەبەردەم بنکەکانی دەنگداندا وەستاون».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دزەیان کردووەو دەست رۆژنامە کەوتوون، لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا (٤٠٠) سەرباز لە بەغداوە هێنراونەتە کەرکوک‌و دەنگیان داوە، کە پێشتر لە دەنگدانی تایبەتدا دەنگیان دابوو، سەرچاوەیەک لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا (٧) سندووقی دەنگدان سکاڵای سووریان لەسەرە، کە سێ سندووقی دەنگدانی تایبەت بووەو چوار سندووقی دەنگدانی نەهاتوو بووە، کە (١٥) بنکەیان بۆ کرابووەوە».

یەکێک لەو مەترسییانەی دیکە، کە چاوەڕواندەکرێت لە سەروبەندی ئاشکراکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکدا رووبدات، رێکەوتنی لایەنە سیاسییەکانە لەسەر دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر نەتەوەکانی کەرکوکدا، کە نایانەوێت هاوسەنگیی هاوکێشەی سیاسیی شارەکە بگۆڕێت‌و دەیانەوێت بەشێوەی تەوافوق (١٢) کورسییەکەی کەرکوک دابەش بکەن، نەوەکو دەنگی دەنگدار، کە بەشێوەیەک (٦) کورسی بۆ کوردو سێ کورسی بۆ عەرەب‌و سێ کورسی بۆ تورکمان بێت.

لەوبارەیەوە، ئەبوشەهاب، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێستا کە خاوەنی دەنگی کورسییەکین، کە بەبێ راگەیاندن‌و خروقات‌و هەڕەشەکردن هێناومانە، ئێستا دەیانەوێت لەسەر حیسابی ئێمە، هاوسەنگییەک لەنێوان کوردو عەرەب‌و تورکماندا دروست بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک قبووڵی ناکەین».

# ئەگەر هەیە ماوەی پەرلەمانی عێراق درێژبکرێتەوە

**بەهادین یوسف**

لە رۆژی (٣/١٥) ماوەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتایی پێدێت‌و پێدەچێت بەهۆی رانەگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان‌و کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، دادگای دەستووریی ماوەی خولەکە درێژبکاتەوە، بەشێکی کوتلەکانیش داوادەکەن ماوەکە تا (٤/٢٢) درێژبکرێتەوە.

بەپێی مادەی (٥٦)ی دەستووری عێراق، ماوەی خولی ئەنجومەنی نوێنەران (٤) ساڵی رۆژژمێرییەو ماوەکە لە یەکەم دانیشتنەوە دەستپێدەکات‌و بەکۆتاییهاتنی ساڵی چوارەم کۆتاییدێت، بەوپێیە یەکەم دانیشتنی ئەم خولەی ئەنجومەن لە (٣/١٦) دەستپێکراوە، بەپێی رای زۆربەی شارەزایان‌و پسپۆڕانی دەستووریی، ئەمڕۆ سێشەممە ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران کۆتایی پێدێت‌و هیچ دەقێکی یاسایی‌و دەستووریی نییەو تەنانەت لە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران‌و خودی ئەنجومەنی نوێنەرانیش نییە ماوەکەی درێژبکاتەوە، یان داوای ئەنجامدانی هیچ دانیشتنێکی ئاسایی‌و نائاسایی بکات.

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوە لە دەسەڵاتی دادگای فیدراڵیدایە، کە ماوەکە درێژبکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆشایی دەستووریی دروستنەبێت، چونکە ئەگەر پەرلەمان شەرعیەتی نەمێنێت، ئەوکاتە حکومەتیش شەرعیەتی نامێنێت‌و بەتەواوەتی بۆشایی دەستووریی‌و ئیداریی دروستدەبێت، بۆیە جێی خۆیەتی دادگای فیدراڵی بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەکە بدات‌و لەبەر پێویستی دۆخەکە، چونکە هیچ دەقێکی دەستووریی نییە رێگریی لە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی نوێنەران بکات چەند پێویستە ئەوەندە ماوەکە درێژبکاتەوە».

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش، ئێستا هەوڵێک لە ئارادایە لەنێوان کوتلەکاندا، بۆئەوەی ماوەی پەرلەمان لانیکەم تا (٢٠١٠/٤/٢٢) درێژبکرێتەوە، بەوپێیە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە تا (٢٠٠٦/٤/٢٢)و پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، ئەنجومەنی نوێنەران هیچ دانیشتنێکی ئەنجامنەداوە.

بە وتەی سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو: «لەدوایین فەسڵی تەشریعیدا، گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کراو دواتر بڕیارەکە درایە دەست دادگای فیدراڵیی، چونکە ئەوان دەتوانن نەهێڵن ئەو بۆشاییە دەستوورییە دروستبێت، بۆیە ئەمڕۆ دوا مۆڵەتە بۆ ئەوەی دادگا ئەو بڕیارە دەربکات، بە رەچاوکردنی ئەوەی، کە کەی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو فریای ئەنجامدانی دانیشتن دەکەوێت».

لەلایەکی دیکەوە تاریق حەرب، پسپۆڕی یاسایی‌و دەستووریی عێراقی، بە رۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدای راگەیاندووە: بە کۆتاییهاتنی دەوامی رەسمیی، رۆژی سێشەممە کۆتایی بە خولی ئەنجومەنی نوێنەران دێت‌و ئەندامانی پەرلەمانیش حەسانەیان لەسەر هەڵدەگیرێت‌و سوودمەند دەبن لە مووچەی خانەنشینی‌و پاسپۆرتی دیبلۆماسی‌و پاسەوانی تایبەتی.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٠٠٩/٢٩)، لە ٢٠٠٩/٥/١٣ی ئەنجومەنی فیدراڵی، کە لەسەر یاداشتێکی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (٥/٣) ئاراستەی کردوون، دەریکردووە سەبارەت بە کۆتاییهاتنی ماوەی شەرعیەتی ئەنجومەنی نوێنەران، دادگا ئەوەی روونکردووەتەوە بەپێی بڕگەی (١) لە مادەی ٥٦ی دەستوور، خولی ئەنجومەنی نوێنەران یەک ساڵی رۆژژمێرییە (٣٦٥رۆژ)ەو بەوپێیە ئەنجومەن لە (٢٠٠٦/٣/١٦) بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە، لەبەرئەوە رۆژی (٢٠١٠/٣/١٥) کۆتایی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانەو دەبێت لە (٢٠١٠/١/٣٠)، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامبدرێت.

## ـــــۆمەڵی ئیسلامیی:
# ـــــە دەنگدان

خاوەنی کەسایەتییەکی چاوترساوو ژێردەستو کۆیلەئاسا بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەنجامە بەراییەکان بۆ لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن مژدەبەخشن بە گشتییو بەلایەنی کەمەوە نزیکەی (٢٢) کورسی لە لیستی هاوپەیمانیی بۆ ئێمە هاتووە، سەبارەت بە لیستی کۆمەڵی ئیسلامییش دەنگێکی باشی بەدەستهێناوە، لە هەندێک شوێن یەکەم بووینو لە زۆر شوێن دووەم، بەوپێیە بێت لیستی کۆمەڵ بە تەنیا بە ئەندازەی دەنگەکانی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیی هێناوە، کە لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەمموز ئەنجامدرا.

**رۆژنامە: هاوپەیوەند بە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە، ئەگەر جۆرێک لە تەحەفوزتان هەیە، لەسەر ئەنجامی کام پارێزگایەیە؟**

* لـــە پـــارێـــزگـــای هـــەولـــێـــر ساختەکارییەکی زۆر کرا، هەرچەندە توانیمان بەر بە هەندێک لە هەوڵەکان بگرین، بـەڵام لەوانەیە بەشی یەک کورسی ساختەکاریی کرابێت، لە شارۆچکەی کۆیە هەندێک بنکە لەدەست دەرچوونو نوێنەرەکانمان کراونەتە دەرەوە، لــە ســنــووری پارێزگای سلێمانیش نزیکەی (٨٠) سکاڵامان لەسەر چەند حاڵەتێک تۆمارکردووە .

**رۆژنـــامـــە: پێتانوایە ئەو بەرەی ئۆپۆزسیۆنەی لەهەرێمدا هەیە، بەشێوەیەک فراوانبووە، کە لە بەغدا بۆچوونی ئەو بەرەیە کاریگەر دەبێت لەسەر بڕیاری دەستەجەمعی گرووپی کـــوردیو دەتوانێت شتێکی نوێ لە پەرلەمانی عێراق نیشانبدات؟**

* بێگومان لـــەمـــەودوا بڕیاری سیاسیی کـــوردی تاپۆ نییە لەسەر دوولایـــەن، بەڵکو بە ناچاریی دەبێت گـــوێ بـــۆ رای لیستەکانی دیکەش بگرن، چونکە لایەنە عێراقییەکانیش بەوشێوەی پێشوو رەنگە مامەڵە لەگەڵ ئەو دوولایەنەدا نەکەن، بۆیە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ریزەکانی خۆی رێکتربخاتو بە بەرنامەیەکی باش ئیش بکات، لە بەغدا دەتوانێت کاریگەریی زۆر دروست بکات.

**رۆژنـــامـــە: لـــەبـــەر رۆشـــنـــایـــی ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بڕوات وایـــە چـەمکی «دوو زلحیزبەکە» لەهەرێمدا کۆتاییهاتووە؟**

* ئـــەو دوو حیزبە تائێستاش گوزارشت لە بیروڕای چینێکی فراوانی کۆمەڵگەی کـــوردی دەکـــەنو دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە رێزیان لێبگیرێت، بەڵام بێگومان ئاستی جەماوەرییان روو لە کەمبوونە، چونکە ترسو تۆقاندنو ساختەکاریی چەکی دەستی ئەو هێزانەیە، کە لە داهاتووی خۆیان دەترسن، ئاخر رۆژێک دێت ئەو چەکە بـــاوی نامێنێتو میللەت هیممەتێک دەکاتو گۆڕانکارییەکی ریشەیی دێتە ئاراوە.

ئەو دوو حیزبە ئەگەر پرۆسەیەکی چاکسازیی ئازایانە دەستپێبکەن لە ژیانی ناوخۆی حیزبییانو خۆیان بگونجێنن لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵک لـــەم ســـەردەمـــەدا، ئـــەوا دەتـــوانـــن تا ماوەیەکی دیکەش درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، ئەگەر نا بە بەراوردێکی سەرپێیی هێڵی هەڵکشانو داکشانیان بۆمان دەردەکـــەوێـــت، ئـــەوان لە (٥٠ بە ٥٠)کەیان هاتوونەتە سەر چەند؟ خولێکی دیکەی هەڵبژاردن هاوکێشەکان زیاتریش دەگۆڕێن.

---

لە سێ دیداری جیاوازدا، لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم (گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی)، دوایین بۆچوونی خۆیان لەمەڕ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەخەنەڕوو.

بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەنجامە بەراییەکان وەک موژدەبەخش بۆ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبینێتو لەبارەی پرۆسەکەشەوە دەڵێت: «بەداخەوە دەنگدەر ئازاد نەبووە لە دەنگدان، هەڕەشەی نانبڕین، گواستنەوە دەرکردنو چاوسوورکردنەوە هەبووە هەروەک هاوڵاتییانیش نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان ئەو لایەنە هەڵبژێرن کە دەیانەوێت»، هەرچی لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیشە، پێیوایە، پرۆسەکە وردەکارییو رێگریی زیاتری تێدابوو بۆ ئەنجامدانی ساختەکارییو گومانیشی لە رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک هەیەو وتی: «نزیکەی (١٥٪) بۆ (٢٠٪)ی ئەو رێژەیە جێگەی گومانەو سرووشتی نییە»، سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕانیش ئاماژە بەوە دەکات، ئەو پرۆسەیەی تێپەڕی، پرۆسەیەکی نا بەرامبەرو بەگشتیی ناعەدالەتییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرا.

رۆژنامە، هەوڵی زۆریدا کە لە دوو دیداری جیاوازدا، بۆچوونی بەرپرسو لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیو یەکێتی (لیستی هاوپەیمانیی) وەربگرێت، بەڵام بەبێ وەڵام بوون!

**ئامادەکردنی دۆسیە: دلێر عەبدولخالق**

## لێپرسراوی دامەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان:
# لە کەرکوک، شەڕمان پێفرۆشراوە



ئارام شێخ محەمەد

**رۆژنامە: بۆچوونی ئێوە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق چۆنە؟**

* دامـــەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان پێیوایە، ئـــەو پـــرۆســـەیـــەی تێپەڕی، پرۆسەیەکی نابەرامبەر بوو کە بەگشتیی ناعەدالەتییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرا، بەتایبەت بۆئێمە لەپێش بانگەشەی هەڵبژاردنو لە دەستپێکی بانگەشەکەو تا کۆتایی بانگەشەو رۆژی دەنگدانیش، هێرشی بەردەوامی لیستی رکابەرمان لەسەر بووە.

فـــشـــاری زۆر لـــەســـەر لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان هەبووە، کە خۆی لە ترساندنی خەڵکو چاوسوورکردنەوەو رێگەنەدان بەوەی کە خەڵک بە ئازادانە لایەنی خۆی هەڵبژێرێت. پرۆسەیەک بۆ ناوچەیەک کە دیموکراسییەتی تێیدا سەقامگیر نەبێت، حکومەت لە حیزب جیا نەکرابێتەوەو دامـــەزراوە دەوڵەتییەکان بـــەقـــازانـــجـــی حـــیـــزبـــی دەســـــەڵاتـــدار بەکاربهێنرێنو ترساندن، تۆقاندن، نانبڕینو دەرکـــردن هەبێت، قسە لە تەندروستیی پرۆسەکە نابەجێیە.

**رۆژنامە: هەڵوێستتان لەسەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چۆنە؟ بەتایبەت کە لە سنووری سلێمانیو دەوروبەری، لە داڕشتنەوەی پێکهاتەی کۆمسیۆنو سەرپەرشتیاری بنکەکانی دەنگداندا، لایەنگریی حیزبی لەبەرچاو گیراوە؟**

* لەگەڵ کۆمسیۆن، ئیشکالیەتی زۆرمان هەبووەو هەیە، هەر لەسەرەتاوەو لەناووەوەی هـەرێم، کۆمسیۆن کۆمەڵێک ئیجرائاتیان دەرکـــرد بۆ رێگەگرتن لە تەزویرو ساختەکاریی، بەڵام بەداخەوە خۆیان جێبەجێیان نەکرد. کۆمسیۆن بەپێی پێویست وەڵامی ئەو سکاڵایانەی نادایەوەو کە لەکاتی خۆیدا پێشکەشمان کردوون، کۆمسیۆن وادەکات پرۆسەی هەڵبژاردن بەگرانیی لەسەر لایەنەکان بکەوێت، بەشێوەیەک کتوپڕ بڕیارو ئیجرائاتی نوێ دەردەکات، وەک ئەوەی لەدەنگدانی تایبەتداو ئـەوانـەی ناویان لەتۆماری دەنـگـدەرانـدا نییە، سجلی ئەوانەشی فریانەکەوتوون ناوی خۆیان تۆماربکەن، سەیردەکەیت، رۆژێک پێش هەڵبژاردنەکە بڕیارێک دەردەکـەن کە تێدا ماف بەهەر کەسێک دەدات کە ناویشی نەبێت، بچێت دەنگ بدات، لە رۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا لەپڕ بڕیارێک دەردەکـەن کە بڕیارەکان دەتوانن لە نزیکەوە چاودێریی بەرپرسی تەعریف بکەن. هاوکات گۆڕانکاریی لەپێکهاتەی کۆمسیۆن بەقازانجی حیزبی دەسەڵاتدارو دامەزراندنەوەی فەرمانبەری پرۆسەی دەنگدان بەشێوەیەکی ناشەفاف، کـاریـگـەریـی راســتــەوخــۆی لەسەر ساختەکاریی ناو پرۆسەکە هەبووە.

**رۆژنامە: لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەوادارانی ئێوەو لیستی رکابەر، هەمیشە لەشەقامەکان بەرامبەر یەکتر وەستابوونو ئەنجامەکەشی زۆرجار پێکهەڵپڕژانو حاڵەتی نائاسایی لێکەوتووەتەوە، بەگشتیی پێتانوایە، کەمپەینێکی سەرکەوتووتان بەڕێوەبردووە؟**

* ئـــەوەی پەیوەندیی بە بانگەشەی لیستەکەو کـــانـــدیـــدەکـــانـــەوە هـەیە، بـــزووتـــنـــەوەی گـــــۆڕان، تەنیا (٢٥٠٠) پۆستەری بۆ کاندیدەکان چاپکردووەو ئەوەی دیکە کاندیدەکان لەسەر حیسابی خۆیان کردوویانە، جگەلەوەی لای ئێمە گرفتی کەمیی ئامرازەکانی راگەیاندن هـــەبـــووە، بـــە بـــەراوردیـــش بـــە لیستی دەســـەڵات، ئەوان ســـەروەتو سامانێکی زۆریان لەبەردەستدا بووەو لەو ماوەیەدا بەکاریانهێناوە، بـــەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشداو بەهۆی حەماسەتی هەوادارانی گۆڕانەوە، کەمپەینێکی سەرکەتوومان بەڕێوەبردووەو لەو چوارچێوەیەشدا هەوادارانی ئێمە لێیاندراوە، بریندارکراون، تەقەیان لێکراوە، رفێنراون، بە موئامەرە شتیان بۆ دروستکردوونو گرتوویانن، بێئەوەی چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە، یان بڕیاری دادوەر بکرێت، خراونەتە زیندانو بۆ ئاسایشی گشتیی راپێچکراون، هاوکاتیش ئـــەو لیژنە ئەمنییانەی لە پارێزگاکان دروستکرابوون، کەمترین هەماهەنگییان لەگەڵ ئێمە هەبووە، بەو هۆیەش ژمـــارەیـــەکـــی زۆر سکاڵامان تۆمارکردووە.

**رۆژنـــامـــە: بەگشتیی، چۆن لە ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکە دەڕوانن؟ لەسەر ئەنجامی پارێزگای کەرکوکیش کە خاڵی چاوەڕواننەکراوی گۆڕان بووە، راتان چۆنە؟**

* تێبینیی زۆرمان لەسەر ئەنجامەکان هەیە، لەدهۆک دەنگەکان فڕێدرابوونە سەر جـــادەو شەقامەکان، لە کەرکوک بریکارەکانی ئێمە کراونەتە دەرەوە، هەوڵدراوە بریکارەکانمان بکڕدرێن، رەنگە کەسێک بڵێت، چۆن کەسێک باجەکەی دەفرۆشێت؟، بەڵام حەقە ئەوەش بوترێت کە تۆ بۆ دەتەوێت خەڵک بکڕیت، ئەگەر مەبەستت ساختەکاریی نییە!لەهەڵبژاردنێک کە بریکاری لایەنەکان بکەیتە دەرەوەو چاوسوورکردنەوە هەبێتو دەستکاری دەنگەکان بکرێت، چۆن باس لەئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بکەیت؟

ئــــەگـــــەر ئـــەنـــجـــامـــی کـــەرکـــوک چـــاوەڕوانـــنـــەکـــراوبـــێـــت، ئـــەو زوڵـــمو زۆرەی بـــەرامـــبـــەر گـــۆڕانـــیـــش کـــرا چاوەڕواننەکراو بوو، ئەو تەزویرەی کرا چاوەڕواننەکراوبووە، ئەمە پاساو نییە بۆ ئەنجامەکە، بەڵام پرۆسەی ناسرووشتی، ئەنجامی ناسرووشتی دەبێت، خەڵکی ئێمە کراوەتە دەرەوەی بنکەکانو هەڕەشەیان لێکردوون، بریکارمان هەبووە لەنێوان پردێو دبسدا ئەگەر لە رۆژی هەڵبژاردندا خەڵکامان بەهانایەوە نەناردایە، دەیانڕفاند. واتە لە کەرکوک لە پرۆسەیەکی ئاشتییانەدا نەبووین، بەڵکو لە پرۆسەی شەڕی ئاشکرادابووینو بەئاشکرا شەڕمان پێفرۆشراوە! ئەم حاڵەتانە بە بەڵگەو سکاڵا، دراونەتە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەکەرکوکو بیریشمان نەچێت، کە ئیدارەی مەحەلی کەرکوک بەهێزە ئەمنییەکانیشەوە بێلایەن نەبوون، پرۆسەکەیان بەقازانجی لایەنێک بەڕێوەبردووە.

**رۆژنامە: پێتانوایە، کاریگەریی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم (گۆڕان، کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامیی) کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان (٢٠) کورسیی پەرلەمانیان مسۆگەرکردووە، چی دەبێت لە ناوەندی بڕیاردانی عێراق (بەغدا)؟**

* بەپێی پێشبینییەکانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، رەنگە یەکێک لە لیستەکان، ئەوەندە دەنگ بهێنێت کە تەنیا پێویستی بەقەوارەیەکی بچووک دەبێت، بۆئەوەی حکومەتی لەگەڵ دروستبکات، ئەمە ئەگەر ئەو لایەنە نەیەوێت کابینەکەی بنکە فـــراوان بێت، هەربۆیە کوتلەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی ئایندەی عێراقدا گـــەورەو کاریگەریی دەبێتو رەنگێکی تـــازە بەخۆیەوە دەگـــرێـــت، هاوکاتیش گرووپە سیاسییەکانیش بنەما مەزهەبییو تایفییەکان تێدەپەڕێنو گۆڕانێک دروستدەبێت لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا. گرووپی گۆڕانیش بەم گۆڕانەوە دەچێتە ئەو پەرلەمانە کە جۆرێکی جیاواز ململانێی سیاسیی بەخۆیەوە دەبینێت.

جگەلەوەی کە تێکچوونی هاوسەنگیی دوو هێزەکەی هەرێم لە(٢٥)ی تەممووزەوە درێـــژەی هەیەو ئێستا یەکێک لەو دوو هـــێـــزە، یەکەمی هـــەرێـــمو پێنجەم یان شەشەمی ئاستی عێراقە، بەشێوەیەک رەنگە ئەو جێگەو پێگە حیزبییەی نەکاتە قوربانیی هاوپەیمانێتی لەهەرێمداو ئەمەش دەرئەنجامی دیکەی لێبکەوێتەوە.

---



مەم بورهان قانع

# کوردو گوتاری هاوبەش

لەچەند رۆژی رابردوودا عیماد ئەحمەد، لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی، بە دووری نەزانی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ «گـــۆڕان»داو بۆ یەکدەنگیی کورد لە بەغدا، وتووێژبکات.

ئەم لێدوانەی عیماد ئەحمەد، کە یەکێکە لە بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیو ئەگەر هەنگاوی جدیی بۆ بنرێت، خزمەتی پرسە ئاڵۆزەکانی نێوان «گـۆڕان»و «یەکێتی» دەکاتو کاریگەریشی بەسەر یەکدەنگیی کوردەوە لە بەغدا دەبێت.

هەرکەسێک هەست بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانییو نەتەوەیی بکاتو لە خەمی یەکدەنگیی کورددا بێت لە بەغدا، ئەوە بەس نییە بەم نەغمەیە گوتارو لێدوانەکانی ئاراستەبکات، بەڵکو پێویستە کارو کردەوەکانیشی لەگەڵ ئەم نەغمە سیاسییە تەندروستەدا یەکبخاتو هەوڵی ئاساییکردنەوەی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغدا (بەتایبەتی یەکێتییو گۆڕان) بدات، بەمەش رووبەڕووی چەند بەرپرسیارێتییەک دەبینەوە (کە بەشی هەرە زۆری ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆی یەکێتیدایە).

رۆژێک دوای دزەکردنی هەندێک زانیاریی سەبارەت بە ئەنجامی کورسیی بەدەستهاتووی لیستە جیاجیاکانی بەشداربووی پەرلەمانی عێراق، تاریق هاشمی (دواتریش چەندین بەرپرسی دیکە)، باسیان لە زەرورەتی پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق بۆ عەرەب کرد، پاساوی ئەوەشیان بەوە دەهێنایەوە، کە گوایە عێراق وڵاتێکی عەرەبییەو بوونی سەرۆک کۆمارێکی عەرەب پەیوەندییەکانی عێراقو عەرەب بەهێزدەکات، هاوکات کوردیش لە عێراقی نوێدا پێگەی بەرەو لاوازبوون دەچێت (وەک ئەوەی دیموکراسی بە مانای پێشێلکردنی مافی کەمینە بێت!)..هتد.

بێگومان بە بڕوای شەخسیی خۆم، وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار لە عێراقدا بۆ کورد (کە ئەمجارە بەگوێرەی دەستووری عێراق دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی چوارساڵی رابردوو لە شەخسی سەرۆک کۆماردا کورتدەکرێنەوە، بەڵام دەسەڵاتی ڤیتۆی نابێت)، یەکێکە لە بەرپرسیارێتییەکانمانو یەکێکیش دەبێت لە پرسە گەرمەکانی مشتومڕی پشت پەردەی هاوپەیمانیی کوردستانو لیستو قەوارەو پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق، ناشکرێت لە مەسەلەیەکی وەهادا رۆڵی لیستەکانی دیکەی کورد (ئەوانەی لە دەرەوەی هاوپەیمانیی کوردستانن و بەدوور نازانرێت لانیکەمی یەک لەسەر سێی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا ببەنەوە) نادیدەبکرێت، وەک لەچەند رۆژی رابـردوودا هەندێک ئاماژەی وەها لەسەردانەکانی عەللاویو عەبدولمەهدیو چەندینی دیکەدا هەستیپێکرا.

ئەم گفتوگۆ سیاسییە پێشوەختانەی سەرکردایەتی لیستەکان، لەکاتێکدایە بەدوور دەزانرێت پێگەی بەهێزی عەرەب (بەتایبەتی مالیکیو عەللاوی)، وابکات ئەمجارە سازش بۆ کورد بکەنو لەبەرنامەی سیاسیی چوارساڵی داهاتووی حکومەتەکەیاندا، مافە رەواکانی گەلەکەمان بەهەند وەربگرنو ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو بەندانەی دەستووری عێراقی نیشانبدەن (بەتایبەتی مادەی ١٤٠)، کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە هاوڵاتییانی کوردەوە هەیە لە عێراقدا، بۆیە کارکردنی چاوەڕوانکراوی عەللاویو مالیکی بەم نەغمەیە، بەشداریکردنی «لیستی گـــۆڕان»و دواتـــریـــش بەشداریکردنی هاوپەیمانیی کوردستان لە کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراقداو هاوکات بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمارو پۆستە گرنگەکانی دیکەش، دەکاتە ئەگەرێکی لاواز، بەمەش چوارساڵی داهاتوو، چوارساڵی پەراوێزخستنی کورد دەبێت لە عێراقدا.

بۆ ئەوەی کورد لەم گەمە دیبلۆماسییەدا سەرکەوتوو و یەکدەنگ بێت، پێویستمان بە رێکخستنەوەی ماڵی خۆمانە لە هەرێمو بەتایبەتیش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتییو گـــۆڕان (وەک چۆن عیماد ئەحمەد بەلایەوە ئاساییە بۆ یەکدەنگیی لە بەغدا بکەونە گفتوگۆوە)و بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجەش، بەرپرسیارێتیی «یەکێتی»یە هەوڵی بەپەلە بدات بۆ گێڕانەوەی تەواوی نانبڕاوەکانو قەرەبووکردنەوەیانو دواتریش پەسەندکردنی یاسای بودجەی هەرێمو رەچاوکردنی شەفافییەت تێیدا، لەگەڵ یاسای بودجەی پارتو پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمو دانانان بە «گۆڕان» وەک هێزێکی سەر گۆڕەپانی هەرێمو عێراقو..هتد.

هەر هەنگاوێکی لەمجۆرەش، خزمەتی یەکدەنگیی کـــورد لە بەغدا دەکـــاتو زەمینەسازییش دەکـــات بۆ باشکردنی ماڵی خۆمان لە هەرێمو دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروستو هاوبەرپرسیارێتیی لەنێوان دەســـەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا، بەپێچەوانەشەوە لە گەمە دیبلۆماسییەکانماندا لەگەڵ عەرەبدا لە عێراق بەرهەمێکی ئەوتۆ ناچنینەوە.

# هەڵبژاردنەکە لە دیدی ئۆپۆزسیۆنەوە

## لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو:

# (٢٠٪)ی دەنگەکانی هەولێرو دهۆک سرووشتی نین



بەشیر محەمەد

**ڕۆژنامە: بەگشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی (٣/٧) لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟**

* هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧) گرنگیی‌و بایەخی خۆی هەیە بۆ عێراق بەگشتی‌و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەعێراق نەخشەی سیاسیی لە تایفی‌و مەزهەبییەوە بۆ عێراقێکی نیشتمانیی‌و هاوڵاتیبوون دەبات، بۆ هەرێمیش لە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە حیزبییەکانەوە بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان‌و هاوڵاتییان ئاراستە دەکات.

**ڕۆژنامە: لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان پرۆسەکەتان چۆن بەڕێوەبردووەو دووچاری گرفتی لایەنەکانی دیکە هاتوون؟**

* بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی حیزب، لیژنەیەکی باڵامان پێکهێناو لە هەر پارێزگایەکیش لیژنەیەکمان هەبوو، لە چوارچێوەی ئیمکانیاتی مادیمان‌و بەپشتیوانیی خوای گەورەو پشت بەستن بە هێزو تواناو لێوەشاوەیی کادیرانمان، دەستمان بەهەڵمەتەکە کرد بەشێوەیەکی شارستانیانەو نوێکارانە بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن لە زاخۆوە تا کفری‌و دیالە، لەوپێناوەشدا ڕووبەڕووی چەندین پێشێلکاریی‌و توندوتیژیی بووینەتەوەو ژمارەیەکی زۆر سکاڵامان نووسی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

**ڕۆژنامە: بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی لاتانە، چۆن لە ئەنجامەکان دەڕوانن؟ ئایا لە هەموو پارێزگاکان کەشوهەوایەکی تەندروست هەبووە، کە ڕێگریی نەکرێت لەبەردەم خەڵک بۆ دەنگدانی ئازادانە بە لیست‌و قەوارەکان؟**

* بەشێوەیەکی گشتیی ئەم پرۆسەیە جیاوازبوو لە هەڵبژاردنی پێشوو، وردەکاریی‌و ڕێگریی زیاتری تێدابوو بۆ ئەنجامدانی ساختەکاریی، ئێمە سەرنج‌و تێبینی خۆمان هەیە لەسەر کارەکانی کۆمسیۆن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی پرۆسەکە ئیجابی بوو، ئەو ئەنجامە بەراییانەی، کە لامانە لەگەڵ نووسینی چەند سکاڵایەک، کە لە بنکەکاندا تۆمارکراون، چاوەڕێی ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانین، لەگەڵ بەدیکردنی بوونی ئیرادەی بەکارهێنانی فشارو ساختەکاریش لەکاتی دەنگداندا، تا ئەندازەیەکی باش ئازادیی بەدی دەکرا، بۆ یەکگرتووش گەورەبوون‌و بەجەماوەریبوونی زیاترو هەڵکشانی پڕۆژەی ئیسلامیی میانڕەو و مەدەنیانەی زیاتر بەرجەستەکرد،

**ڕۆژنامە: جۆرێک لە تەحەفوزتان هەیە لەسەر ئەنجامی پارێزگاکان؟ بەتایبەت دەنگەکانی ئێوە لە پارێزگای دهۆک چاوەڕوانکراو بوو؟**

* بەرزی ڕێژەی بەشداربووانی پارێزگاکانی دهۆک‌و هەولێر جێگەی تێبینییە، چونکە بەپلەی یەکەم‌و دووەم بووە لە سەرتاسەری عێراقدا ئەو ڕێژەیە تۆمارکراوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمەش دەتوانین بڵێین؛ نزیکەی ١٥٪ بۆ ٢٠٪ی ئەو ڕێژەیە جێگەی گومانەو سرووشتی نییە، ئەوەی کراویشە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کورسییەکە، کە زەرەرمەندی سەرەکیی ئێمەو لیستە هاوشێوەکانی وەک ئێمەن.

**ڕۆژنامە: هۆکاری ئەو یاداشتە بۆچی دەگەڕێتەوە، کە لە سلێمانی لەگەڵ گۆڕان‌و کۆمەڵی ئیسلامیی سەبارەت بە دەنگدانی تایبەت پێشکەشی کۆمسیۆنتان کرد؟**

* دەنگدانی تایبەت واتای تایبەتبوونی پرۆسەکە دەگەیەنێت، لەوانە توێژێکی دیاریکراوو ڕێکخراوی سەر بەحیزبی دەسەڵات‌و کار بۆ بەرژەوەندیی حیزبێکی دیاریکراو دەکەن، ئەوەش وایکردووە کە چەند خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێت، بەتایبەت لە بێلایەن نەبوونی هێزەکانی ئاسایش‌و زێرەڤانی‌و پۆلیس‌و یەکنەگرتنەوەی ئەو دامودەزگایانە، هەربۆیە فشاری زۆریان لەسەر بووە، ئەوەش جێگەی نیگەرانیی ئێمەیە، کە ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵگە خاوەن ئیرادەی ئازادانەی خۆیان نەبن‌و بەویست‌و ئیرادەی خۆیان دەنگ نەدەن، لەبەرئەوە ئێمەو لیستی گۆڕان‌و کۆمەڵیش مافی خۆمانە لە نزیکەوە ئاگاداری بەڕێوەچوونی پرۆسەکەبین.

**ڕۆژنامە: چۆن لە ئەنجامەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم دەڕوانن لەم هەڵبژاردنەدا، پێتانوایە ئەو بەرەیە دەتوانێت لە بەغدا کاریگەریی لەسەر بڕیاری دەستەجەمعی گرووپی کوردی هەبێت‌و شتێکی نوێ لەبارەی کوردەوە پێشکەش بەپەرلەمانی عێراق بکات؟**

* ئۆپۆزسیۆن بووەتە بەرەیەکی کاریگەر، هەرچەندە خۆیان لەبەرەیەکدا ڕانەگەیاندووە، بەڵام هەریەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەوپێیەی لەبەرەی داکۆکیکردن لە مافەکانی هاوڵاتییاندان، ئەگەر بمانەوێت کوتلە کوردییەکانی ئەمجارە لە بەغدا خاوەنی دەسەڵات‌و هێزی کاریگەربن، دەبێت لە کوردستاندا پێگەی خۆیان بەهێزبکەن‌و چوارچێوەیەک بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان دیاریبکەن، لێرەوە بگەنە بڕیاری گونجاو بۆ پاراستنی یەکهەڵوێستی، چونکە ئەگەر وانەکەن دەنگەکانیان لەبەغدا زۆر کاریگەر نابێت.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی ئێستا لەهەرێمدا چەند هێزێکی جیاواز هەیە، کە هەموویان بەسەریەکەوە گوزارشت لە شەقامی کوردی دەکەن، پێتانوایە چەمکی «دوو زلحیزبەکە» کۆتاییهاتووە؟**

* ئەو بارودۆخەی دوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥) هاتە ئاراوە، دەسەڵاتی ڕەهای دوو حیزبی کەمکردەوەو لە تاووتوێی بودجەدا بە زەقی ئەو حاڵەتە دەرکەوت، کە چەندە هەیمەنەی هەردووحیزب بەسەر بودجەو قووتی هاوڵاتییاندا زاڵبووە، بەدڵنیاییەوە لەمەودوا وەک ڕابردوو نابێت، لەلایەکی دیکەیشەوە کەمتەرخەمیی هەردوو حیزبی دەسەڵات لەوەدا زەق دەبێتەوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە نەریتی حیزبی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیان پەیڕەو نەکرد، کە ئەگەری ئەوە هەبوایە دووچاری شەڕی ناوخۆو ئاسەوارە خراپەکانی دووئیدارەیی‌و یاریکردن بەداهاتی هەرێم لەڕابردوودا نەدەبووینەوە، بەڵکو ئێستا لەڕووی سیاسییەوە زۆر لە پێشترو لەڕووی ئیداریشەوە شارەزایی‌و پاکیی‌و دوور لە گەندەڵیی‌و ئاوەدانکردنەوەش زیاتر دەبوو، ئەزموونی دووحیزبی دەسەڵاتدارو لەویشەوە دووئیدارەیی‌و دووبڕیاری‌و دووهەڵوێستی دەرکەوت، کە نەک هەر خزمەتی بە گەلی کورد نەکرد، بەڵکو لەڕووی سیاسییەوە خزمەتی بە خۆیشیان نەکرد، کەواتە بۆ داهاتوو با بەیەکەوە نەریتی سیاسیی وڵاتانی پیشکەوتوو پەیڕەو بکەین، کە نەریتی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات‌و مامەڵەیەکی تەندروستە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

**ئۆپۆزسیۆن بووەتە بەرەیەکی کاریگەر**

## لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی ک

# دەنگدەر ئازادنەبوو لـ



زانا ڕۆستایی

**ڕۆژنامە: کۆمەڵی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی (٣/٧) چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**

* هەڵبژاردنی (٣/٧) بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، بە ئیجابیی هەڵدەسەنگێنین‌و پێمانوایە هەنگاوێکی باش بوو، کۆمسیۆنیش ڕێوشوێنی نوێی گرتبووەبەرو ڕۆڵی نوێنەرانی کیانە سیاسییەکان کاراتر بوو، بەشێوەیەک ڕکابەریی ڕاستەقینە لەنێوان لیستەکاندا هەبوو، بەڵام بێگومان کەموکووڕیی زۆریش لە پرۆسەکەدا هەبوو .

**ڕۆژنامە: ئەو گرفتانە چی بوون لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کە هاتووەتە ڕێتان، لەو ماوەیەدا پێشێلکاریتان بەرامبەر کراوەو سکاڵاتان تۆمارکردووە؟**

* بانگەشەی هەڵبژاردن ماوەی (٢٢) ڕۆژی خایاند، ئێمە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک‌و موسڵ کاندیدمان هەبووە، بەپلانێکی ئامادەکراو زیاتر بانگەشەکەمان لە هەولێرو سلێمانی چڕکردەوە لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنمانەوە، لەو ماوەیەدا دووچاری گرفت بووین، لەوانە دەستدرێژیکردنە سەر بڵاوکراوەکانمان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، تیمەکانمان ڕووبەڕووی هەڕەشەو گوشار بوونەوەو لەهەندێک شوێن لێدان، گرتن، ترساندن، تەقەکردن لە کەژاوەی ئوتومبێلەکان‌و شتی دیکەش هەبوو، بەو هۆیەشەوە زیاد لە (١٠٠) سکاڵامان لە دژی ئەو لایەنانە تۆمارکرد کە گومانمان لێیان هەبوو.

**ڕۆژنامە: چۆن لە ئەنجامە بەراییەکان دەڕوانن؟ ئایا لە هەموو پارێزگاکان کەشوهەوایەکی تەندروست هەبووە، کە ڕێگریی نەکرێت لەبەردەم خەڵک بۆئەوەی ئازادانە دەنگ بە لیست‌و قەوارەکان بدەن؟**

* بەداخەوە دەنگدەر ئازاد نەبووە لە دەنگدان، هەڕەشەی نانبڕین‌و گواستنەوەو دەرکردن‌و چاوسوورکردنەوە هەبووە، هاوڵاتییان نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان ئەو لایەنە هەڵبژێرن کە دەیانەوێت، بەڵکو ناچارکراون کە لیستێک هەڵبژێرن‌و لەناو ئەو لیستەشدا کاندیدێک هەڵبژێرن، کە نازانن کێیە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی خەڵک ناچارکراوە خۆی بە نەخوێندەوار پیشانبدات‌و کادیرێکی حیزبیی لەگەڵی بچێت دەنگی بۆ بدات، چونکە متمانەیان پێی نەبووە، خەڵک هەبووە شاهێدی لەخۆی گرتووە لەکاتی دەنگدانی تاوەکو تۆمەتی بۆ دروستنەکرێت، ئەمە جگە لە ئامادەبوونی بەرپرسانی حیزبی‌و سەربازیی هەندێک لایەن لە ناوەوەو لە دەوروبەری بنکەکانی دەنگدان بۆ چاوسوورکردنەوەو گوشار دروستکردن لەسەر دەنگدەران.

سیاسەتی ترس‌و تۆقاندن، کە سیاسەتێکی فیرعەونییە لە هەرێمدا باوی ماوەو لە ئەنجامیشدا پەروەردەیەکی ناتەندروستی تاکی کوردی دێنێتە ئاراوە، کە

## ...ـەورەی لەسەر دەكرێت

هەبوو لە هەڵبژاردنی پێشوودا، ئەگەر ئێستاش (٥) کورسی هەبێت، ئەم (٥) ەش یەکسان نییە بە(٥)ەکەی جاران، بەڵکو کەمترە، هەروەکو هاوپەیمانیی ٥٣ەکەی جارانی لە (٢٧٥)دایە، ئەگەر (٥٣)کەی ئێستاشی هەبێت لە (٣٢٥) دایە، ئەوە مانای وایە لە ژمارەی کورسییەکان کە زیاددەکات لەسەر ڕێژەی سەدی ئەم (٥)ەی ئێستا، (٥) ەکەی جاران نییە، بەڵام ژمارەی دەنگەکان زیادیکردووە، ئەو ژمارەی دەنگانەش کە زیاد دەکات، ئەویش لە ڕێی دەنگدانێکی هەر زیادکردنێکی ئاساییە، چونکە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە(٢٠٠٥)دا تا (٢٠١٠)، ئێستا (١٩) ملیۆن کەس مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)دا (١٤)ملیۆن کەس مافی دەنگدانی هەبووەو ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ئامارەکانی کۆمسیۆن، کەواتە دەنگدەر (٥)ملیۆن زیادیکردووە لەسەرتاسەری عێراقدا، کە ئەو (٥)ملیۆنە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە بە ڕادەی نزیک بە چەند سەد هەزار دەنگێک، کەواتە تۆ جارێکی دیکە لەنێو ئەو چەند سەد هەزار دەنگە زیادکراوەی هەرێمی کوردستاندا چەندت زیادکردووە، دەڵێیت (١٠٠) هەزار، ئەوە بێگومان کەمە، لێرەوە دەتوانم بڵێم، بەشێوازێکی بیرکاریی ورد، ئیسلامییەکان لەئاستی خۆیاندا وەستاون، ئەوە زیادە لەدەنگەکان، بەڵام زیادی لەدەنگەکان، کورسی زیادی بۆ نەهێنێت، پێش نەکەوتووە، ئەگەر یەککگرتوو (٦)کورسی بهێنێت، یەکسانە بە (٥)ەکـەی جـاران بە شێوازێکی بیرکاری، چونکە (٥) لەسەر (٢٧٥) یەکسانە بە (٦) لەسەر (٣٢٥)، کەواتە (٦)ی پێویستە بۆ ئەوەی وەکو جاران بێت، ئەگەر (٧)ی هێنا دەتوانی بڵێیت پێشکەوتووە.

**ڕۆژنامە: هەر لەم هەڵبژاردنەدا، کۆمەڵێک لایەنی زۆری ناو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە ژمارەیان (١١)حیزبە، دەنگو کورسیی پێویستیان نەهێناوە، بە ڕای ئێوە، لێرەوە پێویستە ئەو پارتانە چی بکەن؟**

* لەم هەڵبژاردنەدا، دەرکەوت کە لە هاوپەیمانیی کوردستاندا (١٣)حیزب بەشدارییان کرد، تەنیا پاڵێوراوانی پارتی‌و یەکێتی دەنگیانهێناوە، کەواتە دەتوانین بڵێین، (١١)حیزب لە هاوپەیمانیدا وەکو سۆسیالیست‌و وەکو زەحمەتکێشان‌و وەکو باڵەکەی دیکەی زەحمەتکێشان‌و لەهەمان کاتدا بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و حیزبی شیوعی‌و پێکهاتەکانی دیکەی لەگەڵیدا بوون، دەنگیان هیچ نەهێناوە، بە مانایەکی دیکە، کورسییان بەدەست نەهێناوە، لێرەدا مەسەلەیەکی ئێجگارگرنگ هەیە کە دەبێت ئێمە فێری بین، ئەویش ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنانە فێرمان دەکەن، هەتا کوێ ئەم حیزبە پێویستە بەم شێوازە بەردەوام بێت، چۆن دەبێت حیزبێک تەمەنی (٢٠)ساڵو (٣٠)ساڵو تەنانەت (٧٠)ساڵیش بێت، نەتوانێت کورسییەک بەدەستبهێنێت، هەروەکو لە هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥یشدا نزیکەی (٧-٨) حیزبی چەپ نەیانتوانی تاقە کورسییەک بهێنن، بەشێوازێکی زۆرترین ماوە، یاخود باقی توانییان یەک کورسی بهێنن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، ئەم حیزبانەی کە دەنگ ناهێنن کە کورسی ناهێنن، هەقە بەخۆیاندا بچنەوە، ئەوانەی بەرنامەیان لەیەکترەوە نزیکە تێکەڵ بەیەکتر بن، چونکە لە سوودەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە ژمارەی حیزبەکان بەرە بەرە کەمبێتەوە، چونکە ناکرێت لە هەرێمی کوردستاندا ئەم هەموو حیزبە هەبێت‌و دەنگیش نەهێنن، کەواتە کێ جەماوەری ئەمانەیە، هەروەکو ئێستا دەبینین لەوڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا (٥)حیزب بەشداری دەکەن‌و چالاکن، لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا (٤)حیزب‌و لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا (٢)و ئەمریکاش (٢)حیزب، پێویستە وردەوردە ژمارەی ئەم حیزبانە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان کەم ببنەوە، ئەوانەی بیروبۆچوونیان لەیەکەوە نزیکە یەکبگرن، یان بچنە ناو حیزبە گەورەکان، بۆ ئەوەی دواجار ئێمە نزیکەی (٤-٥)کیانی فراوانمان بۆ بمێنێتەوە تاوەکو جەماوەریش دەنگەکانی پەرت نەبێت بەسەر ئەم حیزبە جۆراوجۆرانەی کە دەنگ ناهێنن‌و ناگاتە کورسی.

**ڕۆژنامە: پێتوایە، چارەنووسی ئەو پارتە بچووکانە چی لێدێت، یاخود پێویستە چی بکەن؟**

* یەکەم، دەبێت لە رووی فیکرییەوە یەکبخرێن، چونکە لەکوردستاندا حیزبەکان لە رووی فیکرییەوە لەیەکەوە نزیکن، یان هەڵگری یەک فیکرن‌و زۆر جیاواز نین، حیزبێکت هەیە سۆشیال دیموکراتەو دەبینیت دوانی دیکەش سۆشیال دیموکراتن، ناکرێت سێ سۆشیال دیموکرات لە سێ پارێزگادا هەبن، یەککگرتووت هەیە ئیسلامییەو کۆمەڵیش هەر ئیسلامییە، هەروەها بزووتنەوەش هەر ئیسلامییە، سێ ئیسلامی وەک یەک لە هەموو شتێکدا، ئەمە جەماوەر ناتوانێت جیاوازییان لەنێواندا بکات، سێ چوار حیزبت هەن باس لە دیموکراتیەت دەکەن، جگە لە پارتی دیموکرات، وەک بزووتنەوەی دیموکراتیخوازان‌و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان‌و چەند حیزبێکی دیکەش کە ئەمانە چییان جیاوازە لە پارتی، کەواتە بە ڕاستی جێی خۆیەتی کە دواجار لەسەر ئەو بنەما زانستییەی کە دانراوە بۆ کاری حیزبی لەئەوروپادا کە حیزب، یان دەبێت پارێزگار بێت، یان پێشکەوتنخوازە، یان لیبراڵ‌و کۆنخوازە، کەواتە لەم حاڵەتەدا بەپێی ئەو دەستوورەی کە لەعێراقدا هەیە، پێویستە حیزبەکان لە رووی فیکرییەوە خۆیان یەکلاییبکەنەوە.

**مەعقول نییە لە کوردستان سێ حیزبی سۆشیال دیموکرات و سێ ئیسلامیی و سێ دیموکراتی هەبن و کاتی ئەوە هاتووە یەکبخرێن**

# ئاوات محەمەد: لە کەرکوک بە میکانیزمی کارکردنماندا دەچینەوە

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا



ئاوات محەمەد

**ئاوات محەمەد، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای کەرکوک پێیوایە، لە بارودۆخێکی نائاساییدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک بەرێوەچووەو خەڵکی کەرکوک لەژێر فشاری جەنگێکی دەروونیدا دەنگیانداوە**
**هاوکات، هۆکاری بەدەستنەهێنانی دەنگی زۆری خەڵکی کەرکوک بۆ لیستی گۆڕان، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لیستی گۆڕان لە کەرکوک نەناسراو بووەو نەیتوانیوە وەکو لیستێکی بەهێز بچێتە پێشەوە».**

**ڕۆژنامە: فەلسەفەی بەشداریکردنی لیستی گۆڕان، چی بوو، ئایا سرووشتی پرۆسەکە چۆن بەرێوەچووو؟**

* ئێمە لەسەرەتاوە بڕوامان بەوە هەبوو، هەنگاونان بەرەو دیموکراسی لە کوردستان‌و کەرکوکدا پێویستی بە فرەدەنگیی‌و فرەلیستیی هەیە، لەسەرەتای دروستکردنی لیستی گۆڕانەوە، پێمانوابوو، ڕەنگە زەمانەت نەبێت بۆئەوەی هەموو خەڵکی کەرکوک دەنگ بە یەک لیست بدەن، بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، کە خەڵکی کەرکوک گلەییان لێی هەبوو، پێمانوابوو، خەڵکی کەرکوک پەراوێزی دەنگدانی خۆی فراوانتردەکات‌و دەنـگـدەدات بە لیستی دیکە، ئەمە ئەو فەلسەفەیە بوو کە ئێمە کارمان لەسەرکرد، ئێمە ئەو کاتەی لە کەرکوک لیستەکەمان ڕاگەیاند، داوامـان لە لیستە کوردییەکان، بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانیی کرد، بۆئەوەی دابنیشین‌و ڕێکبکەوین تا کەشوهەوای هەڵبژاردن لە کەرکوک بخولقێنین‌و خەڵک ئـازادانـە دەنگبدات، بـۆئـەوەی زۆرترین خەڵک دەنگبدات، بەڵام لیستی هاوپەیمانیی نەهات بەدەم داواکارییەکەمانەوە، لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا، وەزعی کەرکوک زۆر ناخۆش بـوو، خەڵکی کەرکوک بەو هێرشکردنە سەر یەکترو تەشهیرکردنەی لیستەکان نارەحەت بوون.

**ڕۆژنامە: ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایانکرد، گۆڕان نەتوانێت لە کەرکوک دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت؟**

* پێشووتر لیستی گۆڕان لە کەرکوک نەبووەو لیستێکی نەناسراوبووە، کۆمەڵێک ئەرکی قورسی لەسەرشان بووە، چووەتە واقیعێکی نـوێـوەو گـۆڕان لە یەککاتدا بەپەلەپروزە خەڵکی لە دەوری بەرنامەکەی کـۆکـردووەتـەوەو بەرنامەکەی بە خەڵک ناساندووە، لەهەمانکاتدا شەڕی ئیعلامی کردووەو ڕووبەڕووی ئەو فشارانە بووەتە کە لەسەری بـوون، جگەلەوەش گـۆڕان کۆمەڵێک گرفتی هەبووەو نەیتوانیوە وەکو لیستێکی بەهێز بچێتە پێشەوە، هەروەها کادیری بەهێزی نەبووە، گۆڕان لە کەرکوک هیچ هێزێکی نەبووە جگە لەو خەڵکە نوخبەیە نەبێت، بەڵام لەناو ئەو ئەرکە قورسانەداو لەچاو ئەو حیزبانەی دیکەدا کە (٣٠-٤٠) ساڵە لە کەرکوکن، گۆڕان یەک کورسیش بەدەستبهێنێت زۆرە.

**ڕۆژنامە: ئەو گوتارە نوێیەی ئێوە، تا چەند کاریگەری هەبوو لەسەر خەڵکی کەرکوک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا؟**

* ئێمە هیچ پێودانگێکمان نییە تا بزانین خەڵکی کەرکوک لە رووی مەسەلە سیاسییەکانەوە چۆن بیردەکەنەوە، ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە عەرەب‌و تورکمان پێشوازی لەو گوتارەی گۆڕان، کە گوتارێکی کرانەوەیە، دەکـەن، بەڵام بەرامبەر بەمە لیستەکانی دیکە بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانیی چ گوتارێکی هەبووە، ئایا گەڕاوەتەوە بۆ هەمان گوتاری قەومی، یان گوتارێک کە بریتیبوو لە چاندنی ترس‌و نیگەرانیی، بەوەی کە گۆڕان پاشەڕۆژی کەرکوک دەخاتە مەترسییەوەو سازش لەسەر کەرکوک دەکات، ئەم گوتارەی ئەوان میزاجی دەنگدەری گۆڕی، دەنگدەری خستە بـەردەم پرسیارێک کـە توانای وەڵامدانەوەی نەبێت، لەبەرئەوە زۆرینەی خەڵک مانەوەی واقیعەکەی وەکو خۆی پێ باشتربوو، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی کە درا بۆئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کەرکوکدا بکرێت، پێدەچێت هەمان دەموچاوەکانی پێشووتر دەربچنەوە.

**ڕۆژنـامـە: بوونی لیستی جیاواز ئەزموونێکی نوێ بوو لە کەرکوک، بە ڕای تۆ خەڵکی کەرکوک تاچەند ئازادبوو لە سوودوەرگرتن لەو ئەزموونە نوێیە؟**

* بەشێوەیەکی گشتیی، روون نییە کە خەڵکی کەرکوک دەنگی بە بەرنامە داوە، یان بە شەرعیەتی حیزب، یان دەنگی بە شەخس‌و میزاجی خۆی داوە، ئێمە لە لیستە کوردییەکان نەمانتوانی گرنگی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ خەڵکی کەرکوک ڕوونبکەینەوەو هۆشیاریی دەنگدانیان پێ ڕابگەیەنین، چونکە تا ئێستاش خەڵکی کەرکوک لەژێر ترس‌و ڕقدا دەژین، خەڵکی کەرکوک نەیدەتوانی بیربکاتەوە کە بۆچی دەنگدەدات، ترس لە کەرکوک، هەموو کاتێک ئامادەیی هەبووە، هەرچەندە ئێمە لە گۆڕان، هەوڵماندا ئەو ترسە نەهێڵین‌و لەجێی ئەو متمانەو بەرپرسیارێتی هاوبەش بێتە پێشەوە، ئێمە دەمانویست بە خەڵک بوترێت تۆ ئازادیت کێ هەڵدەبژێریت، نەک ئەمە نەکرا، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی کە تۆمەتی گەورەی دەستێکەڵکردن لەگەڵ شۆڤێنییەکان بدرێتە پاڵ لیستی گۆڕان.

**ڕۆژنامە: نەبوونی هەماهەنگی‌و بوونی ململانێی نێوان لیستە کوردییەکان، چ زیانێکی بە کورد گەیاند؟**

* ئـەم هـەڵـبـژاردنـە بـۆئـەوەبـوو کە خەڵک سوود لە پرۆسەیەکی دیموکراسی وەربگرن، ئەم پرۆسەیە لە کەرکوک ئاسایی بەرێوەنەچووو بە داخەوە، پێناچێت زۆرترین خەڵک دەنگیدابێت‌و بگرە بە دەیان هەزار دەنگی کورد فەوتاوەو بووەتە قوربانیی ململانێیەکی سیاسیی «تەشویهکردن»، کە لە قازانجی کەس نەبوو، ئێمە وەکو هێزە کوردییەکان، هەڵبژاردنەکەمان لە فەزای لەیەکتردابڕان بەرێکردو کورد دابەش بوو.

**ڕۆژنامە: بەڵگەی ئێوە چییە کە باس لە نەزیهنەبوونی هەڵبژاردن‌و تەزویرات دەکەن لە کەرکوک ؟**

* ئەوەی کە ئێمە لە کەرکوک تێبینیمان کردووە، ئەوەیە کە دوو ناوچە ساختەکاریی‌و تەزویراتی زۆری تێدا ئەنجامدراوە، یەکەم ناوچە عەرەبنشینەکان، کە عەرەبەکان دەستیان واڵابووە بۆ تەزویرات، هەروەها لە ناوچە کوردییەکان تەزویرات کراوەو هەوڵدراوە لە ڕێگەی تەزویراتەوە دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن.

**ڕۆژنـامـە: لە ڕوونکردنەوەیەکی لیستی گۆڕاندا لە کەرکوک، باس لە بێلایەننەبوونی کۆمسیۆن دەکەن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، بۆچی کۆمسیۆن بێلایەن نییە؟**

* ئێمە لەکاتی بەرێوەچوونی پرۆسەی هـەڵـبـژاردنـدا، کۆمسیۆنمان لە چەندین پێشێلکاریی ئاگاداركردووەتەوە، بۆ نموونە بەردەوامبوونی بانگەشە، کردنەدەرەوەی نوێنەری گۆڕان لە بنکەکان، بەهیچ شێوەیەک کۆمسیۆن گوێی لێ نەگرتووین‌و وەڵامی داواکارییەکانمانی نەداوەتەوە، لە کاتێکدا پێویستبوو کۆمسیۆن لەو ڕۆژەدا چەندین لیژنەی هەبوایە کە سەردانی بنکەکانیان بکردایە، سـەرەڕای ئـەوەش، دوای دوو سەعات لە کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان، شارەکە بوو بە ئاگر، کەرکوک لە(٣/٧)دا لە کۆنترۆڵ دەرچوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنەڕەتدا بارودۆخی کەرکوک بارودۆخێکی نائاسایی بوو.

**ڕۆژنامە: ئەگەر گوێ لە سکاڵاکانتان نەگیرا، دوا هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

* ئێمە بە گشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی کەرکوکمان قبووڵەو پێمانوایە، ڕێـژەی سەرکەوتنی لە ڕێژەی ساختەکارییەکانی زیاترە، کۆی پرۆسەکە ڕەتناکەینەوە، بەڵام گومانمان لە ئەنجامەکان هەیەو تا سکاڵاکان ساغ نەکرێنەوە، ئەگەر زانیمان کۆمسیۆن گوێ لە سکاڵاکان ناگرێت، هەڵوێستمان دەبێت.

**ڕۆژنامە: گۆڕان لە کەرکوک، تا چەند پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی جدیی هەیە؟**

* پێویستە گـۆڕان لـە کـەرکـوک، پێشئەوەی خۆی ئامادەبکات، بە تەواوی، بە ئەدای سیاسیی خۆیدا بچێتەوە، لە سیستم‌و میکانیزمی کارکردنی، ئەوکاتە دەتوانێت خۆی ئامادەبکات بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە.

**ئێمە دەمانویست بە خەڵک بوترێت تۆ ئازادیت کێ هەڵدەبژێریت، بەڵام ئەمە نەکرا**

## عەبدولڕەحمان سدیق:

# (٣/٧) سەلماندی گۆڕان کەفوکوڵ نەبووەو لەمەودوا حیساباتی گـــ

سازدانی : سیروان رەشید

**عەبدولڕەحمان سدیق، بەڕێوەبەری سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە لە هەولێر، بڕوای وایە کاتی ئەوە هاتووە، بزووتنەوەی گۆڕان خۆی ڕێکبخات‌و کۆنگرە ببەستێت‌و دەشڵێت «هەڵبژاردنی (٣/٧) سەلماندی کە بزووتنەوەی گۆڕان کەفوکوڵ نەبووەو حیساباتی گەورەی سیاسیی لەسەر دەکرێت». عەبدولڕەحمان سدیق کە پێشتر وەزیر بووە لەحکومەتی عێراق‌و ماوەی دووساڵیشە وازی لە کاری حیزبایەتی هێناوە، دەڵێت، ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دەریخست، کۆمەڵێک پارتی بچووک هەن کە زۆر لەیەک دەچن، پێویستە خۆیان حەل بکەن «مەعقول نییە لە کوردستان، سێ حیزبی سۆشیال دیموکرات‌و سێ حیزبی ئیسلامیی‌و سێ حیزبی دیموکراتی هەبن، کاتی ئەوە هاتووە یەکبخرێن».**

**ڕۆژنامە: وەک چاودێرێکی سیاسیی، چ وێنەیەکتان لەسەر هەڵبژاردنی (٣/٧) لا دروستبووە، لەکاتێکدا ئەنجامەکان بۆ هەندێک لایەنی کوردی، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەوتوونەتەوە؟**

* یەکێک لە سوودەکانی مەسەلەی هەڵبژاردن ئەوەیە کە وەکو مرۆڤ، ماوە ناماوەیەک پێویستی بە پشکنینێکی خۆی هەیە بۆ زانینی باری تەندروستیی خۆی‌و بڕیاردان لەسەر چۆنێتیی چارەسەرکردنی، دەتوانین بڵێین، هەڵبژاردنیش جۆرێکە لە پشکنینی خۆیی کە بۆ ماوەی چوار ساڵ جارێک، حیزبەکان پێویستییان پێیەتی، چونکە ئەگەر هەڵبژاردن نەبوایە، ئەوکات هەموو حیزبەکان دەیانتوانی وەکو یەک باس لەوە بکەن جەماوەریان هەیەو باس لەوە بکەن کە لەنێو کۆمەڵگەدا تارادەیەکی زۆر قبووڵ کراون، بۆیە هەڵبژاردنەکانن بۆمان دەسەلمێنن کە کام حیزبە بەرەوپێش دەچێت‌و کام حیزبە لەجێی خۆیەتی‌و کام حیزبەشە پاشەکشە دەکات. لێرەوە ئەگەر بڕوانینە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)، بێگومان بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێک لە حیزبەکان ژمارەی کورسییەکانی لە زیادبووندایە، وەکـو پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو بزووتنەوەی گۆڕان، وەکو کۆمەڵی ئیسلامیش کە پێشتر کەمتر بووە، ئەگەر (٢)کورسی بهێنێت، دەتوانین بڵێین لەچاو (١)کورسیدا پێشکەوتنە، لەهەمانکاتیشدا هەندێک لەجێی خۆیانن، ئەگەر یەکگرتوو (٥)کورسی بهێنێت دەتوانین بڵێین، لەشوێنی خۆیەتی، خۆ ئەگەر (٦)یـش بهێنێت تا ڕادەیەک زیادبوونی پێوەیە، لەوێوە دەبینین کە حیزبەکانی دیکەش، وەکـو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بێگومان پاشەکشێی کردووە لە ژمارەی کورسییەکانی لەچاو هەڵبژاردنی (٤)سـاڵ لەمەوبەردا، ئیدی ئەو حیزبانەی دیکەش کە (١)کورسییان هـەبـووەو نزیکەی (٩)حیزبێک لەگەڵ هاوپەیمانیدا بوون کە هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێناوە، ئەوا بێگومان ئەویش خەسارەتمەندی گەورەی هەڵبژاردنەکانن.

> **ئیسلامییەکان لە ئاستی خۆیاندا وەستاون‌و زیادیان نەکردووە**

**ڕۆژنامە: هەندێک لایەن دەیانوت، ئـەو دەنگانەی بزووتنەوەی گـۆڕان لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستاندا بەدەستیهێناون، تەنیا کەفوکوڵێک بوو و لە هەڵبژاردنی ٣/٧دا گۆڕان ئەو دەنگانەی پێشوو ناهێنێتەوە، لەو بارەیەوە بۆچوونی ئێوە چۆنە؟**

* ئـەگـەر زانستییانەو بێلایەنانە بڕوانینە مەسەلەکە، قسەیەک هەیە جێگەی خۆیەتی بیکەین بۆ بڕیاردان لەسەر ئـەوەی، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان کەفوکوڵێکە، یان تۆڵەسەندنەوەیەکە، یان دەرکەوتنی دیاردەیەکە، یان حاڵەتێکە، هەموو ئەمانە وشە نین، بەڵکو زاراوەن، ئەگەر هەریەک لەمانەمان سەلماند، بێگومان دەرئەنجامەکانی، دەرهاویشتەکانی جیاواز دەبن لەیەکدی، بۆیە مەسەلەی سەلماندنی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان کەفوکوڵێک بێت لــە(٧/٢٥)دا، ئەوا (٣/٧) سەلماندی کە کەفوکوڵ نەبووە، مانای وایە، ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستیهێناون هەر نزیکە بەژمارەی ئەو دەنگانەی کە پێشتر بەدەستیهێناون، چونکە لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا ئەوەی (٢٥)کورسی پێبێت، هەر دەبێتەوە کورسی بۆ ئاستی عێراق، کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین، ئەم حاڵەتە جارێکی دیکە دووبـارەبـووەوەو دووبـارەبـوونـەوەکـەش، خـۆی لەخۆیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەحاڵەتی یەکەمدا شتێکی کەفوکوڵ نەبووە، بەڵکو ئەوە خەڵکە بڕیار دەدات کە ئۆپۆزسیۆن هەبێت‌و گۆڕان هەبێت.

**ڕۆژنامە: ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت بەم شێوە کارکردنەی ئێستای، بەردەوامی بە هەڵکشان‌و سەرکەوتنی بدات؟**

* ئەمە پەیوەستە بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگەوە، بزووتنەوەی گـۆڕان تا ئەم ساتەوەختە بەشێوازێکی جەماوەریی کـاردەکـات، خەڵکانێکی زۆر ئومێدیان پێیەتی، لە حاڵەتی سەردەمی نەوەدەکانی ئیسلامییەکان دەچێت کە ئەو خەڵکە بەبێ هیچ بەرژەوەندیی‌و بەبێ بوونی بەرژەوەندیی مادیی کاری بۆ دەکەن‌و پشتگیریی دەکەن، بەڵام لەنێو ئیسلامییەکانیشدا، سەرەتا خۆ هەڵبژاردن نەبوو، کە دەوتـرا ئەمە تەزکیەکردنەو نابێت خۆت هەڵبژێریت، خۆمان ئەم کارە بۆ خودا دەکەین، ئەم کـارە لەسەر بەرژەوەندیی گشتییە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی نییە، بەڵام دواجار وردەوردە کە کارەکە لای ئیسلامییەکانیش بوو بە حیزبی، ئیدی ململانێ لەنێوان خۆیاندا پەیدابوو، خۆپاڵاوتن‌و بانگەشە بۆ خۆکردن لەنێوانیاندا پەیدابوو، باڵباڵێن لەنێویاندا پەیدابوو، ئەمە ئەوەیە، ئایا بزووتنەوەی گۆڕان هەر بە بزووتنەوە دەمێنێتەوە، ئەم حاڵەتەی ئێستای حاڵەتی سرووشتی نییە، چونکە گۆڕان یان دەبێت بە حیزب، یان دەبێت بە بزووتنەوەیەکی وەکو ئێستای سیاسیی، بەڵام دواجار هەر سەرۆکێکی نییە، بێگومان ئایا مەکتەبی سیاسیی دەبێت، ئەوکاتە سەرکردایەتی پێویستە، کەی کۆنگرە دەگرێت؟ کێ بنکەی ئەو حیزبە دەبێت، ئەوە گرنگە، ئایا گۆڕان لە مەسەلەی خەتخەتێن‌و باڵباڵێن‌و کوتلەو تەکەتولی نێوخۆی دروستدەکاتەوە کاتێک کە دەبێت بە حیزب؟، چونکە هێشتا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی نییە.

**ڕۆژنامە: کەواتە دەتوانرێت بوترێت، لـەدوای (٣/٧)وە بزووتنەوەی گۆڕان بووە بەهێزێکی گەورەی حیساببۆکراوی کوردستانی‌و عێراقی‌و حیساباتی سیاسیی لەسەر دەکرێت؟**

* بەدڵنیایی، دەتوانین وا بڵێین، دەمێنێتەوە سـەر ئـەوەی کە بێگومان گۆڕان لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە پێویستیی بەکۆنگرەیەک دەبێت، تاوەکو لەو کۆنگرەیەدا بڕیار بدات بەشێوازێکی وەکو خەڵک دەستی هەیە لە هەڵبژاردنی گۆڕاندا، ئەنجامبدرێت، دەبێت بنکەی فراوانی گۆڕانیش هەبێت‌و دەستی هەبێت لە بنیاتنانی حاڵەتێکدا، جا بەشێوازە کلاسیکییەکە کە ئێستاکە ئیسلامیی‌و عیلمانی ئەمڕۆ بەشێوازی کلاسیکی مارکسی لینینی کاردەکەن، کە ئەوە کۆنگرەیەو ئەوە کۆمیتەی ناوەندیی‌و ئـەوە سکرتێری گشتییەو بەم شێوازە کـاردەکـات، یاخود شێوازێکی دیکەی دۆزیوەتەوە بۆ پەیکەری ئیداریی حیزبەکە، وەکو شێوازی حیزبی (جمهوری) کۆماریی ئەمریکا، یان حیزبی دیموکراتی ئەمریکا، یان سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا، ئەوە دەیسەلمێنێت، چونکە گۆڕان هێشتا شکڵی کۆتایی وەرنەگرتووە، پێویستە شکڵی کۆتایی خۆی وەربگرێت، تاوەکو بزانرێت شێوازی کارکردنەکەی بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.



عەبدولڕەحمان سدیق

> **حاڵەتی ئێستای گۆڕان، لەحاڵەتی سەردەمی نەوەدەکانی ئیسلامییەکان دەچێت**

**ڕۆژنامە: لەم هەڵبژاردنەدا، ژمارەی کورسییەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە (٥٣)کورسییەوە دابەزی بۆ سنوری (٤٠)کورسی، بە بڕوای ئێوە هۆکارەی ئەم دابەزینە چییە؟**

* بەدڵنیایی، ئەگەر تەماشا بکەیت، ئـەم ژمـارەی دەنـگـدەری کـوردە وەکو چۆن بە ناوچەی هەرێمی کوردستان لە رووی هەڵبژاردنەوە دەڵێن، ناوچەیەکی داخـراوە، واتا داخـراوە بۆ خەڵکی کورد، بۆیە خەڵکانێکی زۆر هاتن لە عەرەب‌و لە تورکمان‌و لە نەتەوەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، قەوارە سیاسییە عەرەبییەکانی خۆیان پـاڵاوت، ئەو دەنگانەیان نەهێنا، کەواتە ئـەم (٣)پارێزگایە ناوچەیەکی داخـراون، تا ڕادەیەک بە کەرکوکیشەوە، لەبەرئەوەیە کە دەبینین کـورد دەنگی تێدا دەهێنێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم (٤٠) کورسییە بۆ لیستی هاوپەیمانیی، با بڵێین، لـەم ساتەوەختەی قسەی تیادەکەین، هێشتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تا ئەمڕۆ بە تەواوەتی دەرنەکەوتووە، وای دابنێین، ئەگەر (٤٠)کـورسـیـش بێت، ئـەم (٥٣) یەی پێشوو بۆ ئەو (٤٠)ەی ئێستا، (١٣) ی دەوێت، بۆ ئەو ١٣یەش دەتوانین بڵێین، بە (١٥)و بە ژمارە لە لای گۆڕانە، کەواتە ئەگەر (٥)ەکەشی بخەیتەوە سەر ئەوەی یەکگرتوو، هەر یەکگرتوو هێناویەتی، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگەی لە هاوپەیمانیی کەمبووەتەوە، چووەتەوە بۆ لایەنێکی دیکەی کوردی، کە چووە بۆ لایەنێکی کوردی بۆ کوێ چووە؟ بەشی زۆری لای گۆڕانە، بەشی دووەمـی لای یەکگرتووە، بەشێکی لای کۆمەڵە، کەواتە دەتوانین بڵێین، هەر دەنگی کوردەو دەتوانین بڵێین، کوردو دەنگدەری کورد بڕیاری خۆی گۆڕیوە، دەنگدەری کورد لەوەدا بڕیاری خۆی گۆڕیوە کە گلەیی‌و گازاندەی هەیە لە هاوپەیمانیی کوردستانی، تا ئەو ڕادەیەی ئەو ڕێژەیەی لە هاوپەیمانیی کوردستانی کەمکردووەتەوەو داویەتی بەحیزبەکانی دیکە، داویەتی بەقەوارە کوردییەکانی دیکە، بەو ڕادەیـەی گلەیی‌و گازەندەی هەیە لە هاوپەیمانیی کوردستان.

**ڕۆژنامە: هێنانی نزیکەی (٢٠)کورسی لەلایەن گۆڕان‌و حیزبە ئیسلامییەکانەوە کە لە هەرێمی کوردستان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندان‌و تا چەند بە چوونیان بۆ بەغدا، دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە بەشداریکردن لە ڕەسمی سیاسەتی هەرێمدا لە بەغدا؟**

* دەتوانین بڵێین، تا ئەم ساتە وەختە، مەسەلەی باسکردن لەمافەکانی کورد هەر وەکو دروشمێک دەوترێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەبووە بە میکانیزمی بەرجەستەکردن‌و دابینکردنی ئەو مافانە، بەو مانایەی ئێمە قسە زۆر دەکەین، ئێستاش هاوپەیمانیی کوردستانی دەڵێت، لەگەڵ ئەو لایەنانە ئیئتیلاف دەکەین بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق، کە بەرنامە سیاسییەکەی ببینین‌و لە بەرنامە سیاسییەکەیدا دان بە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستاندا بنێت، ئەم مەسەلەیەش کۆنەو حکومەتی مالیکیش کە کـورد هاوپەیمانی بوو ئەگەر کورد نەبوایە حکومەتەکەی کۆتایی پێدەهات، لەو ساتەوەختەی زۆرێک لەلایەنەکان لێـی کشانەوە، لە بەرنامە سیاسییەکەی مالکیدا تەماشا بکەین، دەڵێت، لــە(٢٠٠٧/٣/٢٩) دەستدەکەین بە تەواوکردنی قۆناغی ئاساییکردنەوە لە مادەی (١٤٠)، دەڵێت، لــە(٢٠٠٧/٨/٢٩) دەستدەکەین بە ئامار، دەڵێت لە (٢٠٠٧/١٢/٢٩) ریفراندۆمەکە دەکـەیـن، بەرنامە لەمە جوانتر نابێت، بەڵام هیچی جێبەجێ نەکرا، کەواتە ئەو چاودێریکردنەی هاوپەیمانیی کوردستانی کوا بۆ ئەم بەرنامە سیاسییەی کە مالیکی کاتی خۆی خستیەڕوو؟، لێرەوەیە دەڵێین، هەموو بەرنامەیەکی دیکەی جوانتریش هەبێت، لەمە جوانترمان دەستناکەوێت، چونکە ئەمە بەرنامەیەک بوو، کاتەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دیاریکردبوو، لەگەڵ ئـەوەشـدا نەیکردو هەڵوێستی هاوپەیمانیی بەرامبەر ئەم نەکردنەی مالیکی چی بوو، بێگومان هەڵوێستێکی دیار نەبوو، تەنانەت کشانەوەش بێت لە حکومەتەکەی، بۆیە ئـەمـڕۆ ڕۆژی ئـەوەیـە، دەبێت خاڵەکان بخرێنە سەر پیتەکان، کاتێک کە هاوپەیمانیی دەکەیت لەگەڵ هەر لایەنێکدا، دەبێت بەشێوازێکی بەرجەستەکراو ئەو دروشمانە بکرێن بە پـڕۆژە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە بوونی (٢٠)کـورسـی لەلایەنەکانی دەرەوەی هاوپەیمانیی، کەم نییە، چونکە لایەنێکی گەورەی سەرەکی وەکو تەوافوقیش، بەدانپێدانانی خۆیاندا، هەر دەڵێن، ئێمەش (٢٠)کورسیمان دەبێت، کەواتە دەتوانیت بڵێیت، بەقەدەر بەشێک لەپێکهاتەیەکی خەڵکی عێراق سەنگی هەیە بۆ گۆڕان‌و ئیسلامییەکان.

**ڕۆژنامە: لەم هەڵبژاردنەدا، ژمارەی کورسییەکانی پارتی، دوو ئەوەندەی کورسییەکانی یەکێتی دەبێت لە بەغدا، پێتوایە ئەم هاوکێشەیە کاریگەریی بۆ سەر نەخشەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەبێت لە نێوان ئەو دوو هێزەدا؟**

* بەپێی ئەو ڕاگەیاندنانەی کە تا ئێستا دەیانبیستین لە پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای ئاهەنگەکانی بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستیانهێناوە، بەڵام لەپاڵیشیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەمە کارناکاتە سەر ڕێکەوتننامەی ستراتیژییان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و دەشڵێن، کارناکاتە سەر ئەوەی کە دەڵێن هێشتا هاوپەیمانیی، کاندیدی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار هەر مام جەلالە، ئەم لێدوانانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا وا دیارە کە کاریگەریی نابێت، بەڵام بەدڵنیایی بۆ ئایندەی نێوخۆی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی دیکەی نێوخۆی کوردستان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە دەبێت لەئەمساڵدا بکرێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت‌و کاریگەریی دەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەوەی بە لای چاودێرانەوە جێگای سەرنج بوو لەم هەڵبژاردنەدا، ئیسلامییەکان بەڕێژەیەکی زیاتر دەنگەکانیان هەڵکشاو نفوزیان زیاتر بوو، ئێوە ئەم هاوکێشەیە چۆن دەبینن؟**

*ئەگەر ئەنجامەکان بەو شێوەیە بێت، تا ئەم ساتەوەختەی قسەی تیا دەکەین، گرنگە ئەمە بنووسرێت کە ئەم ساتە وەختەی قسەی تێدا دەکەین، ژمارەی کورسییەکان بریتی بێت لە (٥)کـورسـی، هەڵکشان لەکوێدایە؟، کاتێک کە یەکگرتوو (٥)کورسی

## دەستەکە کەشف بوو

# هەڵبژاردن، ریزبەندیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی یەکلاییکردەوە

راپۆرتی: مەهدی ئەبوبەکر

**هەڵبژاردنی عێراق تەواو بوو، دەرئەنجامەکانی چەند بۆ هێزەسیاسییە عەرەبییەکانی عێراق گرنگن، دەیانجار زیاتر بۆ هێزەسیاسییەکانی کوردستان گرنگترن، بۆچی؟ چونکە هەڵبژاردن، ریزبەندیی هێزەکانی لە کوردستاندا زۆر بە روونی دەرخست، چیدی بواری ئەوەی لەبەردەمیاندا نەهێشتەوە، بە ئارەزووی خۆیان ریزبەندیی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا دیاریی بکەن.**




تەنیا هەڵبژاردن دەتوانێت قەبارەی لایەنە سیاسییەکان دیاریی بکات

### قولی رەش‌و سپی دەرکەوت

هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق، ئەو بوارە بوو کە کوردواتەنی، «قولی رەش‌و سپی» تێیدا دەرکەوت. هەڵبژاردن (بێ لەبەرچاوگرتنی ساختەکارییەکان) دەریخست، چ هێزێک لە گۆڕەپانەکەدا یەکەم‌و کێ دووەم‌و کێ سێیەمە. ئەوەی تا ئێستا لە ئەنجامە بەراییەکانەوە دەرکەوتوون، لە کوردستاندا کاندیدەکانی پارتی لەناو لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا، توانیویانە یەکەمی ریزبەندیی دەرچووەکان بن. ئەو ئەنجامەش کە رەنگە لای هەندێک لە چاودێران، چاوەڕواننەکراو بوو بێت، پارتی وەکو هێزی یەکەمی گۆڕەپانەکە دەردەخات. پارتی لە شارەکانی هەرێمدا توانیویەتی نزیکەی (١٨)کورسی بەدەستبهێنێت، ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کە هاوپەیمانیی ستراتیژییەتی، ژمارەیەکی گەورەیە، چونکە یەکێتی لە هەرێمدا بە گوێرەی هەموو بۆچوونەکان ناتوانێت لە (٥)کورسی زیاتر بەدەستبهێنێت. واتە پارتی سێ ئەوەندەو نیوی یەکێتی کورسیی مسۆگەر کردووەو ئەو ئەنجامەش یەکێتی تووشی شۆک کردووە، چونکە لەوە دەترسێت، پارتی لە رێکەوتننامەی ستراتیژی بکشێتەوە، یان داوای دەستکاریکردنی بکات. پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەگوێرەی هەندێک زانیاری کە راستییان نەسەلمێنراوە، پارتی بە ئەندامەکانی خۆی وتبوو؛ ئەگەر ئەنجامەکان، لاوازیی یەکێتییان دەرخست، ئەوا رێکەوتننامەکە هەڵدەوەشێننەوەو هەندێک بیروبۆچوونیش باس لەوە دەکەن، هۆکاری بەدەستنەهێنانی کورسی لەلایەن یەکێتییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو حیزبە دەنگەکانی پەرشوبڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی لە هەولێرو دهۆکداو باس لەوە دەکەن، راستە یەکێتیی، کورسیی لەو دوو شارەدا بەدەستنەهێناوە، بەڵام دەنگێکی زۆری هەیە. ئەوانەی خۆیان تەسلیمی ئەو بۆچوونە کردووە، دەبێت بپرسن، ئەگەر وایە ئەدی بۆچی دەنگەکانی پارتی پەرشوبڵاو نەبوون؟ ئایا هەردوو حیزب لە هەرسێ شارەکەدا وەکو یەک کاندیدیان نەبوو؟ لە راستیدا پارتی‌و یەکێتی لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە وەکو یەک کاندیدیان دیاریکردبوو، بۆیە بڕواکردن بە پەرش‌و بڵاوبوونەوەی دەنگەکان، تەنیا بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لە پرسە سەرەکییەکە، ئەویش بچوکبوونەوەی قەبارەی یەکێتییە لە بەرامبەر بە پارتی‌و دواتر هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان‌و بچووکبوونەوەی یەکێتی، دەروازەکەی بەتەواویی لەبەردەم پارتیدا واڵاکرد، تا وەکو هێزی یەکەمی کوردستان خۆی نمایش بکات.

### گۆڕان، هێزی دووەم

بزووتنەوەی گۆڕان، وەک هێزێکی تازەی جەماوەریی، کە تەمەنی لە تەمەنی بچووکترین حیزبی کوردستان کەمترەو ناگاتە ساڵێک، لەم هەڵبژاردنەدا بەشێوەیەکی بەهێز دەرکەوت. بە گوێرەی ئەنجامەکان، گۆڕان لە هەرێمدا (٩-١٠) کورسیی بردووە، ئەو رێژەیە رەنگە لای هەندێک لە چاودێران‌و هەندێک لە هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان رێژەیەکی کەم بێت، بەڵام لای زۆرێک لە چاودێرە سیاسییەکان رێژەیەکی پەسەندە، چونکە بارودۆخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زۆر جیاواز بوو لەوەی عێراق، هەر لە شێوازی هەڵبژاردنەکەوە بگرە تا دەگاتە فراوانی رووبەری بەشداریی. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، شێوازی هەڵبژاردنەکە داخراو بوو، ژمارەی کاندیدەکان کەمتر بوون، کاندیدەکان قورساییان لەسەر شانی بزووتنەوەکە کەمتر بوو. بە پێچەوانەوە، لە هەڵبژاردنی عێراقدا شێوازی نیمچە کراوە بوو، ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر بزووتنەوەکە هەبوو، چونکە زۆرێک لە هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنی کوردستاندا سەرقاڵی کەمپەینکردن بوون، ئەمجارە خۆیان کاندید کردبوو، ئەمجارە لەبری کەمپەینکردن بۆ بزووتنەوەکە، زیاتر سەرقاڵی کەمپەینی تایبەتی خۆیان بوون. ئەوەش بۆ بزووتنەوەیەکی تازەی وەکو گۆڕان تا ئاستێک قورس بوو، چونکە زۆربەی کارەکانی کەمپەینکردن بۆ بزووتنەوەکە بەسەرشانی ژمارەیەکی کەمی هەڵسوڕاوەکاندا کەوتبوو. دوای ئەوەش، کەمئەزموونیی لە شێوازی کەمپەینکردندا لە رووبەرێکی وا فراواندا دیسان کاریگەری لەسەر بزووتنەوەکە هەبوو. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، گۆڕان لە سێ پارێزگادا چالاکی دەکرد، بەوەش ئەزموونی کەمپەینکردنی لە رووبەرێکی بچووکدا پەیدا کردبوو، بەڵام ئەمجارە لە هەشت پارێزگادا بەشداریکردبوو، دەبوو وەکو یەکو بەشێوەیەکی هاوسەنگ گوتاری خۆی بۆ ئەو هەشت پارێزگایەو دواتر بۆ هەموو عێراق ئاڕاستە بکات، ئەوەش بۆ بزووتنەوەیەکی کەمتەمەن‌و کەمدەرامەت، ئەزموونێکی هەم قورس‌و هەم نوێ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکان دەریانخست، گۆڕان سەرەڕای هەموو بەربەستەکان لە کوردستاندا توانی وەکو هێزی دووەم، دووەمێکی بەهێز دەربکەوێت، ببێتە ژمارەیەکی قورس لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان.

### ئیسلامییەکانیش هەن

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بەهەر سێ لایەنە ئیسلامییەکە (کۆمەڵی ئیسلامیی، یەکگرتوو، بزووتنەوەی ئیسلامیی) تەنیا (١٢)کورسییان بەرکەوت، بەڵام ئەمجارە ئەنجامە بەراییەکان دەریانخستووە، کۆمەڵ‌و یەکگرتوو (٦) کورسییان وەرگرتووە، یەکگرتوو بەتەنیا توانیویەتی (٤)کورسی وەربگرێت، ئەو ژمارەیە تەنیا کورسییەکی کەمترە لە کورسییەکانی یەکێتی. لەوەش گرنگتر بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی ئەوەیە؛ توانیویەتی لە هەر سێ پارێزگاکەدا کورسی بەدەستبهێنێت، واتە ئیسپات وجودی خۆی بکات لە هەرسێ پارێزگاکەدا.

### ناوچە دابڕاوەکان‌و شارەکانی دیکە

ئەوەی روونە، پارتی لە پارێزگای نەینەوا، ژمارەیەکی باش کورسی بەدەستهێناوە، وەکو خۆیان باسی دەکەن، توانیویانە نزیکەی (٨)کورسی بەدەستبهێنن‌و رەنگە ئەو ئەنجامەی پارتی لە پارێزگای نەینەوا بەدەستیهێناوە، زۆر جێگای شۆک نەبێت، چونکە پارتی هەمیشە موسڵ‌و دەوروبەری وەکو باخچەی پشتەوەی ماڵەکەی خۆی تەماشا کردووە. جگە لەوەش هێزی چەکدارو دارایی پارتی لەو ناوچانەدا رۆڵێکی گرنگیان بینی لەزیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەو حیزبەدا. هەرچی یەکێتیشە لە نەینەوا، نەیتوانیوە کورسی بەدەستبهێنێت. هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانیش بە هەمانشێوەی یەکێتی، کورسییان لەو پارێزگایە وەرنەگرتووە. لێ هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە، لە ساتی یەکەمی جیاکردنەوەی دەنگەکانەوە، دەرکەوتووە کە کورسییەکی لە نەینەوا بەدەستهێناوەو هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن، رەنگە گۆڕان لەو پارێزگایە بگاتە (٢) کورسی، بەڵام ئەو بۆچوونە زیادڕۆیی تێدایەو گۆڕان تەنیا کورسییەکی لەو پارێزگایەدا دەبێت.

یەکێتیش لە کەرکوکدا، شەڕی مان‌و نەمانی کرد، شەلم، کوێرم، نابوێرم، دەستی لە هیچ شتێک نەپاراست تا بتوانێت ئەو شارە پاوان بکات، خۆیان وتەنی، کاریان بۆ ئەوە دەکرد تا کەرکوکیشیان وەکو سلێمانی لە دەست نەچێت‌و ببێتە قەڵای دووەمی بزووتنەوەی گۆڕان. سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو شێوازەکان، بە ساختەکاریی زۆرو زەوەندیشەوە، کەچی بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکان، یەکێتی (٣)کورسیی مسۆگەری هەیەو ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بگاتە (٤)کورسی. پارتیش (١)کورسی، بە ئومێدی ئەوەیە بگاتە (٢)کورسی. هەرچی گۆڕان‌و هێزە ئیسلامییەکانیشە بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی، ئومێدیان بە وەرگرتنی (١)کورسی لاواز نەبووە. لە چاوەڕوانی ئەوەدان، یەکێتی‌و پارتی لەو رێژەیەی ئێستا زیاد نەکەن‌و ئەوان بەشە کورسییەکانی دیکەی کورد وەربگرن.

بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی نارەسمیی نەتەوە یەکگرتووەکان، گۆڕان کورسییەکی لە کەرکوکدا بەدەستهێناوە، بەڵام زانیاری ئەو سەرچاوەیە تا راگەیاندنی ئەنجامەکان ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت.

لە دیالەو سەڵاحەدینیش، لاوازیی نەک یەکێتی‌و پارتی، بەڵکو هەموو کورد دەرکەوت، چونکە لەو دوو پارێزگایەدا ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، تەنیا لە دیالە، یەکێتی توانیویەتی (١)کورسی وەربگرێت‌و سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە دیالە دەستبەتاڵ بۆی دەرچوون.

هەرچی سەڵاحەدینیشە، بزووتنەوەی گۆڕان هیوا براو نەبووەو لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کورسییەک وەربگرێت، بەڵام هەرچی لایەنە کوردییەکانی دیکەیە، لەو پارێزگایەدا ئومێدیان بە وەرگرتنی کورسی نییە.

### سوپرایزی بەغدا

ئەوەی تا ئاستێک مایەی سەرسوڕمان‌و بۆ گۆڕانیش دڵخۆشییە، ئەو هەواڵانەیە کە هەندێک سەرچاوەی نارەسمیی نەتەوە یەکگرتووەکان باسیدەکەن، کە گۆڕان لە بەغدا کورسییەکی بەدەستهێناوە. ئەگەر ئەو ئەنجامە راست دەربچێت، ئەوا گۆڕان تاکە هێزی کوردییە توانیبێتی لەناوجەرگەی پایەتەختی عێراقدا ململانێ بکات‌و کورسی وەربگرێت، چونکە هاوپەیمانیی کوردستان کە گردبوونەوەی (١٣) لە دێرینترین حیزبەکانی کوردستانە، نەیانتوانیوە کورسی وەربگرن.

### ئەنجامەکان وا دەڵێن:

ئەگەر سەرجەم ئەنجامەکانی هەرێمی کوردستان، ناوچەدابڕاوەکان‌و شارەکانی دیکەی عێراق بخرێنەسەر یەکتر، دیسان ریزبەندییەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، بەتایبەتی بۆ پارتی‌و بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە ئەو دوو هێزە وەکو هێزی یەکەم‌و دووەم دەمێننەوە، بەڵام ناوچە دابڕاوەکان تا ئاستێک بە فریای یەکێتی کەوتووەو لەبەرامبەر ئیسلامییەکاندا باری راستکردووەتەوەو کردوویەتی بەهێزی سێیەم.

ئەو ئەنجامانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە کوردستاندا سەلماندنی ئەوەیە؛ هێزەکان، تا ئاستێکی باش هێزو قورسایی جەماوەری خۆیان بۆ دەرکەوت. ئەگەر بێت‌و مەسەلەی تەزویری دەسەڵات بەلاوە بنێین. ئەوەی چەندین ساڵە شەڕی لەسەر دەکرا کە کامە لایەن هێزی یەکەم‌و کامەیان دووەم‌و کامیان سێیەمە، ئاشکرا بوو، بۆ لەمەولاو تا هەڵبژاردنێکی دیکە، کەس ناتوانێت بانگەشەی لەو پێگەیە زیاتر بکات کە هەڵبژاردن بۆی دەستنیشانکردووە.

# «نابێت ناکۆکییەکانی کوردستان ببرێنە بەغدا»

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

جیاواز لە هەڵبژاردنی رابردوو ئەمجارە چوار لیستی کوردی دەچنە پەرلەمانی بەغداو نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن، هەربۆیە خەڵکی کوردستان ئەوە لە لیستەکان دەخوازن، هەماهەنگو تەبا بن‌و بەیەک گوتارو داکۆکیی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بکەن.

هەریەک لە لیستەکانی (هاوپەیمانیی کوردستان، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) بە لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردنی (٣/٧)یان کردو بەپێی ئەنجامە بەراییە نارەسمییەکان پێدەچێت کورد نزیکەی (٦٠) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا مسۆگەر بکات.

د.سامان فەوزی، کاندیدی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: خەڵکی کوردستان ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان لیستە کوردییەکان دەبینێت لە کوردستان، دڵگەش نابێت، ئەگەر ئەم جیاوازییە ببەینە بەغداو پەرت پەرت ببین، ئەوکاتە خەڵکی کوردستان زەرەرمەند دەبن، بەتایبەتی لەنێوان دوو لیستدا گوتارێک هەیە پێچەوانەی یەکترە.

لە کوردستانداو بەتایبەتی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا لیستە رکابەرە کوردییەکان گوتارێکی توندو یەکتر تۆمەتبارکردن‌و تارادەیەک دژایەتیکردنی یەکتریان پیادە دەکرد، بەڵام بە بڕوای چاودێران پێویستە ئەو گوتارە بگۆڕدرێت بۆ گوتارێکی هاوبەشی نەتەوایەتی، کە دەربڕی خواستەکانی خەڵکی کوردستان بێت.

کامەران بابا زادە، کاندیدی لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ بەشداریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە لیستی جیاواز بۆ کورد کارێکی زۆر دروستەو کێشەکانی کورد دەباتە پێشەوە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەزموونی یەک لیستیمان تاقیکردەوە، کە لە سایەی ئەو یەک لیستییەدا خواستەکانی کورد چەند پاشەکشەیانکردووە، جگە لەوەش ئێستا دەبینین لیستی جیاواز پەرلەمانی کوردستانی کاراکردووەو وتی: «تائێستا ئێمە لە بارودۆخی ئاوازی هەڵبژاردندایین، لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنداین‌و لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنیشدا گوتارو لێدوانی لیستەکان جیاوازن، ناتوانین لەسەر ئەم گوتارە ئایندە بنیادبنێین‌و پەیوەندییەکی بەهێز دروستبکەین، لەبەرئەوە باشترین میکانیزم بۆ کارکردنی لیستە جیاوازەکانی کوردستان، پێکەوە کارکردنیانە لە بەغداو دروستکردنی پەیوەندییەکی باشە».

هاوکات لە پەیامێکیدا حاکم شێخ لەتیف شێخ مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی، داوا لە لیست‌و قەوارە کوردییەکان‌و کاندیدەکانیش دەکات ئەو بارگرژیی‌و هەڵچوونەوەی کە لەکاتی بانگەشەدا تێیکەوتبوون بپێچنەوەو ئیدی رابردووی بانگەشەو جەنگی دەروونیی هەڵبژاردن لەیاد بکەن، حاکم شێخ لەتیف لەپەیامەکەیدا دەڵێت «بانگهێشتی لیستەکان‌و ئەو کاندیدانە دەکەم کە هەلی دەرچوونیان مسۆگەرە، بە دڵێکی ساف‌و بە هەستکردن بە لێپرسراوێتی مێژوویی نیشتمانییەوە کۆببنەوە بۆ قسەکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان‌و وەلانانی ناکۆکییەکان لە کوردستان، نەک بردنیان بۆ بەغدا، بۆئەوەی کەشێکی لەباری کاری پێکەوەیی بڕەخسێنن».

لەماوەی رابردوودا هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان (یەکێتی، پارتی) وەکو هێزێکی نەیارو تەنانەت هەندێکجار وەکو «دوژمن» مامەڵەیان لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکاندا کردووەو سیاسەتێکی ناتەندروستیان گرتووەتەبەر، ئەوەش بارودۆخێکی سیاسیی مەترسیداری دروستکردووە، هەربۆیە بە گرنگ دەزانرێت ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە سیاسەتی خۆیان لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆن بگۆڕن.

شۆڕش حاجی، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێویستە لیستی دەسەڵاتداری کوردستان سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن‌و چیتر ئۆپۆزسیۆن وەکو تەواوکەری دەسەڵات تەماشابکات، نەک وەکو نەیار، ئەگەر لە بەغدا هاوکاریی یەکتر بکەین‌و پشتیوانی یەکتر بین، ئێمە قبووڵمان نییە لە بەغدا برابین‌و لە کوردستان دوژمن بین، دەبێت لە کوردستانیشدا وابین، چونکە ئەو هاوکارییە رەنگدەداتەوە لە شێوازی کارکردن لە کوردستان.

شۆڕش حاجی باسی لەوەشکرد؛ لیستە کوردستانییەکان گوتارو بەرنامەو شێوازی کارکردنیان لەگەڵ یەکتر جیاوازە، بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازییەش، پێویستە ئەو لیستانە هەماهەنگی‌و پێکەوەکارکردن پیادەبکەن‌و یەک گوتاری هاوبەشیان هەبێت، چونکە هیچ یەکێک لەو لیستانە بە تەنیا ناتوانێت لە بەغدا کاربکات‌و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات.

بە بڕوای سامان فەوزی؛ دەبێت لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن، ناکۆکییەکانیان نەبەنە بەغداو لە کوردستان بەجێیبهێڵن، پێویستە پێکەوە گفتوگۆ بکەین‌و گوتارێکی عەقڵانی لەنێوانماندا هەبێت‌و لە پەرلەمانی عێراقدا بە یەکگرتوویی کاربکەین‌و یەک گوتاری سیاسیمان هەبێت.

## «پێویستە ئەولەویات بۆ کارەکانیان دابنێن»

# شەڕی نوێنەرانی کورد لە بەغدا قورستر دەبێت

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

چاودێرانی سیاسیی هۆشداری دەدەنە نوێنەرانی تازە هەڵبژێردراوی کورد بۆ پەرلەمانی عێراق، کە پرسە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان بکەنە ئەولەویاتی کارکردنیان لەپەرلەمان‌و هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەنەوە.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٣/٧) ی رابردوو، کۆمەڵێک نوێنەری تازەی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانی خستە ناو پەرلەمانی عێراقەوە، هەربۆیە چاودێرانی سیاسیی کورد داوادەکەن کۆمەڵێک پرسی گرنگ هەیە، کە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا بیجووڵێنن.

د.فایەق گوڵپی، چاودێری سیاسیی پێیوایە؛ «پێویستە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ی دەستووری عێراقی‌و دانانی نوێنەری کورد لە سەفارەتەکانی عێراقداو جێبەجێکردنی بڕگەی دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵی، لە کارە هەرە لەپێشینەکانی نوێنەرانی کورد بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق».

گوڵپی بەگرنگییەوە باس لە ئەنجومەنێک دەکات کە پێدەچێت ببێتە گرەنتییەک بۆ پاراستنی مافەکانی کورد لەجێگەی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار، کە پێشتر لەو دەستەیەدا دەتوانرا ڤیتۆی ئەو یاسایانە بکرێت کە دژ بە خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەردەکران، فایەق گوڵپی وتی: ئەو ئەنجومەنی فیدراڵیەی لەم خولەدا پێکدەهێنرێت بەشێوەیەک کە نوێنەرانی کوردو عەرەب بەهێندەی یەک وەربگرن‌و پرسە چارەنووسسازەکان لەو ئەنجومەنەدا باسبکرێت‌و بڕیارەکان بە تەوافوق بێت، «نەک وەک ئەوەی لە رابردوودا کراوە، کە رێکەوتنی لابەلا جێگەی رێکەوتنی سیاسیی گرتووەتەوە».

بەپێی مادەی (١٤٢)ی دەستووری عێراقی پەرلەمانی عێراق مافی ئەوەی هەیە دەستوور هەمواربکات، بەو هۆیەشەوە ماوەیەک بەر لەئێستا پرۆژەی هەمواری دەستووری عێراقی لەلایەن لیژنەی هەموارکردنی دەستوورەوە ئامادەکرا، بەشێوەیەک چەندین بڕگە هەموارو ئامادەکراوە بە زیانی کورد، وەک: کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان لەسەر ئاستی عێراق، چەسپاندنی فیدراڵیەتی پارێزگاکان، لەبەرچاونەگرتنی بنەماکانی سیستمی فیدراڵیزم‌و دواخستنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێم، قەڵەمی خستووەتە سەر زۆربەی دەستکەوتەکانی دیکەی کوردو بە مادەی خیلافی لەسەر هێشتوویەتیەوە.

شێخ سدیق ئەحمەد کەریم، نووسەرو رۆشنبیر لەکەرکوک، پێیوایە؛ نوێنەرانی کورد پرسی زۆر گرنگی وەک، پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقیان لە پێشە، کە بە بڕوای ئەو پێویستە پێش هەموو پرسەکانی دیکە بخرێت. وتیشی: «جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان وەک ئەرکێک لەسەر شانی نوێنەرانی کوردە، کە کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن»، ئەمانە جگە لەوەی کە یەکلاییکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان گرنگەو دەکرێت نوێنەران کاری لەسەر بکەن.

بە بڕوای شێخ سدیق؛ مەسەلەی دیموکراسییەت‌و چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی لەعێراقدا یەکێکە لەو پرسانەی کە ئەگەر کاری بۆ نەکرێت، ئەوا کارکردن بۆ پرسەکانی دیکەش قورس دەبێت، هەروەک وتی: «بەشێک لە کێشەی کورد لە عێراقدا ئەوەیە، کە دەسەڵاتدارانی عەرەب لە عێراق بڕوایان بە دیموکراسییەت نییە، ئەگەر بڕواشیان پێی هەبێت، لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دەتوانین مافەکانمان بەدەستبهێنین‌و ناوچە دابڕاوەکان بە ریفراندۆم بهێنینەوە سەر خاکی کوردستان، بۆیە پێداگریی لەسەر مەسەلە دیموکراسییەکان پێویستە لە پرۆژەی ئەو پەرلەمانەدا بێت کە دەنگمان پێداون».

بوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا لە هەرێمی کوردستان‌و پەرلەمانەکەیدا هیوایەکی بەخشیوە بە ژمارەیەک لە کەسایەتییەکان، وەک چۆن پەرلەمانی کوردستانیان زیندووکردەوە، ئاواش کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا بکەن.

مونیرە مەلا عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێیوایە؛ مەسەلەی سازشکردن لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان‌و دیاریکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان‌و دابەشکردنی بودجە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو تاکێکی عێراقیدا، پێویستە لە ئەولەویاتی کارەکانی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کورد بن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، وتیشی: «پێموایە بە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا پەرلەمانی عێراقیش چالاک دەبێت، وەک ئەوەی پەرلەمانی کورستان بووەتە پەرلەمانێکی زیندوو، بە بوونی ئۆپۆزسیۆن، ئەوە نەماوە کە کەسانێک رێکبکەون‌و شتەکان ژێربەژێر چارەسەربکەن، بەڵکو دەبێت شتەکان شەفافانە لە پەرلەماندا چارەسەربکرێت، بە کۆبوونەوەی ژێربەژێری حیزبەکان چارەسەرنەکرێت».

لە مادەی (٤)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە، کە زمانی کوردیش هاوشانی زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە فەرمییەکان، بەڵام تائێستا ئەو مادەیەی دەستوور وەک خۆی پیادەنەکراوە، بەڵکو بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەرچاوناکەوێت.

دادوەر کەمال رەزا، بەپێویستی دەزانێت کە لە دانیشتنەکانی سەرەتای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، گرنگترین پرس کە نوێنەرانی کورد لەپێش پرسی مادەی ١٤٠یشەوە بیورووژێنن، پرسی بەکارهێنانی زمانی کوردی بێت، هەروەک وتی: «پێویستە نوێنەرانی کورد لەو کاتەی دەچنە پەرلەمانی عێراق پێش هەموو شتێک لە یەکەم دانیشتندا کە لە سوێندخواردنەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە قسەکردن لەسەر پرۆژەیاساکان، زمانی کوردی بەکاربهێنن‌و بەهیچ شێوەیەک لەناو پەرلەمانی عێراقدا زمانی عەرەبی بەکارنەهێنن، ئەمەش بە مانای رەگەزپەرستی نایەت، بەڵکو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆت مومارەسە کردووە، کە لە دەستووردا بۆت دیاریکراوە».

بە بڕوای ئەو دادوەرە، تەنانەت ئەگەر سەرۆکی پەرلەمانیش کوردبوو پێویستە بە زمانی کوردی بدوێت، «ئەگەر نوێنەرانی کورد ئەوەیان کرد، بەدڵنیاییەوە ئەمە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سەرجەم بۆچوون‌و رەنگدانەوەو رەفتارو کاردانەوەی بەرامبەرەکانمان، نوێنەرانی عەرەب‌و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە ناچار دەبن دان بەوەدا بنێن کە نەتەوەیەکی گەورە هەیە لەناو عێراقدا، پێیدەڵێن کورد».

کەمال رەزا بە باشی دەزانێت، کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا قسە لەسەر ئەو پرسە هەڵپەسێردراوانە بکەن کە تائێستا چارەسەرنەکراون، بەتایبەتی پرسی هێزی پێشمەرگەو بەشداریکردنی کورد لە ئاستی دەرەوەو مەسەلەی بودجە، چونکە بە بڕوای ئەو لە (٢٠١١)دا قورسترین شت کە رووبەڕووی کورد دەبێتەوە مەسەلەی (١٧٪) ی بودجەیە، کە رەنگە رێژەی کورد بەپێی کورسییەکان نەگاتە (١٧٪)، بۆیە پێویستە کورد ئەو مەسەلانە یەکلایی بکاتەوە.

# ئێران براوەی هەڵبژاردنەکانە

# کشانەوەی ئەمریکا، نفوزی ئێران لە عێراقدا زیاتر دەکات

ئامادەکردنی: شاڵاو فەتاح

**هێشتا مەترسیی گەڕانەوەی حوکمێکی سوڵتەوی و لەبەریەکهەڵوەشانی عێراقی، ئەگەرێکی گەورەیە، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێک لە میدیای جیهانی و چاودێرانی سیاسیی داوا لە واشنتۆن دەکەن، کە هێزەکانی خۆی تا ماوەیەکی درێژتر لەو وڵاتە بهێڵێتەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا عێراقییەکان داوا بکەن.**
**یەکێکی دیکە لە مەترسییەکانی کشانەوەی هێزەکان، زیادبوونی نفوزی ئێرانە، کە هەندێک بە «ئەگەرێکی حەتمیی» دوای هەڵبژاردنەکان لە قەڵەمی دەدەن، بەتایبەت لە حاڵەتی زۆرینەبوونی «دەوڵەتی یاسا» یان «ئیئتیلافی نیشتمانی» ئێران قازانج دەکات و سوود لە پەیوەندییەکانی دەبینێت لەگەڵ ئەم هێزانەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی.**



هەمووان چاویان لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنە

فۆتۆ: بەهادین یوسف

## دەستپێکێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراق

زۆرێک لە چاودێرانی نێودەوڵەتی پێیان سەیربوو کاتێک کۆمسیۆنی باڵا ڕێژەی بەشداریی عێراقییەکانی لە هەڵبژاردندا بە (٦٢٪) خەملاند، لەکاتێکدا ئەوان چاوەڕێی (٥٥-٦٠٪) بوون. ئەنجامە بەراییەکانی چەند پارێزگایەکیش دەریدەخات کە نووری مالیکی کەمێک پێش رکابەرەکانی کەوتووە، ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشوو لە پارێزگا سوننییەکانی باکوورو خۆرئاوا دەنگیهێناوە، پێدەچێت بڵاوکردنەوەی دوا ئەنجامەکان چەند هەفتەیەکی پێبچێت، وەک نیویۆرک تایمزی ئەمریکی پێشبینی دەکات.
کریستۆفەر هیڵ، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، هەڵبژاردنەکانی بە «دەستپێکێکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراق» لەقەڵەمداو هیواشی خواست بۆ ماوەی چەند دەیەیەک درێژبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ژەنەراڵ رای ئۆدیرنۆ، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەواڵی باشی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان پێبوو، کاتێک رایگەیاند؛ ئامادەین پەنجا هـەزار لە هێزەکانمان لە عێراق بکشێنینەوە. رۆبەرت گەیتس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش پێیوابوو؛ خەڵکی عێراق دیموکراسییان لە ئامێزگرتووە.

## دراوسێکانی عێراق سەقامگیرییان دەوێت

زۆر کۆمێنتاری و شیکاریی لەبارەی هەڵبژاردنە مێژووییەکەی عێراق و ئاراستەی سیاسیی داهاتووی ئەو وڵاتەوە بڵاوکرانەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت ئەوەیە، پێگەی دراوسێکانی عێراق لەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازەدالەکوێدایە؟ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق بە وردیی لەلایەن وڵاتانی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاستـەوە چاودێریی دەکرێن، تاران بەتایبەتی چاودێریی سنووری خۆرئاوای خۆی لە عێراق دەکات، سیاسەتی دەرەوەی ئێران ئایدۆلۆژییانە نییە، ئەگەر بە چاویلکەی شیعەگەرییەوە بڕوانینە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق، ئەوە بە هیچ ئاکامێکمان ناگەیەنێت.
لەژێر حوکمی تیۆکراسی شیعەدا بێت یان عەلمانی دیموکراسی یاخود هەرجۆرێکی دیکەی حکومەت و لە هەرکاتێکدا بێت، سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق پشت بە حساباتی پراگماتیکی دەبەستێت بۆ دابینکردنی چەند ئامانجێکی ستراتیژیی و ئەمنیی سەر ئـەرزی واقیع، بەهۆی پەیوەندییەکانی ئێستاشیەوە لەگەڵ ئەمریکا، ئێران خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق، عێراقی سەقامگیرو بێ کێشەی ئەتنی لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئێراندا یەکدەگرێتەوە، دوا شت کە ئێران پێویستی پێیدەبێت، عێراقێکی یەکنەگرتووە، ئەمە بۆ سووریاش بەهەمانشێوەیە و ئەویش بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بە هەڕەشەیەکی جدیی لێکدەداتەوە، هەروەک ئـێـران، تورکیاو سووریا دژایـەتـی هەر هەڵبژاردنێک دەکەن کە ئاکامەکەی ببێتە هۆی شەڕی ناوخۆو کاریگەریی بۆ سەر کوردی ناوچەکانی خۆیان هەبێت، هەربۆیە ئێران و هێزە هەرێمییەکانی دیکە لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزدان لە عێراق بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ناوخۆ.
وڵاتانی دراوسێی عێراق هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانی بەغداو واشنتۆن لاوازبکەن و کاردەکەن بۆ تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ بەغدا، بۆ وڵاتانی وەک تورکیاو ئەردەن ئەمە دۆخێکی ئاڵۆز دەبێت و پێویستی بە تاکتیک و دیبلۆماسییەتی زۆر دەبێت، هەمان شتیش دەربارەی سوریا راستە.

## ئێران براوەی هەڵبژاردنەکانە

لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە، کە ئایا عێراقی خاوەن دیموکراسییەک و یەکگرتوویەکی لاواز چـۆن دەتـوانـێـت رووبـەڕووی فشاری ناوەکی و دەستێوەردانی دەرەکیی ببێتەوە؟ سـەرەڕای هـەڕەشـەی بەعسییەکان و چەکدارەکانی قاعیدە لەسەر دیموکراسی لە عێراق، کاریگەریی بەهێزی ئێرانیش هەڕەشە لەسەر گەشەکردنی داهاتووی ئەو وڵاتەو حوکمی میانڕەوانە دەکات، کاتی زۆری دەوێت تا دەنگەکان دەژمێردرێن و پێکهێنانی حکومەت کاتی زیاتریشی دەوێت، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی دەکرێت، ئەوەیە کە لیستی دەوڵەتی قانوونی نوری مالیکی و باڵی ئیئتیلافی عەممار حەکیم زۆرترینی دەنگەکان دەبەن، کە هەردووکیان تاڕادەیەک دۆستی تاران و پرۆئێرانین، ئەم دوو باڵە یەکبگرن (ئەگەری کەمترە) یان لەگەڵ کوردو سوننە هاوپەیمانیی پێکبێنن، هیچ لە کاریگەریی ئێران بۆ سەر ناوچەکە کەمناکاتەوە، بەڵکو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە نفوزی زیاتریش دەبێت، هاوپەیمانێتییەکەی مالیکی پێکهاتووە لە حیزبەکەی خۆی (دەعوە)، جگە لە سوننی و کوردو تورکمانیش.
لەو ماوەیەی کە سـەرۆک وەزیـران بوو، مالیکی پەیوەندیی باشی خۆی لەگەڵ ئێران پاراست، بەتایبەت لەگەڵ رابەری باڵا ئایەتوڵا خامنەئی، تاران بەردەوام هەوڵیدەدا مالیکی رازیی بکات پەیوەندیی بکات بە هاوپەیمانی شیعەو پێکهێنانی بەرەیەکی شیعیی، بەڵام مالیکی ئەمەی رەتکردەوە.
بەهۆی کاریگەریی ئێرانەوە، موقتەدا سەدری دژە ئەمریکی، کە پێشتر دژایەتییەکی زۆری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە عێراق دەکرد، پەیوەندیی بەو ئەنجومەنەوە کرد، ئەمە جگە لە ئەحمەد چەلەبی کە تا ساڵی (٢٠٠٣) هەڵبژاردەی واشنتۆن بوو، ئەمە جگە لەوەی هەردوو پارتە کوردییەکەی باکوور، پارتی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی دەیانەوێت پەیوەندییە باشەکانیان لەگەڵ ئێراندا بەردەوامیی پێبدەن، هەربۆیە پشتگیریی بازرگانی و سیاسەتی و پەیوەندییە دوو لایەنەکان دەکەن و ناهێڵن گرووپە کوردە ئێرانییەکان هەرێم بەکاربێنن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، بەڵام پەیوەندیی عێراق بەئێرانەوە تەنیا بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی (٣١) ساڵ پێش ئێستا ناگەڕێتەوە، هـەروەک ئێران زۆریـنـەی عێراقییەکان شیعەن. «عێراقی عەجەم» (بە مانای عێراقی فارس وەک لە مێژوودا پێیدەوترا)، کە نیوەی خـوارەوەی ئێستای عێراق دەگرێتەوەو شوێنی دامەزراندنی شیعەگەریی و مەزاری عەلی کـوڕی ئەبوتالیب و حسێنی کوڕی عەلییە، بۆ شیعەکان ئەم خاکە «پیرۆزو ئازیزە»، حەج بۆ کەربەلاو نەجەف ئاواتی هەر شیعەیەکی دڵسۆزە، دەیان و هەزاران ئێرانی ساڵانە سەردانی ئەو مەزارانە دەکەن، تەنانەت سیاسەتە شەڕەنگێزییەکەی سەدام حسێنیش نەیتوانی پەیوەندیی شیعەکان تێکبدات، لادانی سەدام حسێن دەرگایەک بە رووی ئێراندا کرایەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم پەیوەندییە دینی و مێژووییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی.

## پێویستە ئەمریکا دەستوربداتە عێراقی دوای هەڵبژاردن

سەرۆک ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەیدا ئەولەویەت دەبەخشێتە شەڕی ئەفغانستان، دامـەزرانـدنـەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ رووسیا، وەستاندنی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران و بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام گەورەترین تاقیکردنەوەی سەرۆکایەتییەکەی لە وڵاتێکەوە دێت، کە رۆژی یەکشەممە (٣/٧) هەڵبژاردنی ئەنجامدا، ئۆباما کەمپەینی سەرۆکایەتییەکەی خۆی بە دژایەتیکردنی سیاسەتی جەنگی جـۆرج دەبلیو بۆش دەستپێکرد، بەڵام سیاسەتی شەش مانگی داهاتووی ئەو بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە جێهێشتنی عێراقێکی سەقامگیرو دیموکرات و هاوپەیمانیی ئەمریکا، یان سەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و شـەڕی ناوخۆو ناسەقامگیریی تـەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
سـەرۆک ئۆباما هەمیشە پەیمانی کشانەوەیەکی «بەرپرسیارانە»ی لە عێراق داوە، پلانێکی (١٦) هەفتەیی بۆ کشانەوەی هێزەکانی داناو جێگرەکەی، واتە جۆزێف بایدنی نارد بۆ عێراق، بۆ هاندانی لایەنە عێراقییەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئۆباما هەمیشە تەرکیزی خستووەتە سـەر کشانەوەی ئەمریکا، نەک دیموکراسییەتی عێراق، دەبوایە ئۆباما تەرکیزی بخستایەتە سەر نەهێشتنی خوێنڕشتن لە عێراقدا نـەک کشانەوە، عێراقییەکانی دوای هەڵبژاردن هەستیار دەبن بەرامبەر دەستێوەردانی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەمریکا نفوزی خۆی بەکاربێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ناتایفیی.

## ٣/٧ کۆتایی جەنگی ئەمریکا لە عێراق

هەڵبژاردنەکەی یەکشەممە پیشانیدا کـە عێراقییەکان خـوازیـارو شایانی کۆنترۆڵکردنی داهاتووی خۆیانن، پێویستە ئەمریکا بکشێتەوەو هیوای حوکمدارییەکی عەقڵانییانەیان بۆ بخوازێت. کاتێک مێژووی جەنگی ئەمریکا لە عێراق دەنووسرێتەوە، هەڵبژاردنەکەی یەکشەممە پێدەچێت دوابەشی بێت، دەنگدانێکی نیشتمانیی، کە سوننەو کوردو شیعە بەشدارییان تێداکرد دەکرێت بە کۆتایی جەنگێکی حەوت ساڵە دابنرێت، هەرچەندە ناکرێت بە کۆتایی ململانێی تایفیی لە قەڵەمبدرێت، هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو پاساوی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ناکات و گەرەنتی دیموکراتیش لە عێراقدا ناکات، بەڵام هەواڵێکی باشە بۆ سەرۆک ئۆباما کە پلانی کشانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە داوە، دەبێت عێراقییەکان بڕیاربدەن لەسەر ئەوەی کێ حوکمی کەرکوک بکات، چۆن داهاتی نەوت دابەشبکرێت و چەند دەسـەڵات بدرێتە هەرێمەکان، پێویستە ئەمریکاش ئەگەر داوای لێکرا راوێژیان لەگەڵ بکات، ئەگەر نا بکشێتەوەو هیوای حوکمێکی عەقڵانییان بۆ بخوازێت.

## هێشتا بۆ ئەمریکا زووە عێراق جێبهێڵێت

وڵاتانی جیهان، بەتایبەت حکومەتەکەی بـاراک ئۆباما تەرکیزیان لەسەر شوێنی دیکەیە، عـێـراق لەبیرچووەتەوە، ئەمە هەڵەیەکی ترسناکە، عێراق ئێستا ترسناکتر نییە لە سێ ساڵ لەمەوپێش و یاخیبوونی نەتەوەیی نەماوە، بەڵام هێشتا قاعیدە ماوە، بەتایبەت لە هێڵی سنووریی نێوان کوردو عەرەبدا هەڕەشە لە ئاشتی دەکات، مردن بەهۆکاری سیاسیی مانگ لەدوای مانگ زیاد دەکات و لە ئەفغانستانیش زیاترە، بۆیە هێشتا بۆ بیانییەکان زووە کە ئەو وڵاتە جێبهێڵن، ئەگەر عێراقییەکان داوای مانەوەی بەشێک یان هەموویان بکەن، بەڕێز ئۆباما پێویستە بڵێت، باشە. سوپای ئەمریکا لە هەندێک شوێن هێشتا لەنێوان دوو نەیاردایە، ئەوە کاری عێراقییەکانە کە نەتەوە بنیادبنێن، نەک تەنیا وڵات، بەداخەوە عێراقییەکانیش هیچ ئاماژەیەکی لەوجۆرەیان نیشاننەداوە، لە حاڵەتێکدا حکومەتی داهاتووی عێراق گەندەڵیی و تایفییەت تێنەپەڕێنێت، ئەگەری ئەوە هەیە پیاوێکی بەهێز بەهۆی سوپاوە بگەڕێتەوەو جێ بە حکومەتی ئـازادو پلورالی ئێستای عێراق چۆڵبکات و حوکمێکی سوڵتەوییانە دابمەزرێنێت وەک هەر شوێنێکی دیکەی دنیای عـەرەب، ئەمەش دەبێتە تراژیدیا.

**زانـیـاریـی لـە (ئیکۆنۆمیست، واشنتۆن پۆست، لۆس ئەنجلس تایمز، ئەلجەزیرە، رادیۆ فری یوروپ، دەیلی کۆلەر) وەرگیراوە.**

## «هاوپەیمانێتی عەلاوی‌و مالیکی، وێرانکەر دەبێت»

# تاقیکردنەوە گەورەکە لە هەرێمەوە دەستیپێکرد

راپۆرتی: هەستیار قادر



دیداری مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەیاد عەللاوی

### هەولێر، بەرەیەک دژ بە مالیکی

داوەتـنـامـەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ لیستەکانی عێراقییەو ئیئتیلاف‌و هاتنی سەرکردەکانیان‌و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا، گەلێک لێکدانەوەی بۆ کرا، میدیاکان بەشێوەیەک باسیاندەکرد، کە بۆ کێشانی چوارچێوەی حکومەتی داهاتووی عێراقە، بە لێدەرکردنی لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی‌و هەندێکی دیکە هاوکێشەکان بچووکتردەکەنەوە بۆ مشتومڕی لیستی هاوپەیمانیی سەبارەت بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمارو ڕەواندنەوەی مەترسیی کورد لە لێدوانەکانی ئەم دواییەی تاریق هاشمی، ئەندامی لیستی عێراقییە، کە تیایدا ویستی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سـەرۆک کۆمار دەربـڕی، وەک عەرەبێکی سوننەو لەو چوارچێوەیەشدا نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کـردووەو بە عەلاویدا گەیاندوویەتی بە جێگەی خۆی، کە بە وتەی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، ناوەڕۆکی نامەکە تەواو جیاواز بووە لە ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیەی پێشووتر کە نووسینگەی تاریق هاشمی دەریکردووە، هاوکات سەرچاوەیەکی نزیک لە لیستی عێراقییەوە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات بە ڕۆژنامەی راگەیاند «تاریق هاشمی سوورە لەسەر هەڵوێستەکەی بۆ وەگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمارو پاشگەز نەبووەتەوە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا، کە مشتوومڕی سەرانی لیستەکەی لە هەرێم بۆ ڕێکەوتن بووە لەسەر چوارچێوە گشتییەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی‌و پێکهێنانی حکومەت‌و ئەگەر بگەنە ڕێکەوتنی سەرەتایی، لەماوەی یەک دوو هەفتەی داهاتوودا لیژنەی تایبەت بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ ڕەسمییەکان دەستپێدەکەن.

هەر لەوبارەیەوە عالیە عوبێدی، ئەندامی لیستی عێراقییە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانە بۆ زانینی بەرنامەی لیستەکان بووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق‌و دووبارەنەبوونەوەی ئەزموونی چوارساڵی رابـردووی خراپی حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەر لە خزمەتگوزارییەوە تا خراپیی ئەدای لە سیاسەتی دەرەکیدا.

داوەتنەکردنی نوری مالیکی بۆ ئەو کۆبوونەوانەی هەولێر، وەک میدیاکان باسیدەکەن، جۆرێکە لە بەرەگرتن لە نوری مالیکی‌و بڕیاریشە بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ئەو مەترسییە هەریەک لە عەلی ئەدیب‌و حەیدەر عەبادی، دوو گـەورە بەرپرسی حیزبی دەعوە سەردانی هەولێر بکەن.

### دەوڵەتی یاسا دەبێتە ئۆپۆزسیۆن؟

ئەگەر بیرۆکەی گەلەکۆمەکێکردن لە لیستی دەوڵەتی یاسا ڕاستبێت‌و هەریەک لە لیستەکانی ئیئتیلاف‌و عێراقییەو هاوپەیمانیی، بەبێ لیستی دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانیی بکەن‌و حکومەت پێکبهێنن، تاکە ڕێگە لەبەردەم مالیکیدا بوون بە ئۆپۆزسیۆنە، کە هەرچەندە پێشبینیدەکرێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت».

ناجیحە عەبدولئەمیر، ئەندامی حیزبی دەعوەو پەرلەمانتاری عێراق، بڕوابوونی تەواو بە تیۆری پیلانگێڕیی لە کۆبوونەکانی هەولێر ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر کۆبوونەوەیەک هەبێت لەسەر ئاستی لیستە سەرەکییەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندیی هاوڵاتییانی عێراق، پێویستە سەرجەم ئەو لیستانە بەشداربن تیایدا، کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوەو دەوڵەتی یاسای لێ بێبەشنەکرێت‌و ڕێز لە ئیرادەی ئەو هاوڵاتییانە بگیرێت کە دەنگیان پێداوە».

سەبارەت بە ئەگەری پەنابردنە بەر ئۆپۆزسیۆنبوونیش لەلایەن لیستی دەوڵەتی یاساوە، ئەو ئەندامەی حیزبی دەعوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەوان وەک لیستی زۆرینە مافی خۆیانە حکومەت پێکبهێنن، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئیرادەی دەنگدەرانییەوە مەرج بەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا فەرز بکرێت، دەستبەجێ دەبنە ئۆپۆزسیۆن، بەبێ ئـەوەی ئاماژە بە سرووشتی ئەو مەرجانە بکات.

### هاوپەیمانییە مەترسیدارەکە

بەپێی دەرئەنجامە بەرایییەکان، لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی دەبێتە لیستی زۆرینە، لە ڕووی بەدەستهێنانی دەنگەوە هەریەک لە لیستی ئیئتیلاف‌و عێراقییە بەدوایدا دێن، بەمەش هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت هەمە لایەنە دەبێت.

بە بـڕوای عەبدوڵڵا ساڵح، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؛ مەترسیدارترین هاوپەیمانیی لەنێوان عـەلاوی‌و مالیکدا دەبێت، کە بە وتەی ناوبراو دەبێتە جێگەی ڕەزامەندیی دەرەوە، بەوپێیەی هەردووکیان لە دەرەوەی پرۆژەی ئێراندان، وتیشی: «بەڵام ئەم هاوپەیمانییە دەرئەنجامی وێرانکەریی لەسەر عێراق دەبێت‌و تیایدا کوردیش وەک بەشێک لە عێراق زیانلێکەوتوو دەبێت‌و دەستوور دەخرێتە ژێرمەترسییەوە، چونکە هـەردوو لایەنی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا بڕوایان بە فیکری مەرکەزیەت هەیەو چەند مادەیەکی دەستووریش بلۆک دەکەن».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە، شیاوترین هاوپەیمانیی لەنێوان عێراقییەو ئیئتیلاف‌و کـوردایـە، کە لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی دەوروبەریشەوە قبووڵکراوە.

### کەمتەرخەمییەکەی کورد

مەترسیی کەس‌و حیزبەکان لە پۆستی سەرۆکی حکومەتی عێراقیدا لەماوەی چەند ساڵی رابردووی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە تا دێت درێژو ئاڵۆزتر دەبێت، بە ڕادەیەک کە ئەو کەس‌و حیزبانەی ئەو پۆستە دەگرنە دەست، بوونەتە گرێی سیاسیی لای کوردو بە وتەی چاودێرانی بارودۆخەکەش بوونی ئەو هەستیارییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پۆستی سـەرۆک وەزیـران‌و ئەو کەس‌و حیزبەی دەیگرێتەدەست، پەیوەندیی بە دامەزراوەنەبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە هەیە، کە ئەگەر عێراقێکی دیموکراسی دامەزراوەیی بهاتایەکایەوە، گرنگ نەدەبوو کێ پۆستەکان لەبەغدا بەڕێوەدەبات، هەرکەسێک بێت، ناچارە بە دامـەزراوەیـی مامەڵە لەگەڵ دەستوورو دەسەڵاتی هەرێمدا بکات.

عەبدوڵڵا ساڵح، پەرلەمانتار، ئەو تێڕوانینە پشتڕاستدەکاتەوەو دەڵێت: «یەکێک لە کەمتەرخەمییەکانی کورد لە چوارساڵی رابردوودا ئەوە بووە، کە کاری نەکردووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی دیموکراسی‌و دامـەزراوەیـی بەپێی دەسـتـوور، لەبری ئەوەی شەڕ لەسەر ئەو یاسایانە بکەین کە هەیکەلیەتی دەوڵەتی دیموکراسی عێراق پێکدەهێنن، خۆمان بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵکردووە».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە؛ لە نەبوونی دەوڵەتێکی دیموکراسی موئەسەساتی عێراقدا، کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بەو ئاقارە گەیشتووەو ئەگەر وانەبوایە کێشەکان بـەو ئاستە نەدەگەیشتن‌و کێشەکانیش چارەسەردەکران بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ پۆستە باڵاکانی بەغدای بەدەستەوەیە».

# دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار کەمدەبێتەوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری عێراق لە خولی داهـاتـوودا، لە خولی سەرۆکایەتی چوارساڵی رابـردوو کەمترەو جگە لەوەی مافی ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی نییە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەنددەکرێت، پۆستێکی ڕەمزیی دەبێت‌و ئەو دەسەڵاتانەی پێشتر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار هەیبووە، دەدرێتە ئەنجومەنی فیدراڵی لەدوای پێکهاتنی.

لـە خـولی چـوارسـاڵـی رابـــردوودا، سـەرۆکـایـەتـی کـۆمـار لـە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێکهاتبوو، کە سەرۆکی کۆمارو دوو جێگری بوون، ئەوانیش هەریەکەیان بەجیا مافی ڤیتۆی لەسەر هەر یاسا یان بڕیارێک هەبوو، کە لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند دەکراو ئاڕاستەیان دەکرا، بەڵام بۆ خولی داهاتوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نامێنێت‌و تەنیا سەرۆکی کۆمارو جێگرێکی دەبێت، کە مافی ڤیتۆی هیچ بڕیارو یاسایەکیان نییە، لەبری ئەوان ئەنجومەنی فیدراڵی ئەو مافەی هەیەو زۆرینەی دەسەڵاتەکان لەدەستی ئەو ئەنجومەنەو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا دەبێت.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لە سیستمی پەرلەمانیدا، دەسەڵاتەکان زیاتر بەدەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران دەبێت، لە عێراقیشدا لەسەردەمی حکومەتی کاتیدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەبوو، کە کارەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی دەکرد، کە بەپێی دەستوور دەبێت پێکبێت‌و پەرلەمانی داهاتوو بڕیار بۆ پێکهێنانی دەربکات، بەوهۆیەشەوە لە عێراقدا دوو دەسەڵاتی تەشریعی دەبێت، یەکێکیان ئەنجومەنی نوێنەرانەو ئەوی دیکەیان ئەنجومەنی فیدراڵی دەبێت، کە نوێنەرایەتی هەرێم‌و پارێزگاکان دەکات بۆ پاراستنی پەرژەوەندییەکان، بەو هۆیەشەوە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار دەکەوێتە دەستی ئەنجومەنی فیدراڵی».

سەبارەت بە مەسەلەی بوون یان نەبوونی مافی ڤیتۆ لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، داوا لە دادگای فیدراڵی کرا کە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر دیاریکردنی ١٥ ڕۆژ بۆ سەرۆک کۆمار لەسەر پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی یاساکان بدات. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە دادگای فیدراڵی عێراقی لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی راگەیاند: ئەو کێشەیە تائێستا لە دادگای فیدراڵی یەکلایی نەبووەتەوە.

بەڵام بە بڕوای شارەزایانی دەستوورو یاسا، بۆ خولی داهاتوو سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی نابێت.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئـامـاژەی بـەوەکـرد؛ سەرۆکی کۆمار سیمبولێکی سیادیی هەیەو پارێزەری دەستوورە، وتیشی: «پارێزەرایەتی دەستوور دەسەڵاتێکی فراوانبووەو تائێستاش بە یاسایەک بەرجەستەنەکراوە، کە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی بۆ پاراستنی دەستوور چییەو چـۆن دەتوانێت ئـەو دەستوورە بپارێزێت، بەڵام ئەگەر بێت‌و ئەو یاسایەی بۆ دەربچێت دەسەڵاتێکی کەم نییە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە چالاک نەکراوە».



ئایا سەرۆک کۆماری داهاتووی عێراق کێ دەبێت؟

د.ئەحمەد جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بۆ خولی داهاتوو سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی نابێت، چونکە ئەو مافە دەدرێتە دەست ئەنجومەنی فیدراڵیی‌و ئەو ئەنجومەنە مافی گێڕانەوەی یاساکانی بۆ پەرلەمان دەبێت، نەک سەرۆک کۆمار.

بەپێی مـادەی (٧٣) لە دەسـتـووری هەمیشەیی عـێـراق، سـەرۆک کۆمار دەسەڵاتی «دەرکردنی لێبووردنی گشتیی‌و پەسەندکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان‌و بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیـران‌و بەخشینی مـەدالـیـاو پەسەندکردنی باڵیۆزو دەرکردنی بەیاننامەی کۆماریی‌و پەسەندکردنی حوکمی لـەسـێدارەدان‌و سەرکردایەتیکردنی هێزە چەکدارەکان بەمەبەستی ئاهەنگگێڕان‌و پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی هەیە کە ئەنجومەنی وەزیران دایدەنێت، بەبێ ئەوەی مافی ڕەتکردنەوەی هەبێت».

بەوپێیەش بە بـڕوای ئارپان محەمەد، شـارەزای دەستووری فیدراڵی؛ سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی دەبێتە هاوسەنگیکردن لەنێوان دەسەڵاتەکاندا، بەڵام دەسەڵاتی فیعلیی لەدەستدا نامێنێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕەمـزیـی دەبـێـت‌و زیاتر کەسایەتییەک دەبێت لـەوەی دەسەڵاتێک بێت، وتیشی: «ڕاستە بۆ خولی داهاتووی سەرۆک کۆمار دەسەڵاتەکانی کەمتردەبنەوە، بەڵام خۆ لە رابـردوودا سەرۆک کۆماری عێراق کورد بووەو ئەو دەسەڵاتەی کە لەمەودوا دەدرێتە ئەنجومەنی فیدراڵی لەدەستی ئەودا بووە، بۆیە لێرەدا پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە، کە ئایا سەرۆک کۆماری عێراق کە کورد بووە توانیویەتی پۆستەکەی لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورددا بەکاربهێنێت؟ بەتایبەتیش دەسەڵاتی پاراستنی دەستوور».

# چیرۆکی ئەو گۆڕانخوازەی، دەزگا هەواڵگرییەکانی حیزب، رفاندیان

**سازدانی: رۆژنامە**

**جەمال حەسەن عەلی، خاوەنی دووبرای شەهیدو (٦)کەسی ئەنفالکراوی خانەوادەکەیەتی کە لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، ئاڵای گۆڕانی لەسەر ماڵەکەی لە گەڕەکی پەنجاعەلی بەرزکردەوەو «بە دڵسۆزییەوە» کاری بۆ لیستی گۆڕان دەکرد، بەڵام رۆژی (٣/٢) لە نزیک فولکەی ئیخوانی گەڕەکی رەحیماوا، بە دووریی (١٠٠)مەتر لە دەورییەیەکی پۆلیسەوە لەلایەن جلرەشە هەواڵگرییەکانی حیزبەوە رفێنراو رۆژێک دوای ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان لە ناوچەی قادرکەرەم ئازادکرا، لەماوەی رفاندنەکەشیدا جۆرەها ئەشکەنجەی جەستییان داوە.**

## رووداوی رفاندنەکە

جەمال حەسەن عەلی، تەمەن (٤١) ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی پەنجاعەلی شاری کەرکوکەو پیشەی دانان‌و بەستنی بۆرییە بۆ ماڵان‌و فەرمانگە حکومییەکان، چۆنێتیی رووداوی رفاندنەکەی بۆ رۆژنامە گێڕایەوەو وتی: «رۆژی (٢٠١٠/٣/٢) لە گەڕەکی فەیلەق دەگەڕامەوە کە پێشتر بایی نزیکەی (٨٥٠)دۆلار مەوادی بۆریم بۆ کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی کڕیبوو، پارەکەم وەرگرت‌و سواری تەکسیەک بـووم‌و لە نزیک فولکەی ئیخوان بۆ سەردانی برادەرێکم دابەزیم کە سەعات (٤)ی پاش نیوەڕۆبوو، لەپڕ ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزی جۆری دایۆی رەنگڕەش‌و جامتاریک لە تەنیشتمەوە وەستا، یەکێک لە سەرنشینانی ئۆتۆمبێلەکە دابەزی‌و پێیوتم، وەرە لەگەڵمان، هەندێک پرسیارمان هەیەو دوایی دەتهێنینەوە بۆ شوێنی خۆت، بەڵام من قایل نەبووم، پێیوتم، بۆ دەترسی خۆ ئێمەش کوردین، لەپڕ دووچەکداری ناو ئۆتۆمبێلەکە کە دەموچاویان هەڵپێچابوو پەلاماریاندام‌و خستمیانە نـاو ئۆتۆمبێلەکەوەو تورەکەیەکیان کـردە سـەرم، نزیکەی (٥)سـەعـات لـەنـاو ئۆتۆمبێلەکەدا بەڕێگاوەبووین، ئەوانەی ناو ئۆتۆمبێلەکە (٤)چەکداربوون‌و جل‌و بەرگیان رەش بوو، دەموچاویشیان هەڵپێچابوو، دواتر شەو بوو، لە ژوورێکی ماڵێکدا دایاننام کە هەردوو مەتر دەبوو، بۆ ماوەی دوو رۆژ هیچیان لێنەپرسیم، رۆژی جارێک چەند سەمونێک‌و هەندێک ئاویان پێدەدام».



جەمال حەسەن ئەشکەنجە دراوە

## لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە

جەمال دەڵـێـت «دوای دوو رۆژ، شەوێکیان لە ژوورەکـــەدا دووکـەس هاتنەلام‌و پێیانوتم، بۆ وێنەی سەرۆک کۆماری عـێـراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستانت دڕانـــدووەو تفت لێیان کردووە، منیش وتم، من هەرزەکارنیم‌و کاری وام نەکردووە، کە لە راستیشدا من کاری وام نەکردبوو، هەرکاتێکیش کە بۆ ژوورەکـەم دەهاتن، پێیاندەوتم، روو لەدیوارەکە بکە بۆ ئەوەی نەیانبینم‌و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردم، شەوێک تورەکەیان کردەوە سەرم‌و بردمیانە ناو باخچەی ئەو خانووەی کە تیایدا بەندیان کردبووم‌و لەسەر دەم رایان کێشام‌و بەشیشی کەباب کە سووریانکردبووەوە هـەمـوو پشت‌و بـاڵـیـان سـووتـانـدم‌و زۆریشیان لێدام، بۆ رۆژی دواتریش تێزابیان بە جەستەمدا کرد، کە بەهۆیەوە هەموو جلەکانم سووتان‌و برینەکانم زۆرئازاریان دەدام، لەماوەی ئەو شەش رۆژەی لەلایان بووم، تەنیا ئەو جارە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم».

## چۆنێتی ئازادکردنی

جـەمـال حـەسـەن، لـەبـارەی ئازادکردنییەوە، دەڵێت «ئێوارەی رۆژی (٣/٨) یەک رۆژ دوای دەنگدان، پێیانوتم، ئـازادت دەکەین، سواری ئۆتۆمبێلیان کردم بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێک لەناو ئۆتۆمبێلەکەدابووم، هێنایانم بۆ ناوچەی قادرکەرەمی نزیک قەزای چەمچەماڵ‌و لە ئۆتۆمبێلەکە دایانگرتم‌و لەسەردەم لەنزیک جادەکە دایاننام‌و پێیانوتم، تا ١٥٠ بژمێرەو دواتر هەڵسە، ئیتر ئەوان رۆیشتن‌و منیش هاتمە سەر جادەکەو لە رێگای هاوڵاتییەکەوە پەیوەندیمکرد بە براکانمەوەو لە چەمچەماڵەوە هاتن بەدوامداو بردیانمەوە».

## تۆمارکردنی سکاڵا

جەمال حـەسـەن، دەڵـێـت «دوای ئازادکردنم بۆ تۆمارکردنی سکاڵا، پەیوەندیم کردووە بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ‌و نەتەوەیەکگرتووەکان‌و کونسوڵخانەی ئەمریکا لەکەرکوک‌و پۆلیس‌و دادگای کەرکوکەوە»، جەمال ئاماژە بۆ ئـەوەش دەکـات «هۆکاری رفاندنەکەم، تەنیا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە من کارم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەکردو پێش هەمووکەس ئاڵای گۆڕانم لەسەر ماڵەکەم لە گەڕەکی پەنجاعەلی بەرزکردەوە، کە لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆر لەلایەن رێکخستنەکانی یەکێتییەوە دەدرا بۆ پاشگەزبوونەوەم، بەڵام من سـووربـووم لەسەر پشتگیریی‌و کارکردنم بۆ لیستی گـۆڕان‌و هیچ کێشەیەکی شەخسیشم لەگەڵ کەسدا نییەو ئـەوانـەی رفاندیشیانم دەزگـا هـەواڵـگـریـی‌و میلیشیاکانی حیزبە کوردستانییەکان بوون».

جەمال حەسەن، خێزاندارەو خاوەنی (٥)منداڵەو دووبرای شەهیدەو (٦)کەسی خێزانەکەشی ئەنفالکراون.

# پیرەمەگروون لە بودجەی (٢٠١٠) بێبەشدەکرێت

**راپۆرتی: فاخیر تەلانی**

لەگەڵ ئەوەی ناحیەی پیرەمەگروون لە (٥) هەزار ماڵ پێکهاتووەو زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس دانیشتووانەکەیەتی‌و (٤٢) گوند لەخۆدەگرێت، بـەڵام لە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا پشتگوێخراوە، لەکاتێکدا کە بەڵێنیان پێدرابوو بە گوژمەی (١١) ملیار دینار پرۆژەیان بۆ بکرێت.

لەدوای خۆپیشاندانەکەی هاوڵاتییانی پیرەمەگروون لە (٢٠٠٩/١٢/٢٣)دا، بەرپرسانی حکومی‌و حیزبیی لەو ناوچەیە بۆ دامرکاندنەوەی هاوڵاتییان لە راگەیاندنەکانیانەوە بەڵێنیان بە هاوڵاتییان دەدا، کە لەساڵی ٢٠١٠دا بە گوژمەی (١١) ملیار دینار پرۆژە لـەو شارۆچکەیەدا جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، لە بودجەی ٢٠١٠ی هەرێمدا قـەزای دوکـان بە ناحیەی پیرەمەگروونیشەوە فەرامۆشکراوە.

مەسعود قادر، وەک کاسبکارێکی دانیشتووی شارۆچکەی پیرەمەگروون ئـامـاژەبـەوەدەکـات؛ دانیشتووانی پیرەمەگروون وەک تـەواوی شارو شارۆچکەکانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە بودجە بۆ پرۆژەکانیان تەرخانبکرێت‌و دەپـرسـێـت بـۆ پـرۆژە وەهمیی‌و حیزبییەکانی خۆیان لەبیرنەچوو، بەڵام شارۆچکەیەکی وەکو پیرەمەگروونیان لەبیرچوو.

یەکێک لەو کەموکوورییانەی لە بـودجـەی هەرێمی کوردستاندا لە پەرلەمان ئاشکرابوو، بێبەشکردنی هەندێک ناوچە بوو لە بودجەو دانانی بودجە بوو بۆ هەندێک پرۆژەی حیزبی‌و چەندین پـرۆژەی وەهمیی، کە قەزای دوکانیش یەکێکە لەو قەزایانەی لە بودجەدا کەمترین پشکی بۆ دانراوە.

پێشەوا تۆفیق کانی وەتمانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان‌و نوێنەری سنووری قەزای دوکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای ئـەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ئەمساڵی راگەیاند، دەرکـەوت کەمترین بودجە بۆ قەزای دوکان‌و ناحیەکانی تەرخانکراوە، بگرە چەندین ناحیە بێبەشکراون، بەتایبەتی شارۆچکەی پیرەمەگروون، کە ژمارەی دانیشتووانی خـۆی دەدات لە (٣٠) هەزارکەس».

ئـەو ئەندامەی پەرلەمان رەخنە لە ناعەدالەتی دابەشکردنی بودجە دەگـرێـت‌و جەخت لـەوە دەکـاتـەوە، نەبوونی خزمەتگوزاریی‌و بێبەشکردنی شارۆچکەی پیرەمەگروون لە بودجە، کاریگەریی سلبیی دەبێت لەسەر ئەو ناوچەیە.

خەڵکی ناحیەی پیرەمەگروون وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کـوردسـتـان پێویستیان بـە بودجە هەیە، بۆ ئـەوەی کەموکورتییەکانی ناوچەکەیانی پێ چارەسەر بکەن، کە هەر ئەو کەموکورتییانەش بوو لەدژی، خۆپیشاندانیان کرد.

سابیر رەسوڵ، کەسوکاری ئەنفال‌و دانیشتووی پـیـرەمـەگـروون، باس لەوەدەکات؛ وارسێکی زۆری کەسوکاری ئەنفال لەم شارۆچکەیە نیشتەجێیە، بەڵام کەمترین خزمەتگوزارییان بۆ کراوە.

سابیر ئاماژەبەوەدەکات؛ لە زۆرێک لە شارو شارۆچکەکانی دیکە خانوو بۆ وارسی ئەنفال دروستکراوە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی پیرەمەگروونیش بەهیوای ئەوەبوون لە بودجەی (٢٠١٠) خانوویان بۆ بکرێت، بەڵام لەئێستادا شارۆچکەکەیان لە بودجە بێبەشکراوە.



پیرەمەگروون بە بودجە ئاوەداندەکرێتەوە

# رۆشنبیران، ئیدانەی ترس‌و تۆقاندنی خەڵکی سلێمانی دەکەن

**رۆژنامە**

رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسان‌و خوێندکاران، لە سێ نامەی جیـاوازدا، داوا لە سەرۆکی کۆماری عێراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە رێگریی بکەن لەو هەڵمەتی ترس‌و تۆقاندنەی لە پارێزگای سلێمانیدا رووبەڕووی ئەو کەسانە بووەتەوە کە رای جیاوازیان هەبووەو دەنگیان نەداوە بە حیزبی دەسەڵات.

لە یەکێک لەو بەیاننامانەدا کە رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسان بڵاویانکردووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە چەند رۆژی رابـردوودا، هەرێمی کوردستان بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگدا تێپەڕی‌و لەم تاقیکردنەوەیەشدا، رەخساندنی کەشێکی ئازادو دوور لەتۆقاندن، مەحەکی راستەقینەی دیموکراسیبوونی دەسـەڵات‌و هەموو هێزە رکابەرەکانیەتی، چونکە سەرەتاییترین پرەنسیپی دیموکراسی، قبووڵکردنی دۆڕان‌و زامنکردنی مافی بەئازادیی هەڵبژاردنە بۆ هەموو هاوڵاتییەک بە یەکسانی.

لـەم روانـگـەیـەشـەوە، رۆشنبیران‌و رۆژنـامـەنـووسـان، دەڵـێـن «ئـەوەی جێی نیگەرانی‌و نـاڕەزایـی ئێمەیە، شەپۆلی دەستگیرکردن‌و ئـــازاردان‌و پەلاماردانی خەڵکێکە لەشاری سلێمانی، لەسەر ئەوەی دەنگیان بەلیستێکی دیاریکراو داوە، بەتایبەتی ئەو ئەفسەرو پلەدارانەی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە کە بەهۆی ئاشکراکردنی دەنگدانییانەوە بەلایەنێکی دیاریکراو، رووبەڕووی لێپێچینەوە بوونەتەوە، بەبیانووی ئەوەی، گوایە نابێت لەناو هێزەچەکدارەکاندا ئەم کارانە بکرێن، وەک ئەوەی هێزەچەکدارەکانی کوردستان زۆر بێلایەن بن».

هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: ئەوەی جێی مەترسیشە وەک باسدەکرێت، ئەم لێپێچینەوەو سزادانانە لە کاتێکدا ئەنجامدەدرێن کە سەرباری هەموو تێبینییەکانمان لەسەر پرۆسەی هـەڵـبـژاردن، بـەڵام ئەمجارەش خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لێپرسراوییەوە چوونە بـەردەم سندووقەکانی دەنگدان‌و ئەرکی نیشتمانیی خۆیان ئەنجامدا، بۆیە بەئەرکی خۆمانی دەزانین، داکۆکی لە ماف‌و ئازادییەکانی هەموو هاوڵاتییەک بکەین بەبێ جیاوازیی بیروڕای سیاسییان.


رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسان، وێڕای دەربڕیـنـی نـاڕەزایـی خـۆیـان بەرامبەر بەگرتنەبەری ئەو جۆرە رێوشوێنانە، ئیدانەی هەر جۆرە کارێک دەکـەن کە ببێتە مایەی سنووردارکردنەوەی رووبـەری ئازادیی‌و دەربڕینی بیروڕا لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە پێمانوایە، ئەم کارانە جگە لەوەی رێگە بۆ شێواندنی ئارامیی کوردستان فەراهەم دەکەن، لەهەمانکاتیشدا وێنەیەکی ناشیرینی ئەم هەرێمە پیشانی دەرەوە دەدەن.

لە بەیاننامەیەکی دیکەدا کە دەستەیەک خوێندکاری دکتۆراو لێکۆڵەری زانکۆکانی ئەوروپا بڵاویانکردووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکـەن، تـرس‌و پـەلـەمـاردان لە بەرامبەر پاڵێوراوان‌و چالاکوانانی هێزو بزووتنەوەکانی سەر گۆڕەپانەکەو دیـاردەی تەقەکردن لە یەکترو هەڵکوتانە سەر ماڵی فڵانە پاڵێوراو و تۆقاندنی فڵانە چالاکوان، تەنیا ناشارستانی‌و ئەوپەڕی ناکاملیی دەسەڵاتی کورد نەبێت، هیچی دیکە ناگەیەنێت.


ئەوەی ئەو گرووپە خوێندکارەی تووشی شۆک‌و سەرسوڕمان کردووە، بە تەنیا ئەم کردەوانە خۆیان نین، بەڵکو بێدەنگییە لە ئاستیانداو لەمڕووەشەوە، دەڵێن «پێمانوایە، بێدەنگبوون لەم کـردەوانـە، هەرێمەکە بە ئاقاری وڵاتێکدا دەبـات کە تیرۆرو ترس تێدا سادە دەبن‌و لە هەموو کاتێکدا بکەرە سیاسیی‌و ناسیاسییەکان، بەبێ شەرم‌و هیچ هەڵوەستەکردنێک، پەنای بۆ بەرن‌و دواجار کاریگەرییەکی چەوتیش لەسەر ئەو پرۆسەیە بەجێبهێڵن، کە دەشێت ناوی بنێین پرۆسەی دروستبوونی دەسـەڵات‌و دامەزراوەکان لە وڵاتەکەدا».

# رۆشنبیران چۆن دەڕوانــــــــنە هەڵبژاردنی ٣/٧؟

راپۆرتی: رۆژنامە




**شێرزاد حەسەن: ئەم هاتوهاوارە مایەی مەترسیی بوو بۆ منو هەزاران کەسی دیکە**



**شێرکۆ بێکەس: هیوادارم مێزگردی تەبایی و ئاشتی لەنێوان دوژمنەکانی دوێنێدا ببینم**



**کامەران مەنتک: لایەنەکان لەبری ئەوەی هەوڵبدەن لەو بانگەشەیەدا بەرنامەکانیان بۆ پەرلەمانی داهاتوو بخەنەڕوو، هەوڵدەدرا زیاتر بەرامبەرەکەی بشکێنێت**



**دانا عەسکەر: کۆمسیۆن بە هیچ شێوەیەک بێلایەن نەبووەو بەرچاوی خەڵکەوە ساختەکاریی دەکرا**

بەشێک لە رۆشنبیرانو نووسەرانی کورد کۆکن لەسەر ئەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، لەبری ئەوەی هەوڵبدرێت بەرنامەی لیستەکان بخرێتەڕوو، هەوڵدەدرا زیاتر بەرامبەرەکەیان بشکێنن و بەهۆی بێلایەننەبوونی کۆمسیۆنو زۆریی رێژەی ساختەکاریی و پێشێلکارییەکان، نەتوانراوە هاوسەنگیی راستەقینەی هێزەکان دەربکەوێت.

## بانگەشە، یان شکاندنی بەرامبەر

لە رۆژی (٢/١٢) هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستیپێکردو تا رۆژی (٣/٦) بەردەوام بوو، شێرکۆ بێکەس، شاعیرو رووناکبیر، باسی لەوەکرد؛ لەبەرئەوەی خاوەن کلتووری شارستانیو دیموکراسی نینو لە منداڵییەوە «تووڕەبوون»و «زمان زبری»و هاوارکردن بە دەنگی بەرزو «لێنەبووردن» لە یەکتریو دابونەریتی «تۆڵە»و یەکتری قبووڵنەکردن مێژووی دوورو نزیکمان بووە، کە حیزبایەتیشمان کردووە، هەر حیزب خۆی بە خاوەنی حەقیقەتی موتڵەق زانیوەو بەرامبەریشیان بە تەواویی سڕیوەتەوە، بۆیە کاتێک ئەم کلتوورە پرۆسەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدەدرێت، بانگەشەکانیش هەمیشە تووڕەو بە هەراو زەناو دەمبەهاوارو زمانیشیان دەبێتە زمانی هەڕەشەو تەنانەت هەندێکجار دەگاتە ئەوەی توندوتیژیی بگەیەنینە سەر ئێسقانی یەکتر.

ئەو شێوازە توندوتیژییانەی بانگەشەی هەڵبژاردن بە وتەی رۆشنبیرانی کورد، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، لەوبارەیەوە شێرزاد حەسەن وەک نووسەرو رووناکبیرێک لەو بڕوایەدابوو، کە هەڵبژاردن لە وڵاتی ئێمەدا دوورە لە هەر شێوازێکی شارستانیی، لەوکاتەوەی هەڵبژاردن دەکرێت، لەدوای راپەڕینەوە تائێستا هەر دووربووە لە عەقڵانیەتو هەموو چەکو ئامرازێک لەلایەن حیزبەکانەوە تێیدا بەکاردەهێنرێت، ئەوەتا لەکاتی بانگەشەی ئەم هەڵبژاردنەدا کار گەیشتە ناوزڕاندنو ریسواکردنو پەنابردن بۆ هەرشێوازێک لە گەمەی هەڵبژاردن، کە هیچ نییە جگە لە دەنگ کۆکردنەوە.

ئەو رووناکبیرە مەترسیی لەو گەرموگوڕییەی گەنجان هەبوو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کە هەموو هاوڕێو هاوتەمەنو هاوپۆل بوون، کەچی لە بەرامبەر یەک پەرۆکانیان دژ بەیەک بە رقو کینەوە بەرزدەکردەوە.

شێرزاد حەسەن دەڵێت ئەم هاتوهاوارە مایەی مەترسیی بوو بۆ ئەو و هەزاران کەسی دیکە، چونکە ترس هەبوو لە تەقینەوەی ئەو تووڕەییە، ئەوەی لەکاتی بانگەشەدا بینرا، تەنیا ئەوەنییە کە کەسەکان دەیانەوێت گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانیان بکەن، بەڵکو دیوێکی دیکەی شاراوەی هەبووە، کە دیوێکی هیستریییەو دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوە بتەقێتەوە».

رۆشنبیران رەخنەیان هەیەو پێیانوایە؛ لەبری ئەو دووژمنایەتیکردنەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بینرا، دەکرا هەریەکە لە رێگەی کەناڵە میدیاییە حیزبییو ئەهلییەکانەوە بەرنامەی خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق بخستایەتەڕوو و کاندیدەکانیان بە باشی بناسانایە.

کامەران مەنتک، چاودێری سیاسیی ئاماژە بەوەدەکات؛ لایەنەکان لەبری ئەوەی هەوڵبدەن لەو بانگەشەیەدا بەرنامەکانیان بۆ پەرلەمانی داهاتوو بخەنەڕوو، هەوڵدەدرا زیاتر بەرامبەرەکەی بشکێنێت، تا گەیشتە ئەوەی کە لەبری بانگەشەی هەڵبژاردن، مەترسی رووودانی شەڕ دەکرا، کە ئەمە کارێکی ناتەندروستە.

لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ئەو (٢٢) رۆژەدا بانگەشە گەرموگوڕیی پێوەدیاربوو، تەنانەت دوای تەواوبوونی پرۆسەکەش بەردەوام بوو، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست کاندیدەکان بناسێنرێن.

بە بۆچوونی دانا عەسکەر، نووسەر، بەوپێیەی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، کە ئابووریی قۆرغکردووە، ئیمکانیەتێکی مادیی زۆریان خەرجکرد، هەرچەندە کاندیدەکانیان لەو کەسە بەتواناییانە نەبوون، توانییان دەنگیان بۆ کۆبکەنەوە.

## هەڵبژاردن، هاوسەنگیی هێزەکان ئاشکرادەکات؟

چــاودێــران گــومــانــدەکــەن کە هــۆکــاری دەرنــەخــستــنــی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان دوای نزیکەی دەرۆژ لــەلایــەن کۆمسیۆنی بــاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، بەهۆی ئەو ساختەکارییو پێشێلکارییانەی ئەنجامدراون لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو ئەو سکاڵایانەی تائێستا تۆمارکراون، ئەمە جگە لەوەی بە بڕوای رۆشنبیران تەرازووی هێز بە تەواویی لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕاوە، بەڵام نەتوانراوە ئاشکرابکرێت.

هەرچەندە کامەران مەنتک پێیوایە؛ هاوسەنگیی هێزەکان لە (٧/٢٥)ەوە گۆڕاوە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە هاوپەیمانێتی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتی وایکردووە کە سەنگی راستەقینەی هێزەکان بە راستی دەرنەکەوێت، پارتی هەوڵدەدات کە بچووکبوونەوەی سەنگی یەکێتی بشارێتەوە وەک موجامەلەیەکی سیاسیی، وەک هەوڵێکیش بۆ بچووکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنو دەرنەخستنی بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی هەندێک لە دەرئەنجامەکان لەلایەن لیستەکانەوە جۆرە ناهاوسەنگییەکی تێدایە، هەندێک لایەن دەنگی پێویستیان نە هێناوە، بۆ نموونە لە پارێزگای کەرکوک، لایەنەکانی گۆڕان و ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست دەنگ مسۆگەر بکەن، کە بە بڕوای دانا عەسکەر: تائێستا بەشێک لە خەڵکی ئەم شارە لەژێر کاریگەری حیزبدانو سۆزو عاتیفە دەیانبات بەڕێوە هەربۆیە نەتوانراوە لە ئۆپۆزسیۆن تێ بگەنو ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئەوانەی لە پەرلەمانی کوردستان شەڕو داکۆکیی لەسەر پرسی کەرکوک دەکەن کێن؟ ئەمەش هۆکار بوو بۆئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی وەک پێویست دەنگ بهێنێت لە کەرکوک، چونکە ئەم شارە لە دۆخێکدا دەژین، کە نە دەسەڵاتی سیاسیی توانیویەتی کاریگەریی بەسەر رەوتی مەسەلەکانەوە هەبێت، نە ئۆپۆزسیۆن.

هەرچەندە چەند هێزێک وەک براوە خۆیان دەدەنــە قەڵەم، کە لە چەندین ساڵی رابــردوودا نەیانتوانیوە لە ئاست خواستەکانی خەڵکدا بنو داکۆکیکار بن لە مافەکانی کورد، بەڵام شێرزاد حەسەنی نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە گرنگ نییە کێ زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوە، هێندەی ئەوە گرنگە کە نوێنەرەکان لە پەرلەمانی عێراق تاچەند جەنگاوەری راستەقینەبن لە ئاست مافەکانی کورد لەبەرامبەر لایەنە عەرەبەکان، کە هەندێکیان کورد بە دوژمنو کافر تەماشادەکەن، چونکە ئەوکاتە ئەوە دەسەلمێت کە کێ براوەیە.

هاوکات شێرکۆ بێکەسی شاعیر جەخت دەکاتەوە، کە لەئێستادا گرنگ ئەوەیە سوود لەو هەڵانەی رابردوو وەربگرین، بۆئەوەی دووبارەنەبنەوەو پێویستیشە هەموولایەک دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، هــەروەک وتــی: «پێویستە بگەینە ئەو حەقیقەتەی کە لە هەموو هەڵبژاردنێکدا وەک سەرکەوتوو هەیە، دۆڕاویش دەبێت هەبێتو ئەو ئەنجامەش دەبێت وەک خۆی وەربگرین، تا ئەم راستییەش بە کردەوە نەسەلمێنین، ناتوانین بە خۆمان بڵێین دیموکرات».

## کۆمسیۆن نەیتوانیوە بێلایەن بێت

بە رای چاودێران کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، پێویست بــوو دووربــێــت لــە هــەر لایەنگرییو پێشێلکارییەک، نەیتوانی بێلایەنیی خۆی بپارێزێتو تائێستا زیاتر لە (٢٠٠٠) سکاڵاو پێشێلکاریی تۆمارکراون.

کامەران مەنتک پێیوابوو؛ پرۆسەکە بە پاکی بەڕێوەنەچووە، هەرچەندە تائێستا ژمارەو ئەنجامی سکاڵاکان بە تەواویی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام کۆمسیۆنیش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵێک کەس پێکهاتووە کە لەلایەن حیزبەوە دانــراون، نەیتوانی بێلایەن بێت، هەربۆیە دەرئەنجامەکان بەوشێوەیەی کە بڵاوکراوەتەوە تائێستا جۆرە ناهاوسەنگییەکی تێدایە «هەندێک لایەن دەنگیان زۆر هێناوە، کە ئەگەر خوێندنەوەیان بۆ بکەیت ئەوەندە دەنگیان نەدەهێنا، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەپاکیو باشی بەڕێوەبچوایە».

لە زۆرێــک لە بنکەکانی دەنگدان پێشێلکاریی بە بەرچاوی کۆمسیۆنەوە کراوە، بەڵام کۆمسیۆن گرنگیی پێنەداوە، هەروەک بەبڕوای دانا عەسکەر کۆمسیۆن بە هیچ شێوەیەک بێلایەن نەبووەو بە بەرچاوی خەڵکەوە ساختەکاریی دەکراو «کۆمسیۆن خۆی لێ بێئاگا دەکــرد»، ئەمەش زەنگێکی زۆر مەترسیدارە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنو کاریگەریی لەسەر رەوتــی بەرەوێشەوەچوونی کۆمەڵگە کــردووە، ئەو نووسەرە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە بە بەرچاوی خەڵکو ئەندامانی کۆمسیۆنەوە ساختەکاریی دەکرا، بەڵام کۆمسیۆن گوێی پێنەدەدا، ئەمە جگە لەوەی هەوڵدەدرا لە رێگەی هەڕەشەو ترساندنی خەڵکەوە دەنگ بەدەستبهێنن، تەنانەت لــە رێگەی فرۆشتنەوەی هەندێک پرسی سۆزو عاتیفەوە.

رۆشنبیران کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەو هەڵوێستانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە نەیانتوانیوە بێلایەن بن، ئەمان دەتگەیەننە ئەوەی داوابکرێت لە دەرەوە کەسانێک بهێنرێتو بکرێنە بەرپرسی کۆمسیۆن، چونکە جگە لەو ساختەکارییانەی کاتی دەنگدان، ئێستا لیستو قەوارە سیاسییەکان مەترسیی ئەوەشدەکەن کە لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەناو کۆمسیۆندا ساختەکاریی بکرێت، کە ئەمە زۆر ترسناکە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، شێرکۆ بێکەسی شاعیر هیواخوازە مێزگردی تەباییو ئاشتی لەنێوان دوژمنەکانی دوێنێدا ببینێت بۆ ئەوەی بە یەک دەنگو یەک هەڵوێست بچنە ناو پەرلەمانی عێراقەوەو دڵی فاشییەکان بە خۆیان خۆشنەکەن.

# حکومەتی هەرێم داواکارییەکی کرێنشینان ڕەتدەکاتەوە

راپۆرتی: رۆژنامە

کرێنشینان داوای لابردنی مەرجی بوونی کەفیل بۆ وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە دەکەنو بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیرانیش جەخت دەکاتەوە، کە ئەو مەرجە یاساییەو ناکرێت گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، یان لاببرێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، پێویستە وەرگری پێشینەکە خۆی یان کەفیلەکەی فەرمانبەری حکومەت بنو مووچە بنەڕەتییەکەیان لە (٣٥٠) هەزار کەمتر نەبێت، ئەم مەرجەش بووەتە جێگەی نارەزایی هاوڵاتییان، هەربۆیە بە مەبەستی کارئاسانی زیاتر بۆ ئەو هاوڵاتییە کەمدەرامەتانەی داوای وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە دەکەن، دەستەی کرێنشینانی بتوێن داوای پێداچوونەوە دەکەن بەو بڕیارەدا، چونکە بە وتەی ئەوان؛ هاوڵاتییانی کەمدەرامەت پێویستییان بەو پێشینەیە هەیە، کە ڕەنگە نەتوانن خۆیان، یان کەفیلەکەیان مووچەکەیان لەو ئاستەدا بێت.

هاوکات، پەرلەمانی کوردستانیش پشتگیریی لەو داوایە کردووە، بیلال سلێمان، سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیو گواستنەوەو گەیاندنو گەشتوگوزاریی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو؛ کە دانانی ئەو مەرجەو بەو برە پارە دیاریکراوە، ئاسانکاریی بۆ هاوڵاتییان ناکات، هەربۆیە بڕەکەی کەمبکرێتەوە بۆ ئاستی (١٥٠) هەزار دینار، واتە فەرمانبەرەکە مووچە بنەڕەتییەکەی لە (١٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت.

بیلال سلێمان، دەڵێت: «ئەگەر کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی حکومەت (٣٠) هەزار دینار بێت، ئەوا پێویستە ئەو مەرجەی پێشینەی خانووبەرەکە بۆ (٣٠) هەزار دینارەکە کەمبکرێتەوە، چونکە تۆ هاوکاریی هاوڵاتییانی کەمدەرامەت دەکەیت، ئەمە جگە لەوەی پێویستە مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت چاکسازیی تێدابکرێت، بەشێوەیەک کەمترین مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرانی حکومەت بگەیەنرێتە (١٥٠) هەزار دینار».

لە بەرامبەرداو بەپێی یاسای ژمارە (٤٥) یاسای جێبەجێکردن، کە ساڵی (١٩٨٠) دەرچووەو تائێستا کاری پێدەکرێتو لە مادەی ٨٢دا هاتووە؛ ناکرێت حکومەت هەموو مووچەی فەرمانبەرەکە حیجز بکاتو بۆ مەبەستی قەرز، تەنیا دەتوانرێت لە (٥/١)ی مووچەکەی ببڕێت، هەربۆیە وەک ئامانج رەحیم، لێپرسراوی فەرمانگەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رۆژنامە باسی لێوەکرد؛ ئەو مەرجە لەڕووی یاساییەوە ناتوانرێت گۆڕانی تێدا بکرێت، لەبەر ئەوەی پێشینەی خانووبەرە بۆ ناوشار (١٢) ملیۆن دینارو بۆ دەرەوەی شار (٩) ملیۆن دینار دانراوەو لەکاتی نەدانەوەی قەرزەکە لەلایەن وەرگرەوە، حکومەت تەنیا بۆی هەیە (٥/١)ی مووچەکەی حیجز بکات، هەربۆیە ناکرێت دەستکاری ئەو مەرجە بکرێت، کە دانراوەو پێویستە مووچەی بنەڕەتی وەرگری پێشینە، یان کەفیلەکەی لە (٣٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت.

# نەبوونی تاپۆ، قەزاو ناحیەکان لە پێشینەی خانووبەرە بێبەشدەکات

راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

بەشێکی زۆر لە موڵکی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا تاپۆیان نییەو موڵکی (میری)ن، ئەم کێشەیەش هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەی بێبەشکردووە لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەو هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ دروستکردنی خانوو دەدرێنە هاوڵاتییان.

ئەحمەد ئەمین حەسەن، نوێنەری جوتیاران لەسنووری قەزای چۆمان، بۆ رۆژنامە جەخت لەوە دەکاتەوە «نەبوونی تاپۆ، وایکردووە کە جوتیارانی ئەو سنوورە لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەو زۆر شتی دیکە بێبەش بن».

لەلایەکی دیکەشەوە، کۆدۆ عەبدوڵڵا، هاوڵاتییەکی ناحیەی وەرتێیەو بۆ رۆژنامە باس لەوە دەکات، لە ساڵی رابردوودا گوندی وەرتێ بووەتە ناحیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت «زۆر بەداخەوە تا ئێستا ئێمە چەندین گوندین لەم سنوورەدا، کە سوودمەند نەبووین لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، هەرچەندە حکومەت پێشینەی خانووبەرە دەداتە هاوڵاتییان، بەڵام هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نییە، چونکە ئەگەر تاپۆمان نەبێت، ناتوانین پێشینەی خانووبەرە وەرگرین».

ئەگەرچی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی لە چوار وەزارەت پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر زەوییە بێتاپۆو تەجاوزەکانی قەزاو ناحیەکان، بەڵام تا ئێستا قەزاو ناحیەکان هیچ بەرەوپێشچوونێکیان لەم رووەوە بەخۆیانەوە نەبینیوە.

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان لە بارەی کێشەی تاپۆی قەزاکەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند «ماوەیەک لەمەوبەر فەرمانی تاپۆی چۆمان دەرچووە کە بەڕێوەبەری بۆ دابنرێت، بەڵام تا ئێستا کەسی بۆ دیارینەکراوەو هەر چاوەڕێ دەکەین».

لە ئێستادا قەزای چۆمان لەچوار ناحیەو (١١٩)گوند پێکهاتووەو دانیشتووانەکەشی لە (٢٥) هەزار کەس زیاتر دەبێت، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە سیستمی تاپۆ لەم سنوورەدا جێبەجێبکات.

کێشەی نەبوونی تاپۆ، زۆرێک لە قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوەو کوێستان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ دەربارەی نەبوونی تاپۆ لە ناوچەکەیان بۆ رۆژنامە وتی «ناحیەکەمان لە رووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای رەواندوزەو زۆر لەمێژیش نییە بووەتە ناحیە، تەمەننا دەکەین، سیستمی تاپۆ بۆ گوندەکان جێبەجێبکرێت، چونکە حکومەت گرنگییەکی ئەوتۆی بە سنوورەکە نەداوە کە شایانی باسکردن بێت».

# کەرتی نەوت لە ئایندەی عێراقدا بەکوێ دەگات؟

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا



چاودێرانو شارەزایانی ئابووریی پێیانوایە؛ ئاڵۆزیی رەوشی سیاسییو ناسەقامگیریی عێراق هۆکاربووە بۆ پێشنەخستنی ئابووریی وڵات، بەتایبەتی کەرتی نەوت، هاوکات باس لەوەشدەکەن، پەسەندنەکردنی یاسا ئابوورییەکان زیانی گەورەیان بە ئابووریی عێراق گەیاندووە.

توانای ئابووریی عێراق بەتایبەت لە کەرتی نەوتدا زۆر بەرزەو دوای سعودیەو ئێران بە سێیەم وڵاتی گەورەی خاوەن وزەی یەدەگ دادەنرێت کە رێژەی نەوتی خاوی یەدەگی بە ١١٥ ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت لەئێستاشدا رۆژانە (٢) ملیۆن بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوە دەکات، کە دەکاتە ٧٢٠ ملیۆن بەرمیل لە ساڵێکدا، بەوپێیە داهاتی ساڵانەی نەوتی عێراق نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلار دەبێت، واتا زیاتر لە ٨٠٪ بودجەی ساڵانەی عێراق پێکدەهێنێت، هەروەها ساڵانە سێ هێندە بەرزدەبێتەوەو پێشبینیدەکرێت لەماوەی (١٠) ساڵی داهاتوودا ناردنەدەرەوەی نەوت بۆ (١٠) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزببێتەوە.

لەدوای پێکهێنانی چەند کابینەیەکی حکومەت لە (٥) ساڵی رابردوودا، بارودۆخی سیاسییو ئەمنیی ناسەقامگیر بووە، ئەوەش رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەبووە بۆ پێشنەخستنی ئابووریی، بەتایبەتی (نەوت) لە عێراقدا، لەکاتێکدا چاودێران دۆخی سیاسیی عێراقو باری سەقامگیریی ئەو وڵاتە بە هۆکاری سەرەکیی لە بەرەوپێشچوونی کەرتی ئابووریی ناودەبەن.

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەم وڵاتە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لە شەڕدا بووەو هەرچی سەرمایەی عێراقە لەو ماوەیەدا سەرفکراو بەوەش ژێرخانی ئابووریی عێراق رووخا، لە رابردوودا بارودۆخی سیاسیی عێراق هۆکاربووە بۆ دەرنەچوونی ئەو یاسایانەو پێشنەخستنی کەرتی نەوت، چونکە تائێستا لە عێراقدا ململانێی سیاسیی توند هەیە، ئەمە لەکاتێکدا بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە، سەرچاوەی داهاتی عێراق نەوتەو پێش هەموو شتێک دەبێت کەرتی نەوت ببووژێنرێتەوە.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چوارساڵی تەمەنیدا نەیتوانی یاسا ئابوورییەکان، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی تایبەتن بە کەرتی نەوت پەسەندبکات، بە بڕوای چاودێرانی ئابووریی پەسەندنەکردنی ئەو یاسایانە زیانی گەورەی بە ئابووریی عێراق گەیاندووە، لە گرنگترین ئەو یاسا پەیوەندیدارانەی بە بەڕێوەبردنی سامانی نەوت تائێستا پەسەندنەکراون، بریتین لە؛ (یاسای نەوتو گاز، یاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، یاسای وەزارەتی نەوتو یاسای بەڕێوەبردنی داهاتە نەوتییەکان).

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ پەسەندنەکردنی ئەو یاسایانە، بەتایبەتی یاسای نەوتو غازو یاساکانی دیکەی تایبەت بە کەرتی نەوت، زەرەرو زیانی زۆر خراپی دارایی گەورەی بە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتو ئابووریی عێراق گەیاندووە، کە دواجار ئەو زەرەرو زیانانە رەنگدانەوەی سلبیی بەسەر ژیانو گوزەرانی هاوڵاتییانەوە هەبووە.

ئەتروشی، هۆکاری دەرنەچوواندنی ئەو یاسایانەی بۆ بوونی ململانێ سیاسییەکانی عێراق گەڕاندنەوە، وتیشی: «لەئێستادا ئابووریی عێراق لە قەیرانێکی گەورەدایە، چونکە کاتێک دەتەوێت خۆت دەربازبکەیت لە ئابووریی گشتگیر، کە بەر لەساڵی (٢٠٠٣) عێراقی پێ بەڕێوەبراوە، دەبێت پێشتر کەشوهەوای گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، کە بریتییە لە پەسەندکردنی یاسا ئابوورییەکان.

هەروەک عومەر عینایەت، پسپۆڕی ئابووریی، ئاماژەبەوەدەکات؛ یەکێک لە کەرمتەرخەمییەکان، دواکەوتنی پەسەندکردنی ئەو یاسایانەیە کە تایبەتن بە نەوت، دەبوایە ئەو یاسایانە پەسەندبکرانایە، چونکە ئەگەر پێشتر پەسەندبکرانایە قازانجی بۆ خەڵک دەبوو.

لە عێراقدا ٧٨ کێڵگەی نەوت هەن، بەڵام لە ئێستادا تەنها ٢٧ کێڵگەیان نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێتو ٢٦ کێڵگەشیان ئامادەن بۆ بەرهەمهێنان، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا وەزارەتی نەوت عێراق زیاتر لە ١٠ گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا مۆرکردووە. چاوەڕواندەکرێت عێراق دوای ٧ی ئازار پێبنێتە قۆناغێکی نوێوەو هاوکات چاودێرانیش پەسەندکردنو دەرچوواندنی یاسا ئابوورییەکان بە ئەرکی لە پێشینەی پەرلەمانی داهاتووی عێراق دەزانن، لەکاتێکدا وەبەرهێنەرو خاوەن سەرمایە بیانییەکان چاوەڕێی سەقامگیریی سیاسییو کۆمەڵایەتی دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی بەشداربن لە کەرتی نەوتو غازی عێراقدا.

عومەر عینایەت وتی: «ئەگەر عێراق ببێتە وڵاتێکی سەقامگیرو یاسا پەیڕەوبکرێتو ئاسایشی بەرقەراربێت، بێگومان باری ئابووریی پێشدەکەوێتو حکومەت زیاتر دەیپەرژێتە سەر بووژاندنەوەی کەرتە ئابوورییەکان، بەتایبەت کەرتی نەوت، پێشبینیدەکەم لە ئایندەدا کەرتی نەوت لە عێراقدا زیاتر ببووژێنرێتەوەو بەرهەمی زیادبکرێتو پێشبکەوێت، بەوەش داهاتی تاکی عێراق زیاددەکاتو ئەوکاتە عێراق پێشدەکەوێت.

هەروەک د.بایەزید حەسەن پێیوایە؛ یەکێک لەو ئەرکە گەورانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، پەسەندکردنی یاسای نەوتو غازو یاساکانی دیکەی ئەو بوارەیە، چونکە نەبوونی ئەو یاسایە بووەتە کێشەیەکی گەورە لە عێراقدا، بەتایبەتی لەنێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێمدا، ئەوەش کاریکردووەتەسەر پێشنەخستنی کەرتی نەوت.

# بازاڕی جلی کوردی، ئاگردەکاتەوە

# ڕەنگی نیلیی، پەسەندترین قوماشی جلی کوردی بازاڕەکانی هەرێمە

ڕاپۆرتی: لاڤە بەشارەت



بەهۆی ئاهەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو هاتنی وەرزی گەشتوگوزارو ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە، خەڵکی کوردستان سەرقاڵی کڕینی جلوبەرگی کوردین، ئەمەش نرخو فرۆشتنی ئەو کاڵایەی لە بازاڕەکانی هەرێمدا بەرزکردووەتەوە.

هادی ئەحمەد، یەکێکە لە کوتاڵفرۆشەکانی شاری سلێمانیو لەبارەی بازاڕی جلی کوردییەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «نرخی ئەمساڵی جلی کوردی لە هەموو ساڵیک باشترە، بەتایبەتی لەچاو پاردا».

هادی، هۆکاری ئەو بازاڕگەرمییەی جلی کوردی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق گەڕاندەوەو وتی: «بەتایبەتی بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانەوە بوو، زیاتریش ئەمساڵ ڕەنگی نیلیی دەکرێت لەلایەن لایەنگرو هەوادارانی لیستی گۆڕانەوە».

جلی کوردی پیاوان لە بازاڕەکانی هەرێمدا چەند مۆدێلێکی هەیە، لەوانە ڕانکو چۆغەو مورداخانیو ستارخانیو قۆپچە، لە ئێستاشدا بەهۆی کاریگەرییەکانی سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، خەڵکی دوو مۆدێلی دیکەی قاتی کوردی پیاوانیان ناوناوە نەوشیروانیو نێچیری.

جوانە ڕەحیم، یەکێک بوو لەو کڕیارانەی لە بازاڕێکی کوتاڵی سلێمانیدا بۆ قوماشی کوردی دەگەڕاو بۆ ڕۆژنامە وتی: «جلی کوردی ئەمساڵ نرخەکەی بەرزترە لە چاو پاردا، چونکە خەڵک بە ڕێژەیەکی زۆر جلی کوردی دەکەن، بەتایبەتی بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانەوە».

ئەو خانمە بە نیگەرانییەوە وتی: «بەداخەوە ئەمساڵ من ڕەنگی نیلیم نەکرد، بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە هاوسەرەکەم ڕەنگی نیلیی کردووە». وتیشی: «ئەمساڵ زۆربەی ئەوانەی کە جلی کوردییان کردووە، ڕەنگی نیلییان کردووە».

ڕەنگی نیلیی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)وە بووەتە ڕەنگی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا (٢٥) کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا بەدەستهێنا، بەم هۆیەشەوە لایەنگرانی ئەو لیستە ڕەنگی نیلیی لە جلوبەرگو کاڵای ماڵەکانیاندا بەکاردەهێنن.

بەرهەم عومەر، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە؛ جلوبەرگ یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دابونەریتی هەموو نەتەوەیەک، بەڵام شێوازو جۆری لەبەرکردنو خستنەڕووی ئەو جلوبەرگە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیە.

بە بڕوای بەرهەم عومەر، گەنجان بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە دەخوازن لە دەرکەوتنو دەربڕینەکانیاندا هەستێکی نەتەوەیی تێدا دیاربێت، بەتایبەتیش لە شاری سلێمانیدا وادەردەکەوێت کە ڕەنگێکی دیاریکراو زۆرتر گرنگی پێبدرێت لەچاو ڕەنگەکانی دیکەدا، ئەمەش هەندێکجار ڕەهەندە سیاسییەکە کاریگەریی لەسەری دەبێتو دەربڕی ئەوە دەبێت کە چ ڕەوتێکی سیاسیی لەلای زۆرینەی خەڵک خوازراوە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر شێوازی دوورینی پۆشاکەش لەوانەیە ڕەنگدانەوەی شێوازی دوورینی سەرۆکێکی سیاسیی بێت.

ئەوەی جێگەی تێبینییە لە بازاڕەکانی هەرێمدا، ئەوەیە کە هەندێکجار بەهۆی بۆنەکانەوە کە کاڵایەک بازاڕی گەرمدەبێت، نرخەکەشی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش بە ئیستیغلالکردنی کڕیاران لێکدەدرێتەوە.

جەمیل عەلی کوتاڵفرۆش، لەمبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: نرخی جلی کوردی ئەمساڵ لەچاو پاردا کەمێک بەرزترە، چونکە مۆدێلی جوان هاتووە، کە نرخەکەی لەنێوان (٥٠-١٥٠) هەزار دیناردایە، لەم نرخە هەرزانتربێت خەڵک نایکڕێت، چونکە مۆدێلیان کۆنەو جێی ڕەزامەندیی خەڵک نییە».

جەمیل ئاماژەبەوەدەکات؛ «ئەمساڵ زیاتر ڕەنگی نیلیی داواکاریی لەسەرەو ڕۆژانەش (٨-١٠) قاتی کوردی دەفرۆشێت».

هاوڵاتییانیش جەخت لە جوانیی مۆدێلەکانی جلی کوردی دەکەنەوە، کە ئەمساڵ هاتوونەتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوەو ڕەنگی نیلیش بە ڕەنگی پەسەندکراوی خۆیان دەزانن.

شەوبۆ جەمال، کە کڕیارێکی دیکەبوو لە بازاڕی کوتاڵفرۆشانی سلێمانی وتی: «لای من جلی کوردی ئەمساڵ نرخەکەی گونجاوەو ئەو مۆدێلانەی ئەمساڵ هاتوون هەمووی مۆدێلی جوانو خەڵک بەدڵییەتی، بۆیە نرخەکەی هەرچەندیش بێت، خەڵک دەیکڕێت».

شەوبۆ بە ڕوویەکی خۆشەوە ئاماژەبەوەدەکات؛ کە ئەمساڵ جلی کوردی زۆر دەکڕدرێت، چونکە زۆربەی هاوڵاتییان بۆ دوو بۆنە لەبەریدەکەن، یەکێکیان بۆ هەڵبژاردنەکان بوو، ئەوی دیکەشیان بۆ جەژنی نەورۆزو دەڵێت: «من قوماشەکەم ڕەنگی نیلییەو زۆر حەزمدەکرد مۆمەکەشی تێدابوایە».

# دەوڵەمەندترین ١٠ کەسی ئەمساڵ لە جیهاندا


کارلۆس سەلیم

ڕۆژنامە

کارلۆس سەلیم حەلوی، تەمەن (٧٠) ساڵ، کە بە ڕەگەز لوبنانییە، توانی نازناوی دەوڵەمەندترین کەسی جیهان بباتەوە، کە سەروەتو سامانەکەی بۆ ساڵی (٢٠١٠) بە (٥٣) ملیارو زیاد لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، توانی بە زیادەی (٥٠٠) ملیۆن دۆلار پێش (بێڵ گیتس)ی دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بکەوێت، کە ساڵی پار لە ڕیزبەندی یەکەمی دەوڵەمەندترین پیاوەکانی جیهان بوو.

ئەمساڵ لە پلەی سێیەمیشدا (وارن بافیتی) ئەمریکی دێت، کە سەروەتو سامانەکەی بە (٤٧) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێتو لە بواری وەبەرهێناندا کاردەکات.

موکیش ئمبانی بە ڕەگەز هیندی توانی بچێتە پلەی چوارەمی ڕیزبەندی دەوڵەمەندەکانی جیهان، بەوپێیەی سەروەتو سامانەکەی بە (٢٩) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێتو لە بواری پترۆکیمیاویدا سەرمایەگوزاریی دەکات.

هەروەها لە لاکیشمی میتاڵی هیندی دوای هاونیشتمانەکەی پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا، بەوپێیەی سامانەکەی بەهۆی پیشەسازیی ئاسنەوە بە (٢٨) ملیارو (٧٠٠) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لەپلەی شەشەمیشدا (لۆرنس ئالیسیۆنی) ئەمریکی دێت، کە توانیویەتی سەروەتو سامانەکەی لە ساڵی (٢٠١٠) بگەیەنێتە (٢٨) ملیار دۆلار.

پلەی حەوتەمی ڕیزبەندی دەوڵەمەندەکانی جیهان لەلایەن (برنار ئارنۆ)ی فەرەنسییەوە قۆرغکرا، کە لەبواری کاڵای جوانکاریدا وەبەرهێنان دەکاتو توانیویەتی (٢٧) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

(ئیکی پاتێستا)ی بەرازیلیش، کە وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا دەکات، پلەی هەشتەمی بەدەستهێنا، بە کۆکردنەوەی (٢٧) ملیار دۆلار.

هەروەها پلەی نۆیەمی ڕیزبەندی دەوڵەمەندەکانی جیهان لە ئیسپانیایە، کە (ئەمانشیۆ ئۆرتێگا) لە ڕێگەی بازرگانیی جلوبەرگەوە (٢٥) ملیار دۆلاری کۆکردووەتەوە.

دوا ڕیزبەندی دەوڵەمەندەکانی جیهانیش (کارل ئالبرشت)ی ئەڵمانییە، کە لەبواری سۆپەرمارکێتدا کاردەکاتو توانیویەتی (٢٣) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

# سستبوونی کەرتی پیشەسازیی، بێکاریی زیاد دەکات

ئەحمەد حەمەساڵح

هەرچەندە مایەی بەرز نرخاندنە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، لە بوارە جۆراوجۆرەکانداو بە تایبەت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، چەندەها کارگەی بەرهەمهێنەر هەنو هەنگاوێکی مژدەبەخشن بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازییو بووژاندنەوەی ئابووریی‌و دەرفەتێکن بۆ دەستکەوتنی دەیەها هەلی کار بۆ بێکاران، بەڵام بەراورد ناکرێن بە کارگە بەرهەمهێنەرە گەورەکان لە ڕابردوودا، کە ساڵانی پێش ڕاپەڕین لەکوردستاندا چەند کارگەیەکی بەرهەمهێنەر هەبوونو بە هەزارەها هەلی کاریان تێدا دەستەبەر کرابوو، بەنموونە تەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانیداو لەساڵانی پەنجاکانەدا، چەند کارگەیەک دروستکران، وەک کارگەی (جگەرەو پوختەکردنی تووتن) کە لەساڵانی حەفتاکاندا بەرهەمی کەوتە بازاڕەوەو بەردەوام بوو لەکارکردن تا لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کار کەوتو پاشان درایە کەرتی تایبەتو دواتر لە بەرهەمهێنان کەوتو لەئێستادا نزیکەی (٥٠٠)پێنج سەد مووچەخۆر لەم کارگە لەکارکەوتووەدا دەوام دەکەنو تەنیا ڕۆژ دەبەنە سەر.

کارگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنەر، کارگەی شەکر بوو، کە لە ساڵانی حەفتاکاندا کەوتە بواری بەرهەمهێنانەوەو پاشان بە هۆی شەڕی نێوان (عێراق- ئێران)ەوە لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە ئەنجامی (بۆردومانی فڕۆکەوە) لە کارکەوتو لە ئێستادا بووەتە کارگەیەکی وێرانە.

هەروەها کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو، کە لە ساڵانی پێش ڕاپەڕیندا تا کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان، کارگەیەکی بەرهەمهێنەری بەرچاوبوو کە بەرهەمەکانی هەر لە جلوبەرگی ژنان، پیاوان، منداڵانەوە ئامادەدەکراو بازاڕی پۆشاک پڕبەرهەمی ئەم کارگەیە بوو، پاشان ئەم کارگەیەش درا بەکەرتی تایبەتو دواتر چووە خانەی نەبوانەوەو بەرهەمەکانی لە بازاڕدا نابینرێن.

هەروەها کارگەی چیمەنتۆ کە بۆ یەکەمجار لە پەنجاکاندا، یەکەم کارگەی دامەزراو لە ساڵانی پێش ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕینیش کارگەی (سەرچنارو تاسڵوجە) لە کاردا بوونو بە هەزارەها کارمەندو کرێکار کاریان تێدا دەکردو لەئێستاشدا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، کارگەکانی (تاسڵوجەو بازیان) لە کاردان کە ژمارەیەک کرێکارو کارمەندی بیانی کاری تێدادەکەن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندو کرێکاری خۆماڵیو کارگەی چیمەنتۆ لە چاو کارگەکانی تردا باشترە بەوەی کە ئێستاش کارگەی چیمەنتۆ لە کوردستاندا لە بەردەوامیدایە.

تەنها لە سێ کارگەی (جگەرەو شەکرو جلوبەرگی ئامادەکراو) زیاتر لە (٣٥٠٠) کارمەندو کرێکار کاریان تێدا دەکرد، لە دەرەوەی کارگەش، کەسانێکی زیاتر لەوەی کە موچەخۆری کارگەکان بوون هەر لە (شۆفێرو کاسبکارو دوکاندار...هتد) بەهۆی بەرهەمەکانی کارگەوە کاری ڕۆژانەیان لە بازاڕەکاندا دەستدەکەوتو هەروەها کارگە بەرهەمهێنەرەکان هۆکارێکی باش بوون بۆ برەودان بە کەرتی کشتوکاڵی.

ئاشکرایە، کەرەستەی سەرەتایی کارگەی جگەرە، تووتنەو لەساڵانی کارکردنی کارگەدا، تووتن یەکێک لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بوو، بەتایبەت لە ناوچەکانی شارەزوورو ڕانیەو پشدەرو شارباژێڕو گەلێک ناوچەی تر، تووتن دەچێنراو یەکێک بوو لە بەرهەمە سەرەکییەکانی جوتیاران،هەروەهاسەبارەت بە کارگەی شەکر کە بەشێک لە کەرەستەی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنان چەوەنەر بوو، کارگەی شەکر خۆی چەند (مەزرەعەیەکی) هەبوو لە ناوچەکانی (شارەزوورو ڕانیە) و جوتیارە خاوەن زەوییەکان کرابوونە موچەخۆر لەو کارگەیەو لە زەوییەکانی خۆیانو لەژێر ڕێنمایی کارگەی شەکر، چەوەنەریان بەرهەم دەهێنا.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بوونی کارگەی گەورەی بەرهەمهێنەر، هۆکارێکی باشە بۆ بەرزنەبوونەوەی ڕێژەی بێکاریو بوژاندنەوەی ئابووری، بۆیە بە پێویست دەزانرێت کە حکومەتی هەرێم، سیاسەتێکی ئابووریی تایبەت دابڕێژێت بۆ یارمەتیدانی ئەوکارگانەی کە هەن، تا باشترینو زۆرترین بەرهەمیان هەبێتو هەروەها ئەرکی سەرشانی حکومەتە، لە ڕێی وەزارەتی پیشەسازییەوە بە بەرنامە کار بۆ کردنەوەی جۆرەها کارگەی خۆماڵی بەرهەمهێنەر بکات، لەلایەن کەرتی تێکەڵاو یان تایبەتو بە تایبەت ئەو جۆرە کارگانەی کە کەرەستەی سەرەتاییان لە کوردستاندا زۆرەو هەنگاوێکی لەم جۆرەش لەگەڵ ئەوەی پێشخستنی کەرتی پیشەسازییە، کاریگەریی ئیجابی دەبێت لەسەر (بوژاندنەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان)و هەروەها دابینکردنی هەلی کاری زیاتریش دەستەبەر دەبێت بۆ بێکاران کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دیاردەی بێکاری لە زیادبووندایەو هەنگاوێکی کاریگەرو پتەوو پڕبایەخیش دەبێت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی بە تایبەت کار بۆ دانانو دامەزراندنی ئەو جۆرە کارگانە بکرێت کە کەرەستەی سەرەتایی بەرهەمێکی کشتوکاڵی بێت لە کوردستاندا بە لەبەرچاوگرتنیو تایبەتمەندیو زۆریی هەر جۆرە بەرهەمێک لە ناوچەکانی وڵاتدا کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ برەودانو بەردەوامیو پێشخستنی کشتوکاڵ لە کوردستانداو هەروەها دەبێتە یەکێک لە هۆکارە سەرکەوتووەکان بۆ دووبارە بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان، بۆ ئایندەش هەرێمەکەمان پشت بە داهاتی خۆماڵی دەبستێتو یەکێک لە کۆڵەکەکانی ژێرخانی ئابووریی بە پتەوی دادەنێت؟

# شەبەک، (٣/٧) دەنگی بە ناسنامەی کوردی دا

**راپۆرتی، بەهادین یوسف**

**کورسی کۆتای شەبەکەکانی نەینەوا، رکابەری توند دروستدەکات لەنێوان لایەنگرو نەیارانی هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێک لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، «نەیارانی» کوردو لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لایەنگرانی کورد، ئەو تاکە کورسییەیان بردووەتەوە**

حەنین قـەدۆ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- ماوە تەواوبوو، لە لیستی ئیئتیلاف، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە نەینەوا، هەڕەشەی رەتکردنەوەی ئەنجامەکانی کرد، بەوپێیە لە کورسی شەبەکەکاندا تەزویر کراوە، بە بەرژەوەندیی کوردو داواشیکرد، دەنگی ئەو کوردانە دووربخرێتەوە، کە دراوە بەنوێنەری شەبەکەکان‌و وتی: «دان بە کورسی تایبەتی شەبەکەکاندا نانێین، ئەگەر دەنگی کوردەکان دەرنەکرێت، کە بۆ بەرژەوەندیی (محەمەد جەمشید) پاڵێوراوی کوردەکان دراوە».

وتـیـشـی: «ئـەو نـاوچـانـەی کە شەبەکەکانی تێدا نیشتەجێن لای هەموو کەس ناسراون، بۆیە ئەو دەنگانەی کە لە کەڵەکو دبردان‌و فایدەو ردک تەل لبن، بە پاڵێوراوی شەبەکەکان دراوە، ناوچەیەکی داخراوی کوردین‌و لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیشدا هیچ چاودێرێک نەیتوانییووە بچێتە ئەو سنوورەو چاودێریی پرۆسەی دەنگدان بکات.

قـەدۆ، مەترسیی خۆشی نیشاندا لە هـەوڵـدان بۆ گـەڕانـەوەی ئـەو ناوچانە بۆ سـەر هەرێمی کـوردسـتـان‌و وتـی: «ئێمە بەتوندی لکاندنی ئەو ناوچانە بە هەرێمی کوردستانەوە رەتدەکەینەوە، ئەو کەسانەشی ئەو داوایانەیان هەیە نوێنەرایەتی شەبەکەکان ناکەن، بۆیە داوای ئەنجامدانی راپرسییەکی کرد لەنێو دانیشتووانی ئەو ناوچانەدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان».

ئـەمـە لەکاتێکدایە، کـە دەسـتـەی راوێژکاریی شەبەکەکان رۆژی سێشەممە رایانگەیاند؛ پێشبینی دەکەن پاڵێوراوەکەیان کورسی کۆتای شەبەک لە پارێزگای نەینەوا بباتەوەو ئاماژەشیان بەوەکرد؛ کار دەکەن بۆ گەڕانەوەی ناوچەکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە بەرامبەردا حەنین قەدۆ، ئەمەی بە مەترسیی (رشتنی خوێن) ناوبردو وتی: «زۆرینەی شەبەکەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان»و ئەوەشی بە سیاسەتی (بەکوردیکردن) ناوبرد.

ئەحمەد شـەبـەک، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی ئاماژەی بەوەکرد، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، کاندیدی ئەو لایەنە کورسی شەبەکەکانی بردەوە، کە نکوڵی لە ناسنامەی کوردیبوونی خۆی دەکرد، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان پێدەچێت نوێنەری ئەو لیستە کورسییەکە بباتەوە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ناسنامەی شەبەکەکان کوردەو سەر بە تیرە کوردییەکانی گۆران‌و هەورامیی‌و زەنگەنەن.

بە وتەی ئەحمەد شەبەک، دەرچوونی کاندیدی دەستەی راوێژکاری شەبەک، کە نزیکن لە کـوردەوە، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ناسنامەی شەبەکەکان‌و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و مەحافلەکاندا ئەو کەسە نوێنەرایەتی شەبەک دەکات، کە خۆی بە کورد دەزانێت‌و بەرگریی لە شەبەکەکان دەکات‌و نوێنەرایەتی پێکهاتەی شەبەک دەکات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧)، رێژەی کـورد لە حەمدانییە (٤٥٪) بـووە، کە زۆرینەیان شەبەکن، بەڵام لە ئاماری ساڵی (١٩٧٧) رێژەی کورد زۆر کەمبووەتەوە بۆ (٢٪)، بەهۆی ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٠) هەڵمەتی بە عەرەبکردنی شەبەکەکان دەستپێکراوەو نەتەوەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە کراوە بە عەرەب.

شەبەکەکانی موسڵ، کە بەڕەچەڵەک کوردن، زیاتر لە ناحیەی بەرتڵەو بەعشیقەو حەمدانییەو تلکێف بڵاوبوونەتەوەو سـێ گەڕەکیش لە موسڵ زۆرینەیان شەبەکن، جگە لـەوەی شەبەکەکان لە (٧٠) گونددا نیشتەجێن‌و بە خەملاندنی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەیان لە دەشتی نەینەوا، نزیکەی (٤٥٠) هەزار کەس دەبێت لەئێستادا.

# هەڵبژاردن، دیوی ناوەوەی قوتابخانەکان ئاشکرادەکات





دیمەنی نەشازی قوتابخانەکان کاریگەریی لەسەر ئاستی زانستیی قوتابیان‌و تێگەیشتنیان دەکات

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

**ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، پیس‌و پۆخڵن‌و کەمترین مەرجی پەروەردەییان تێدایەو بەڕێوەبەری بیناسازیی پەروەردەش، ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە قوتابخانەکان خۆیان داوای نوێکردنەوەی قوتابخانەکانیان بکەن، ئەوانیش بەهۆی کەمیی بودجەکەیانەوە، ئەو داواکارییە ناکەن.**

لە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەوەی سەرنجی زۆربەی دەنگدەرانی راکێشا، پیس‌و پۆخڵی دیـوارو کـورسـی‌و دەرگـاو پـەنـجـەرەو بـێ خـزمـەتـگـوزاریـی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بـوو، بەشێوەیەک کە لەو رۆژەوە، خـێـزانـەکـان تێگەیشتن لـەوەی کـە بـۆچـی منداڵەکانیان هەندێکجار لەخوێندن بێزار دەبن‌و لەکاتی هاتنەوەیان لەقوتابخانە دەڵێن «بەربووین»، وەک ئەوەی لەزینداندا بووبن، ئەمەش کاریگەریی سلبی لەسەر رەوتی خوێندنی منداڵ دەبێت، هەربۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی قوتابخانەکان نۆژەن ناکرێنەوە؟ ئایا چ لایەنێک بەرپرسە لە پیس‌و پۆخڵی قوتابخانەکان؟

ئەندازیارێکی ئاگادار لە پرۆژەکانی بیناسازیی پـەروەردە، ئـەوەی بۆ رۆژنـامـە روونـکـردەوە، کـە ئەو پرۆژانەی لە چاکسازیی‌و دروستکردنی قوتابخانەکاندا ئەنجامدەدرێن، تەنیا بۆ رووکـەش‌و هەڵخەڵەتاندن‌و ئەو کەموکوڕییانەی کە تێیاندایە بەئاسانی هەستیان پێدەکرێت، هاوکات، بەبێ پلان پرۆژەکان جێبەجێ دەکرێن، ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ ئەوەی کە بودجەیەکی رووکەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابخانەکان دادەنرێت.

ســاڵــی خـوێـنـدنـی پــار، بۆ چـارەسـەرکـردنـی کەموکووڕیی قونابخانەکان، نزیکەی (٥٠٠٠٠٠٠) دینار تەرخانکرابوو کە بە وتەی ئەو ئەندازیارە، ئەو برە پارەیە تەنیا بەشی بۆیاخکردنی قوتابخانەیەکی ناو شار دەکـات، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشکراو قوتابخانەی وا هەبوو، بـەردەوام‌و بەدوای یەکدا کاری بۆ دەکرا، بەڵام خوێندنگای وا هەیە، وێرانەیەو کاری تێدا ناکرێت، ئەو ئەندازیارە پێیوایە کە بەڕێوەبەرێتی بیناسازیی‌و وەزارەتی پەروەردە لەو کێشانە بەرپرسن‌و دواجار باجەکەشی هەر قوتابییەکان دەیدەن.

بـەڵام، فـەتـاح عـەزیـز مـوراد، بەڕێوەبەری بیناسازیی پەروەردەی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان لەو حاڵەتانە بەرپرس نین، هەروەک وتی «ئێمە ئەندازیارین‌و قوتابخانە بنەڕەتی‌و ئامادەییەکان‌و پەیمانگاکان‌و بەڕێوەبەرێتییەکانی پـەروەردەو گەنجینەکانی پەروەردە دروستدەکەین‌و نۆژەنیان دەکەینەوە، ئەمەش لەسەر داوای ئەو شوێنانە خۆیان دەبێت».

بـە وتـەی ئـەو بـەڕێـوەبـەرە، قوتابخانەکان بەپێی پێویستی‌و ئەو پارەیەی کە لەبەردەستیاندایە، داوای نۆژەنکردنەوەیان لێدەکەن، «ئێمەش دەرختەیان بۆ دەکەین‌و بـەپـێـی پێویستییەکەیان‌و ئەو پارەیەی لەبەردەستیاندایە، کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ دەکەین، خۆ ئەگەر پارەیان نەبێت، ناتوانین کاریان بۆ بکەین، چونکە پارەکە لەبەردەستی ئێمەدا نییە».

لـەلایـەکـی دیـکـەوە، ساڵانـەو لـەگـەرمـەی سـاڵـی خـوێـنـدنـدا، نـۆژەنـکـردنـەوەی قوتابخانەکان دەسـتـپـێـدەکـات، بـەوهـۆیـەشـەوە قوتابییەکان دەگـوازرێـنـەوە بۆ قوتابخانەیەکی دوورتر لەوەی خۆیان‌و رەوشـی خوێندن لەقوتابخانەکەدا جۆرێک لە تێکچوون بەخۆوە دەبینێت، ئەمە جگە لـەوەی کە قوتابییەکان ناچاردەبن، پارەی گواستنەوەکەیان بـۆ ئـەو قوتابخانەیەی کـە بۆی دەگوازرێنەوە، دابین بکەن.

سەبارەت بە بوونی ئەو حاڵەتانەش، بەڕێوەبەری بیناسازیی وتی «ئەوانە بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە بوون، بە نموونە لەساڵانی رابردوودا لەمانگی (ئەیلول) یان (تشرینی یەکەم)دا بودجە دەدرا بە خوێندنگەکان، هەرچەندە دەوامـی ئاسایی دەستپێدەکات، بەڵام ناچار دەبین کە دەستبکەین بە نۆژەنکردنەوەی خوێندنگەکە، چونکە بودجە لەبەردەستدایە».

لـەسـەرەتـای دەستپێکردنی دەوامـی ئاسایی قوتابخانەکاندا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) لەناو سلێمانیدا چەندین قوتابخانە کاری نۆژەنکردنەوەیان تێدا ئەنجامدراوە، وەک قوتابخانەکانی گەلاوێژ، نەجمەدین مەلا، رزگاری، شکاک، خاک، قەدەمخێر، سارداو...و چەندین قوتابخانەی دیکەش کە ژمارەیەکیان کاری نۆژەنکردنەوە تێیاندا تەواوبووەو نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەکی دیکەیان ماویەتی.

سەبارەت بە کاریگەریی پیس‌و پۆخڵی قوتابخانەکان لەسەر دەرون‌و ئاستی بیرکردنەوەی منداڵ، هەدیە عـەلـی، تـوێـژەری کۆمەڵایەتی بە رۆژنـامـەی وت «پـیـس‌و پۆخڵی‌و ناخۆشیی قوتابخانەکان، کاریگەریی خراپیان لەسەر منداڵی قوتابخانەکان هـەیـە، بـەشـێـوەیـەک وا لـە منداڵ دەکـەن کە ئـەوەنـدەی خەیاڵی لای قوتابخانەیەکی باشترو پاک‌و خاوێنترو خۆشترە، ئەوەندە بیری لای قسەکانی مامۆستاکەی نییە».

ئاماژەشی بەوەکرد، کە منداڵی زۆربـەی قوتابخانەکان، قوتابخانە بـەزیـنـدان یـان شوێنێک بـۆ چەند سەعاتێک دورخستنەوەیان لەماڵەوە سەیر دەکەن زیاتر لەوەی کەشوێنێک بێت بۆ پێگەیاندنیان، «هەربۆیە لەکوردستاندا، کاتی ئـەوە هاتووە کە ئەو حاڵەتانە چارەسەربکرێن‌و قوتابخانەکان بەشێوەیەک بن کە قوتابییەکان ئـارەزووی خوێندنیان هەبێت‌و چێژ لەمانەوەیان وەربگرن لە قوتابخانەکاندا».

# خەمی کورسییەکانی پەرلەمان‌و کورسی قوتابخانەکان

**بۆتان کەریم**

پڕۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامدراو ئاکامە بەراییەکانی تاڕادەیەک راگەیەنران‌و هەرلیست‌و قەوارەیەک لەخەمی بردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان‌و کورسییەکانی خۆیـانـدابـوون‌و کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە هەر لەسەعات هەشتی بەیانییەوە، پەخشەکانی خۆیان لەنێوەندەکانی دەنگداندا دەگـواسـتـەوە، ئێمەش لەماڵەکانی خۆمانەوە بەدیار شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە دانیشتبووین‌و سەرنجمان دەدا...

ئـەوەی لێرەدا دەمەوێت بڵێم، ئەوەیە کە گرنگترین شت، سەرنجی منی بۆلای خۆی راکێشا، خودی پڕۆسەکە نەبوو، بەڵکو ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانە بوون کە پڕۆسەی دەنگدانەکەی تێدا ئەنجامدرا، بەجۆرێک کە چەندێک دڵخۆشبووم بـەوەی کە خەڵکی بە پەرۆشەوە دەچـوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و پەنجەی خۆیان دەکردە مەرەکەبی دەنگدانەکەیانەوە، ئەوەندەش زیاتر دڵتەنگ بووم بەوەی کە بینای خوێندنگاو قوتابخانەکانم دەبینی، کە چەندە دوورن لە دەستی خزمەتگوزاریی‌و بێخەمیی ئەم حکومەتەی ئێمەو ئەو دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایانەی کە ئێمە هەمانن.

لەکاتێکدا هەموویان قەرزاری ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانەن کە هەموویانی فێری ئەلف‌و بێی سیاسەت کردووە، ئێستاش ئێمەو بەرپرسەکانیش جارێکی دیکە دەبێت هەر روو بکەینەوە ئەوێ، بۆئەوەی نوێنەرەکانمانی تێدا هەڵبژێرین‌و وەک خۆیان دەڵێن، زۆرترین کورسی بەدەستبهێنن.

بـە راسـتـی سـەیـرە، دەیـان‌و سـەدان سەرکردەو بەرپرسی ئەم وڵاتە ئەگەر لە رێگەی منداڵەکانیانەوە کە خوێندکاری ئەو قوتابخانانەن، نەیانزانیبێت خەمی ئەو قوتابخانانە لەچیدایە، دەبێت لەکاتی چوونیاندا بۆ سەر سندووقەکانی دەنـگـدان، چاوێکیان بگێڕایەو سەیری ئەو قوتابخانانەیان بکردایە کە چەند دوورن لەدەستی خزمەتگوزارییەوە، بۆیە دەڵێم‌و تکادەکەم کە ئەم سەردانەیان، ئەگەرچی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنـگ بوو بۆ خۆیان، ببێتە مایەی ئەوەی، ئاوڕێک لەبینای قوتابخانەکان بدەنەوەو دەستی خزمەتکردن‌و خزمەتگوزاریی زیاتری بۆ رابکێشن.

ئەوەندەی لە ریکلام‌و بەخشینەوەی پارە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا خەرجیان کردووەو کردیانە دیاریی‌و بەخشیش، ئەوەندەش لەو بـوارەدا خـەرج بکەن، چونکە ئـەوە تەنیا جێگەیەکە کە پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە هەیەو هەمووان لەوێدا فێربووین‌و لەوێشدا نوێنەرانی خۆمان هەڵبژاردو نەوەکانی داهاتووش چاویان لە دەستی ئێوەیە، چونکە ئەمە یەکەم هەنگاوی خزمەتکردنە، ئەگەر خزمەتێک بکەن.

## (٢٢)ساڵە بریندارانی هەڵەبجە بەئازارەوە دەتلێنەوە

# زامەکان... نیگەرانیی... بێ پلانیی رووبەڕووی حکومەت دەبنەوە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**(٢٢) ساڵە بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ئازارەوە ژیانی کولەمەرگی بەرێدەکەن‌و ساڵانە ژمارەیەکیشیان بەو هۆیەوە گیان لەدەستدەدەن، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە حکومەتی هەرێم وەک پێویست بە هانای ئەو بریندارانەوە نەچووەو سەرباری ئەوەش، ئەو نەخۆشخانەیەی سێ ساڵ لەمەوبەر بۆ چارەسەری بریندارانی کیمیاباران، بەردی بناغەکەی دانرا، تا ئێستا (٢٥٪)ی تەواو کراوە**

### ساڵانە، (٨)بریندار گیان لەدەستدەدەن

لەگەڵ شەهیدبوونی زیاتر لە (٥) هەزار هاوڵاتیی دانیشتووی هەڵەبجەو دەوروبەری لە ئەنجامی بۆردومان‌و کیمیابارانکردنیدا لە (١٩٨٨/٣/١٦) لەلایەن فڕۆکەکانی رژێمی بەعسەوە، نۆ هەزار هاوڵاتیی بە برینداری مانەوەو بەشێکیان لەوکاتەوە ژیانیان بە ئازارەوە بەرێدەکەن‌و زامی کارەساتەکەیان قووڵتر بووە، ئەوان جگە لە ئازاری کیمیاباران‌و شەهیدبوونی کەسوکارو هاونیشتمانییەکانیان ئازاری بۆنی سێوو خەردەل شەوگاری پڕئازاریان درێژ دەکاتەوەو ساڵانە بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکیان گیان لەدەستدەدەن.

هەرچەندە حکومەتی هەرێم، ئامارێکی نییە کە ژمارەی راستی بریندارانی چەکی کیمیایی لە هەرێمی کوردستاندا دەربخات، بەڵام بەپێی ئاماری کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیاباران، نزیکەی (٥٠٠)برینداری کیمیاباران لە سنووری هەڵەبجەدا هەن.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی چەکی کیمیایی، ئاماژە بەوە دەکات، کە لەو کاتەی کۆمەڵەکەیان دەستبەکاربووە، (٥)لیژنەی پزیشکی گیراوە بۆ دەستنیشانکردنی بریندارەکانی چەکی کیمیایی‌و رێژەی برینداری‌و پێویستییان بۆ چارەسەر، وتی «پشکنینەکان لەلایەن چەند تیمێکی پزیشکییەوەئەنجامدراون‌وباشترینیان تیمێکی ئێرانی تایبەتمەند بوو، کە (٧٢٠)کەسی بینی‌و بریندارەکانی دیاریکردو بۆ سێ بەش پۆلێنیکردن، (٩٠)یان حاڵەتیان زۆر خراپەو لە لێواری مەرگدان، (١٦٤)کەسیشیان کاریگەریی زۆریان لەسەرەو (٢١٤)کەسیشیان برینداری سوکن، بەڵام بەردەوام پێویستیان بە بەکارهێنانی چارەسەرو بینینی پزیشکە».

ئەو باسی لەوەشکرد، کە رێژەیەکی بەرچاوی بریندارانی کیمیاباران، لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی زۆریی برینەکانیانەوەو بەهۆی زۆریی کاریگەرییەکانەوە، گیانیان لەدەستداوەو وتی «زۆرێک لە بریندارەکان پێش دانانی کۆمەڵەکەی ئێمەو ئامارەکانمان وەفاتیان کردووە، بەڵام دوای ئەوەش ساڵانە (٨-٩)کەس لەو بریندارانە گیان لەدەستدەدەن کە رێژەیان تا ئێستا (٥٧)کەسە، هەموو ئەوانەش کاریگەریی زۆری چەکی کیمیاییان هەیەو بەوهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە».


بریندارێکی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە

### بریندارانی وەک پێویست خزمەت ناکرێن

هەرچەندە بەرپرسانی حکومی پێیانوایە کارکراوە بۆ هاوکاریکردن‌و چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی، بەڵام گیانلەدەستدانی بەردەوامی ئەو بریندارانە بەهۆی کاریگەرییەکانەوە، ئاماژەی هاوکارینەکردن‌و چارەسەر نەکردنن، هەروەک سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییان پێیوایە، لە ماوەی رابردوودا حکومەت وەک پێویست خزمەتی ئەو بریندارانەی نەکردووەو ئەوەشی کراوە بە هەوڵی کۆمەڵەکەی ئەوان‌و کەسانی دڵسۆز بووە.

د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، ئاماژەبەوەدەکات، کەلەکابینەکانی پێشووتری حکومەتیشدا چەندین کەس لە بریندارانی کیمیاباران بۆ چارەسەر نێردراونەتە وڵاتانی نەمساو دەوروبەر، «ساڵی رابردووش بە کۆمەڵەی کیمیاباران راگەیەنراوە کە چەند کەسیان پێویستیان بە چارەسەری پەلە هەیە، بنێردرێنە وڵاتی ئێران».

وەزیری تەندروستی پێیوایە، حکومەت بەپێی توانا یارمەتی ئەو بریندارانەی داوەو لە ماوەی دوو ساڵدا سەدان هەزار دۆلار بۆ ئەو بریندارانە سەرفکراوەو کۆمەڵەی کیمیاباران بەو کارانە هەستاوە، بەڵام زۆربەی ئەو بریندارانە لەبەر کاریگەریی کیمیاییەکە، هەتا مردن بە نەخۆشییەکەوە دەتلێنەوە، وتیشی «ئەوانە پێویستی زیاتریان بە چارەسەرو یارمەتی‌و قەرەبوو هەیە».

بەڵام لوقمان عەبدولقادر، ئاماژە بە هەوڵەکانیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیاباران‌و دەڵێت «ئەوەی کراوە بە توانای کۆمەڵەکەی ئێمەبووە»، وتیشی «لە پێشدا (٨)کەس لەو بریندارانە رەوانەی نەمسا کران‌و بڕیاربوو بەردەوام بێت، بەڵام سەرباری ئەوەی بەردەوام نەبوو، ئەوانەشی کە نێردران چارسەری پێویستیان بۆ نەکرا، چونکە چارەسەرکردنەکەیان بودجەیەکی زۆری دەویست، بۆیە لە کابینەی وەزارەتەی تەندروستیی ئیدارەی سلێمانی ئەوکاتە، کارەکان راوەستان، دواتر هەوڵێکماندا لە رێگای سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە هەنگاوێکی باش بوو و ئێستاش بەردەوامەو ژمارەیەک بریندار دیاریکران لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم ببرێنە دەرەوە بۆ چارەسەر، لەو (٦٩)بریندارەی دیاریکران، (٤٧)یان نەشتەرگەریی دڵیان بۆکراوە، ئەوە هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام باشتر دەبوو کە هەموو بریندارەکانی بگرتایەتەوە، نەک هەر ئەو (٦٩)کەسە».

بە بڕوای سەرۆکی کۆمەڵەکە، حکومەتی هەرێم پلانێکی نەبووە بۆ ناردنەدەرەوەو چارەسەری ئەو بریندارانەو «دەبوایە پلانیان بۆ ئەوە هەبوایە، نەک کۆمەڵەکەی ئێمە یان خەڵکی دیکە یەخەیان پێبگرێت، ئەو شتانەشی کە تا ئێستا لەو رووەوە کراون وەک تێکۆشان بووە نەک پلان، هەرچەندە رێ لە مردن ناگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کارانە بە پلان بوونایە، دەریاندەخست کە حکومەت بەتەنگی ئەو خەڵکانەوەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی نیگەرانییە، دوای ئەو هەموو قوربانیی‌و ماڵوێرانییە بۆ چارەسەری کاریگەرییەکان دوای بەرپرسان‌و حکومەت بکەویت‌و بڵێیت، ئەوە گرفتەکەمە من وام لێقەوماوە، ئەوە ناعەدالەتییە، دەبوایە حکومەت خۆی لە رێی وەزارەتی تەندروستییەوە خەمی ئەو بریندارانەی بخواردایە».

هەروەک پێشیوایە، لەماوەی رابردوودا لەلایەن حکومەتەوە بەپێی پێویست کار بۆ گشت بریندارەکان نەکراوە، بەڵکو «کار بۆ ژمارەیەکیان کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوەو(١٦)بریندارییان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڵام دەبوایە لە ژمارە یەکەوە تا کۆتایی، وەک ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە بودجەیەکی کراوەوە خزمەتی هەموویان بکرایە، چونکە هەموویان بە رێژەی جیاواز پێویستیان بە هاوکاریی‌و چارەسەرکردنە».

سەبارەت بە چارەسەرکردنی بریندارەکان، د. تاهیر، روونیدەکاتەوە کە هەندێک لە بریندارەکان تەنیا چارەسەری کاتییان بۆ دەکرێت‌و چارەسەرێک نییە کە تەواو چاکیان بکاتەوە، چونکە کاریگەریی کیمیاییەکە لەسەر کۆئەندامی هەناسەو دڵیان هەیەو «ناتوانرێت بخرێنەوە باری ئاسایی»، وتیشی «لیژنەیەک پێکهاتووە لە وەزارەتی تەندروستی‌و دارایی‌و شەهیدان‌و ئەنفال، ئەو نەخۆشانەی بینیوەو بڕیاردەدەن کامیان دەتوانرێت لە عێراقدا چارەسەری بۆ بکرێت‌و کامەش پێویستی بە دەرەوە هەیە بنێردرێت».

### ژیانێکی سەخت

نەبوونی مووچەو هاوکارینەکردنی دارایی، بە هۆکارێکی خراپبوونی تەندروستی‌و بارودۆخی بریندارانی کیمیاباران دەزانرێت.

لوقمان عەبدولقادر، لەو بارەیەوە وتی «بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوی واقیعییەوە تەماشای ئەو بریندارانەی نەکردووە، چونکە تا ئێستا پلانێکی تۆکمە نییە بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان‌و سوککردنی باری گرانیان بە دابینکردنی بژێویی ژیانیان، چونکە تا ئێستا بریندارانی چەکی کیمیایی مووچەیەکیان نییە، لەکاتێکدا کە گەورەترین تاوان کە بووەتە قەڵغانێک بۆ هەرێمی کوردستان، ئەنفال‌و کیمیابارانە، بەڵام تا ئێستا زۆرێک لەو بریندارانەی کیمیاباران، کاردەکەن، یان دەبێت دەست لە خزم‌و کەسوکار پانبکنەوە بۆ کڕینی دەرمان‌و چارەسەر، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆر لە کوردستاندا تەخشاندەکرێت».

ئەوە لەکاتێکدایە کە بە وتەی ئەو، پێویستبوو حکومەتی هەرێم، پێش هەموو کەسێک خزمەتی ئەو بریندارانەی بکردایەو باری گرانی سوکبکردنایە، «بەڵام ئەوانە، نەکراون».

### بە سێ ساڵ، (٢٥٪)ی نەخۆشخانەکە تەواو بووە

دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، جێی دڵخۆشیی بریندارن‌و خەڵکی سنوورەکە بوو، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە کە (٣)ساڵە بەردی بناغەی نەخۆشخانەکە دانراوە، بەڵام تا ئێستا (٢٥٪)ی پرۆژەکە تەواو نەبووە.

وەزیری تەندروستیی هەرێم، روونیدەکاتەوە، کەنەخۆشخانەی کیمیاباران لە هەڵەبجە لە جێبەجێکردندایەو هەموو ستافێکی بۆ دابین دەکەین‌و تا ئێستاش بە بەردەوامی بریندارانی کیمیاباران بەپێی قۆناغ دەنێردرێنە دەرەوە، لەبارەی وەستانی کارکردنیشەوە تێیدا وتی «ئێستا دەست کراوەتەوە بە کارکردن لە نەخۆشخانەکەدا، راستە چەند کێشەیەک هەبووە لە تەندروستیی هەڵەبجەدا، بەڵام خۆم راستەوخۆ سەرپەرشتیم کردووەو کارەکان بەرەوپێش دەچن‌و چەند پزیشکێکی پسپۆڕ رەوانەی هەڵەبجە کراون»، بۆ کارنەکردن‌و سستی پرۆژەکەش وتی: «تەنیا ئەوەم لەسەرە نووسراو بکەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ سزادان‌و لێپێچینەوە لە کەموکوڕیی».

جگە لەوەش، پێشتر حکومەتی عێراقی بڕیاریداوە سەنتەرێکی مەرکەزی لە هەڵەبجە بۆ چارەسەر بکرێتەوە، «خۆشم پەیوەندیم بە وەزارەتی تەندروستی بەغداوە کردووەو بەڵێنیانداوە لەم ماوەیەدا لیژنە بنێرن‌و دەست بە کاربکەن».

لای خۆشییەوە سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییان لەبارەی نەخۆشخانەکەوە وتی «کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر چارەسەری نەخۆشییەکان‌و کردنەوەشی پێویستییە، بەشێوەیەک تیمی پزیشکی پسپۆڕ کاری تێدا بکات، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تا ئێستا (٢٥٪)ی تەواو بووە، کە پێویستبوو لەماوەی ساڵێک‌و (٣) مانگدا تەواو بکرایە».


چەند خانوویەکی رووخاوی هەڵەبجە، دوای ٢٢ ساڵ لە بۆمبارانکردنی

# کێ براوەی ئەم هەڵبژاردنەیە؟



ئازاد چالاک

**ئەوانەی کاری تەزویرو ساختەکاریی دەکەن رایدەگەیەنن، کە ئەوان ناشەرعیو نامۆن بە ئەزموونی دیموکراسیو بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

لە (٧/٢٥)دا راستییەک درەوشایەوەو هاتە مەیدان، چ دۆستو چ نەیار بەخۆشی خۆیان بووبێت یان بەداخو کەسەر نەیانتوانی گۆڕان وەک واقیع قبووڵ نەکەنو بە براوەی حیساب نەکەن.

پێش ئەو رۆژەو دوای ئەویش رکەبەرەکانی گۆڕان نەیاندەویست دان بەو گۆڕانەدا بنێن کە بەر دەرگای ماڵەکانیانی گرتووە، ورد ورد بە چواردەوردا پەل دەهاوێو سەرنجی خەڵکو میدیاکان بەلای خۆیدا رادەکێشێت.

لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشەو گوڕەشەیەی جاری پێشوو لەگەڵ هەموو ئەو پارەیەی کە بەناهەق هەڵیانڕشت بێ گوێدانە پرنسیپە دیموکراتییەکان، دەسەڵاتو دامودەزگاکانی خۆیانو حکومەتیان خستە گەڕ بۆ سەرکەوتن، بەڵام ئەنجام گۆڕان بوو بە ژمارەو یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی خۆی راگەیاند.

هەر ئەو کاتەو سەرەرای ئاشکرابوونی نیشانەو بەڵگە جۆراوجۆرەکانی ساختەکارییو فێڵکردن لەئیرادەو دەنگی هاوڵاتییان، گۆڕان ئەنجامەکانی قبووڵ کردو لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی پرۆسەی دیموکراسی و تاقیکردنەوەی هەرێمی نەخستە ژێر پرسیاری گەورەوە!

زۆر کەس پێیانوابوو پاش ئەو ئەنجامە دەسەڵات بەخۆیدا دەچێتەوەو هەوڵدەدات کەموکورتییەکانیان وەک حیزبو وەک دەسەڵات چارەسەر بکەنو ژیرانە دەرگای گفتوگۆو چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ گۆڕانو کادیرانو لایەنگرانو جەماوەری خۆشیان دەکەنەوەو بزانن ئەم حاڵەتە بۆ روویداو هۆکارەکانی چینو چۆن بەوردیی چارەسەری راستەقینەو هاوچەرخ بۆ کێشە کەڵەکەبووەکان بدۆزنەوە.

بەڵام بەداخەوە هیچکام لەو هەنگاوانە نەنران، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر تاکڕەوییو بڕیاری سەرەوەو سزادانو نانبڕینی لایەنگرانی گۆڕان لەلایەن یەکێتییو بەهەند وەرنەگرتنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی حیزبو بچووککردنو بێبایەخکردنی سەرکەوتنی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن وایکرد کە هێندەی دیکە گرژیی نێوان هەردوولا بگاتە ترۆپک لەلایەکو لەلایەکی دیکەش سازشو چۆکدادانو قبووڵکردنی فشارو منەتی لایەنی هاوپەیمانیی لێکەوتەوە.

لە (٣/٧)دا هەڵبژاردنێکی دیکە هاتەڕێ، ئەمجارەیان دەسەڵات بێهودەیی پارە هەڵڕشتنی بۆ دەرکەوت، بەڵام لە هەمانکاتدا بە نەخشەو بەرنامە کاری بۆ سەرکەوتنو جێبەجێکردنی دوو مەسەلەی گرنگ کرد، یەکەمیان لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان تا بۆیان دەکرێت کاری ساختەکاریی ئەنجام بدەن کە ناکرێت لێرە باسی جۆرەکانیان بکەین، چونکە بەڕاستی دەسەڵات لەچاو جارەکانی پێشوو نەک هەر سەرکەوت، بەڵکو ئیبداعی تێدا کرد، دووەمیشیان برەودان بوو بەکاری تۆقاندنو توندوتیژییو هەڕەشەو سزادانو بەکارهێنانی دەسەڵاتو هێزە جۆراوجۆرە چەکدارەکان بۆ ترساندنو دەنگدان بە لیستی دەسەڵات، جگە لە کاری چەواشەکارییو هەڵگێڕانەوەی راستییە مێژووییەکان لەگەڵ هەموو ئەمانەداو لەگەڵ ئەوەی کە حیزبەکانی دەسەڵات خاوەن پارەوپولو دەزگای جۆراوجۆرو پەیوەندیی فرەلایەنەی دەرەکیو هەرێمینو مێژووی خەباتی شاخو دەسەڵاتی دوای راپەڕینیان هەتا ئەمڕۆ هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دیسانەوە هاناو پەنایان بردەوە بەر ساختەکارییو دزینی دەنگی هاوڵاتییان کە تاکە ئامرازی تاکی ئەم کۆمەڵەیە بۆ سزادانی دەسەڵات، بێ گوێدانە رقو تووڕەیی خەڵکو ناوزڕاندنی کوردو لەباروچوونی ئەزموونی حوکمڕانی خۆبەخۆی کوردیو لەباربردنی ئومێدی گەلی کورد بەدیموکراسیو بەچاکبوونو راستکردنەوەی باری گلاوی حوکمڕانی هەرێم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئۆپۆزسیۆنو لەناویاندا گۆڕان وەک گەورەترین هێزی بەرهەڵستکار ئازایانە خۆڕاگریی خۆی چەسپاندو ئۆپۆزسیۆن ئەمڕۆ لەکوردستان بووەتە ژمارەو سبەینێش هەنگاو و سەرکەوتنی گەورەتر بەدەستدێنێت.

ئەوانەی کاری تەزویرو ساختەکاریی دەکەن پێش هەموو کەس خۆیان هەڵدەخەڵەتێننو رایدەگەیەنن، کە ئەوان ناشەرعیو نامۆن بە ئەزموونی دیموکراسیو بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە ئەگەر بێتو نەتوانن کاری ساختەکاریی ئەنجام بدەن، ئەوا دەسەڵات دەدۆڕێنن، کە ئەمەش بۆ خۆی دوا قۆناغی ژیانی هەر لایەنێکە کە بگاتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر خەڵک متمانەی پێناکاتو رۆژ لەدوای رۆژ پێگەی خۆی لەناو جەماوەرەکەی لەدەست دەدات.

بۆیە براوەی یەکەم لەم هەڵبژاردنەشدا هەر بەرەی ئۆپۆزسیۆنو دەنگی تەزویرنەکراوی ناخی هاوڵاتییان دەبێتو بەدڵنیاییەوە بیرۆکەی دووبارەکردنەوەی هەمان تەجروبەی شەستەکانو جەلالیو مەلایی بەرامبەر گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن بەسەرچووەو جارێکی دیکە رووناداتەوە.

# لەبارەی کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی_یەوە



سیروان رەشید

**ئایا لە وەرگرتنی ئەو پۆستە پرسو راوێژ بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، وەک مەرجەعی خەڵکی کوردستان؟**

چەند رۆژێکە مشتومڕێکی گەرم کەوتووەتە ناوەندە سیاسییو ئیعلامییەکانی عێراقەوە، سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆمار.

سوننەی عەرەب ئەمجارە بەتەمای ئەو پۆستەنو لیستی هاوپەیمانییو سەرۆکایەتی هەرێمیش پێدادەگرێت لەسەر دووبارە بەدەستهێنانەوەی ئەو پۆستە.

شتێک کە سەرسامی کردوومو تێیناگەم ئەوەیە؛ کە ئەو پێداگرییە زۆرەی بەڕێز بارزانی سەرۆکی هەرێمو لیستی هاوپەیمانییو بەرپرسانی یەکێتی لەسەر پێدانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ بەڕێز تاڵەبانی لەپای چییە؟ بۆچی ئەم لایەنانە لەکاتی بەرگریکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئەو پۆستە بەشەخسەنەیان کردووەو دەڵێن؛ ئەو پۆستە بۆ تاڵەبانییەو ناڵێن بۆ کوردە؟ بۆچی بۆ خەڵکی کوردستانی روونناکەنەوە گرنگیی ئەو پۆستە لەچیدایە بۆ تاڵەبانی؟ ئایا لە وەرگرتنی ئەو پۆستە پرسو راوێژ بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، وەک مەرجەعی خەڵکی کوردستان؟ ئایا راوێژ بە لیستی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ کراوە، کە ئەمجارە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی کورسییەکانی کوردیان بەدەستهێناوە؟ ئایا سەرۆکایەتی هەرێمو لیستی هاوپەیمانیی دیراسەی ئەوەیان کردووە، کە پێداگریی زۆر لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە کاریگەریی سلبیی بۆ سەر بەدەستهێنانی مافەنەتەوەییەکانی کورد نابێت؟ کورد لە بەرامبەر چ تەنازوولێک، ئەو پۆستە وەردەگرێت؟.

جیاوازییەکی گەورە لەنێوان گوتاری سیاسیی لیستی هاوپەیمانییو لیستی گۆڕان هەستپێدەکەم، کە هاوپەیمانیی زۆر تەرکیز لەسەر سەندنی پۆستی سیادیی دەکاتو لیستی گۆڕانیش لەسەر سەندنی مافو بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوتی نەتەوەیی. هەروەک لیستی هاوپەیمانیی لەماوەی رابردوودا زۆرکات لەپێناوی سەندنی پۆستی سیادی تەنازولی لە هەندێ مافی نەتەوەیی کورد کردووە.

راستەو نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە بەدەستهێنانی پۆست گرنگە، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیەو دەبوایە سەرۆکایەتی هەرێمو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بەدیقەتتر لە گرنگیی و ناگرنگیی ئەم پۆستە بڕوانن، چونکە لە چوارساڵی داهاتوودا جیاواز لەم خولەی تێپەڕی، پۆستی سەرۆک کۆمار پۆستێکی زۆر رەمزیو تەشریفاتیو لاواز دەبێتو بەپێی دەستوور لەم خولەدا وەک جاری رابردوو مافی ڤیتۆی لەسەر دەرکردنی یاساکانی پەرلەمان نابێتو بێ رەزامەندیی ئەو تێدەپەڕێنرێت.

بەڵێ پۆستی سەرۆک کۆمار لەڕووی ناوبانگو حزوری نەتەوەییەوە، لەسەر ئاستی عێراقییو جیهانیی بۆ کورد بەرچاوترو دڵخۆشکەرترە، بەڵام من پێموایە؛ بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە، ئەمجارە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت، کە لەپۆستی سەرۆک کۆمار گرنگییو بایەخێکی زیاتری بۆ کورد هەیە، بەوپێیەی چوار ساڵی داهاتوو زۆر سەخت دەبێت بەنیسبەت کوردەوەو کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ لە پەرلەمان حەسم دەکرێت، کە سەرۆکی پەرلەمان لەم روانەوە دەتوانێت رۆڵی گرنگی هەبێت،:

**یەکەم:** سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت مومماتەڵەو رێگری بکات لە دەرچوونی هەندێک یاسا، دژ بە کورد.

**دووەم:** لەم خولەدا لانیکەم مەسەلەی مادەی (١٤٠) بەلایەکدا حەسم دەکرێت.

**سێیەم:** لەم خولەدا سەرژمێریی گشتیی عێراق دەکرێت، کە ئەویش پەیوەندیی بە رێژەی کورد لە ناوچەدابڕاوەکانو مەسەلەی (١٧٪)ی بودجەوە هەیە، کە رەنگە لەم دەورەیەی پەرلەماندا هەندێک لە فراکسیۆنەکان رازی نەبن، رێژەی ١٧٪بودجە بدرێتەوە بە کورد.

**چوارەم:** بەپێی مادەی (٤٨)ی دەستوور، لەم خولەی پەرلەماندا ئەنجومەنی فیدراڵیی پێکدەهێنرێت، کە جێگەی سەرۆکایەتی کۆمار دەگرێتەوەو زەمانەتێکی گرنگە بۆ کورد، ئەگەر بەلێزانانە کاری بۆ بکرێت.

**پێنجەم:** بەپێی مادەی (١٤٢)ی دەستوور لەم خولەدا کۆمەڵێک تەعدیلات لە دەستووردا دەکرێت، کە بەشێکیان پەیوەندییان بە مافی خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

کرۆکی ئەم مەسەلانە پەیوەندییان بە مافی کوردەوە هەیە، نەک بەڕێز تاڵەبانی، هەر بۆیە ناکرێت تەنیا لەبەر ئەوەی بەڕێز تاڵەبانی حەز بە وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە دەکات، ئەو مەسەلەیە کاریگەریی بەسەر کەمکردنەوەی مافەکانی کوردەوە هەبێت.

# سیناریۆ رەشەکەی عێراقی پاش (٣/٧)



مەجید ساڵح

**ئەوەی لە حەوت ساڵی رابردوودا ئەمریکا چاندوویەتی، ئێران لەم هەڵبژاردنەدا بەرهەمەکەی دەچنێتەوە**

هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ی عێراق لە شانۆگەرییەکی بووکەشووشەیی تراژیدی دەچێت، کە دەرهێنەرەکەی (ئەمریکا) کۆنترۆڵی لە دەستداوەو ئەکتەرەکان (حیزبە سیاسییەکان) بە ئارەزووی خۆیان پەلکێشیانکردووە بۆ کۆمەڵێک دیمەنی کۆمیدیو پێکەنینهێنەر، لەوەش خراپتر کۆمەڵە دەرهێنەرێکی دیکە (ئێرانو وڵاتانی دەوروبەر) لە دەرەوەی گەمەکەوە هاتوونەتە سەر سەکۆکەو بێ گوێدانە ئەسڵی سیناریۆکەو دەرهێنەرە سەرەکییەکە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان چۆنیان بوێت سیناریۆکە دەگۆڕنو ئەکتەرەکان هەڵدەسوڕێننو هاوپەیمانییان پێ دەبەستنو دەیانکەن بە گژ یەکدا، بەڵام بینەران (گەلانی عێراق) جگە لە بەفیڕۆدانی کاتو پارەکانیان، نە هیچ فێردەبنو نە هیچیان دەستدەکەوێت.

قەرار نەبوو ئەم شانۆگەرییە (پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) بگات بەم حاڵەتە. ساڵی (٢٠٠٣) ئەوکاتەی ئەمریکا بە خۆیو سوپاکەیو هاوپەیمانەکانییەوە هاتن بۆ ناوچەکەو سەدامیان لەسەر کورسی دەسەڵات هێنایە خوارەوە، بەڵێنی ئەوەیان دا بە گەلانی عێراق کە پشتگیریی لە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکرات دەکەن، کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ بەرقەرار بێتو ببێتە نموونەیەک بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیە ئێران دەستیکرد بە مەراییکردن بۆ ئەمریکاو سوریاش لە ترسی دووبارەنەبوونەوەی سیناریۆکەی (٢٠٠٣/٤/٩)ی بەغدا لە دیمەشق، دوای چەندین ساڵ لە داگیرکردنی، بە پەلەپەل لە لوبنان کشایەوە. سعودیەو کوەیتو ئەردەنو تەنانەت وڵاتە دوورەکانی وەک میسرو مەغریبو لیبیا کەوتنەخۆیانو دەستیاندایە ریفۆرمکردن. ئیدارەی بۆش سەرەڕای ئەو هەموو لەمپەرو کێشانەی رووبەڕووی بوونەوە لە عێراق، درێژەی بە سیاسەتەکانی خۆی داو زۆر لە بەڵێنەکانی جێبەجێکرد، بەڵام مەخابن دوای سەرکەوتنی باراک ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی (٢٠٠٨) زۆر بەخێرایی هەموو ریسەکەی کۆمارییەکانی کردەوە بە خوری، هەر زۆر زوو ئەمریکای لە دەرهێنەرێکی سەرکەوتووەوە کرد بە دەرهێنەرێکی فاشیل، نەک هەر کۆنترۆڵی ئەکتەرەکانی لە دەستدا نەما، بەڵکو سیناریۆکەشی پێچەوانە بووەوەو هەموو ئەوەی کۆمارییەکان لە رابردوودا بینایان کردبوو، لەسەر سینییەکی زێڕین خستە بەردەم ئێرانییەکان.

ئەکتەرەکانی شانۆگەرییەکەش دوای ئەوەی زانییان دەرهێنەرە ئەمریکییە تازەکە لەو ئاستەدا نییە کار بۆ سەرکەوتنو بردنەوە بکات، بەناچاریی لە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧) بوونە چەند بەشێکەوە، بەشێکیان (کە لە حیزبە شیعەکانو هەندێک لە هێزە کوردییەکان پێکدێن) گەڕانەوە بۆ لای باوانە کۆنەکەیانو پێیانوایە ئێران جڵەوەکەی لە ئەمریکا وەرگرتووەو ئەم شانۆگەرییە بەجۆرێک دەردەهێنێت، کە لە خزمەتی خۆیدا بێت، بۆیە هەریەکەو لای خۆیەوە لە هەڵپەی ئەوەدایە رۆڵی سەرەکیی پێبدرێت، یان لانیکەم ئەو رۆڵەی کە بە درێژایی حەوت ساڵی رابردوو هەیبووە لەدەستنەدات. بەشەکەی دیکەشیان (حیزبە سوننەو قەومییەکانی عەرەبن)، ئەمانە دوای ئەوەی بێئومێدبوون لەوەی سوریا ئامادە نییە پشتگیرییان بکاتو لەگەڵ ئێراندا بچێتە ململانێوە، پەنایان بردووەتە بەر وڵاتانی کەنداو و میسر بۆ ئەوەی لە ئایندەدا لەم شانۆگەرییەدا نەبنە کۆمبارس، بەشێکی دیکەی عێراقییەکان کە خەون بە وڵاتێکی دیموکراسیو فیدراڵییەوە دەبینن، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت گەمەکە لە ئەوان گەورەترەو لەودیو سنوورەکانەوە نەخشەی بۆ دارێژراوە، دوو رێگە لەبەردەم خۆیاندا دەبیننەوە، یان تەسلیمبوون بە واقیعەکە، یان سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە.

هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچن ئەوەی لە حەوت ساڵی رابردوودا ئەمریکا چاندوویەتی، ئێران لەم هەڵبژاردنەدا بەرهەمەکەی دەچنێتەوە، ئەوەتا بەئاشکرا دیارە ئێرانییەکان بە بەرچاوی ئۆباماو وڵاتانی عەرەبییەوە دەورەکان بەسەر ئەکتەرە عێراقییەکانی نزیک لە خۆی دابەشدەکاتو ناکۆکیو خیلافاتەکانیان وەلادەنێتو دەیاندا بەگژ هەر هێزێکی دیکەی عێراقیدا، کە پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئەو هەنگاو هەڵنێت.

لێرەدا دەکرێت بڵێین؛ عێراق دوای ئەم هەڵبژاردنە لە سیناریۆ خۆڵەمێشییەکەی ئەمریکاوە تەسلیم بە سیناریۆ رەشەکەی ئێران دەکرێتو دەرگای سیناریۆیەکی سپی بۆ ماوەیەکی نادیار لەبەردەم عێراقییەکاندا دادەخرێت.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەمەیە؛ بۆ ئەمریکا ئەوە دەکات؟ ئایا لە بێتواناییەتی یان لە بێئاگایی؟ گومانم لەوەدا نییە ئەمریکا نەهێندە بێتوانایەو نە هێندەش بێئاگا، بەڵام لە حەقیقەتدا هیچ وەڵامێکیشم پێ نییە بۆ ئەو کپو کڕییەی ئەمریکاییەکان.

# گومان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دادەپۆشێت

ئاژانسەکان

کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق نەیتوانی لەکاتی خۆیدا رۆژی (٣/١٠) ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ئاشکرابکاتو دوایخست بۆ (٣/١٨)، ئەم دواخستنەش گومانی لای زۆربەی لیستو قەوارە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکە دروستکردووە.

## دواخستنی راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان

کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەپاساوی تێکچوونی کۆمپیوتەرەکانی ئیدخالی زانیارییەکان، پاشنیوەڕۆی (٣/١٠) ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی دواخست.

لەمبارەیەشەوە ئیئتیلافی شیعەی عەمار حەکیم داوای لە کۆمسیۆن کردووە کە روونکردنەوە بدات لەسەر چۆنێتی جیاکردنەوەی دەنگەکان، چونکە گومان دەکرێت یاری بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە بکرێت.

## سندوقەکان لە دۆخی گوماناویدا گوازراونەتەوە

وەزیری ناوخۆی عێراق ئاشکرای کرد، هەندێک لایەنی سیاسی بۆ گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، دەستێوەردانیان لە پرۆسەی دەنگداندا کردووە.

جەواد بۆلانی ئاماژەی بەوەدا؛ هەندێک لایەنی سیاسی لە دۆخێکی نـاڕوونو گوماناویدا سندوقەکانی دەنگدانیان گواستووەتەوە.

وتیشی: هەندێک لایەنی دیکە فشاریان خستووەتەسەر دەنگدەران لەکاتی دەنگدانی تایبەتدا، ئەم رەفتارانەش پرۆسەکەیان شێواند، چونکە بەمشێوەیە ئەنجامەکان گوزارشت نابن لە رای هاوڵاتییانی عێراق.

وەزیری ناوخۆی عێراق دووپاتیکردەوە، کە ئەو بەڵگانەی دەستیانکەوتوون رەوانەی کۆمسیۆن کراوە، بۆ ئەوەی رێوشوێنی پێویستیان لەدژدا بگیرێتەبەر، جگە لەوەی تۆمەتی زۆریش دەخرێتە سەر خودی کۆمسیۆن، لەمبارەیەوە دەبێت کۆمسیۆنی باڵا وەڵامی ئەو تۆمەتانەش بداتەوە.

## لەکەرکوک زیاتر لە (٨٣) هەزار دەنگی کورد دەفەوتێت

بەپێی زانیارییە بـەرایـیـەکـان، لە کەرکوک نزیکەی (٨٣) هەزار دەنگی لیستە کوردییەکانی دەرەوەی لیستی هاوپەیمانیی دەفـەوتـێـن، چونکە هیچ لیستێکیان نەیانتوانیوە بەشی کورسییەک دەنگبهێنن.

تائێستا لە سنووری کەرکوک، نرخی هـەر کورسییەک گەیشتووەتە (٤٧) هەزار دەنگ، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان لیستەکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ لەکۆی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە نەگەیشتووەتە ئەوەی کورسی مسۆگەر بکەن، زیاتر لە (٨٣) هەزار دەنگی کورد بەفیڕۆدەچێت.

لـەمـبـارەیـەوە ئـاوات مـحـەمـەد، سەرۆکی لیستی گـۆڕان لە پارێزگای کەرکوک، فەوتانی ئەو دەنگانەی کوردی پشتڕاستکردەوەو هۆکارەکەشی بۆ لیستی هاوپەیمانیی گەڕاندەوە.

ئاوات محەمەد دەڵێت: سەدان سکاڵامان دژ بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان داوەتە کۆمسیۆنی باڵا بەهۆی ئەنجامدانی خـروقـاتو ساختەکارییەکی زۆر لە پارێزگاکەدا.

نـاوبـراو ئـامـاژەی بـۆ ئـەوەکـرد؛ ئـەو ساختەکارییەی روویـدا، بووەتە هۆی سەرسامیی هەموولایەک، وەک ئابڕووچوون وەهابووە.

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە کەرکوک ئاشکرایکرد؛ «سەدان، بەڵکو هەزاران کەس هەبوون زیاتر لە پازدەجار دەنگیان بە دوو حیزبەکەی هاوپەیمانیی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات داوە لە ناوچە کوردییەکاندا».

ئاوات محەمەد ئەمین وتیشی: «لە ناوچە عەرەبییەکانیش هەمان حاڵەت هەبووە، ئەو ناوچانە لەسەر ئێمە داخراوبوون، ئەو ناوچانە ساختەکارییەکی هاوشێوەی تـێـداکـراوە لـە بـەرژەوەنـدیـی لیستی عێراقییە.

## رێکخراوی تەمموز: کۆمسیۆن تەزویری ئەنجامداوە

ڤیان شێخ عەلی، سەرۆکی رێکخراوی تەمموز بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، رۆژی (٢٠١٠/٣/١٣) ئاشکرایکرد؛ لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی (٣/٧) تەزویرو ساختەکاریی روویداوەو لەناو مەڵبەندی جیاکردنەوەی دەنگەکانیشدا چەندەها حاڵەتی تەزویر ئاشکرابوون کە لەلایەن فەرمانبەرانی کۆمسیۆنەوە ئەنجامدراوە، بۆیە دەبێت کۆمسیۆن روونکردنەوە بدات لەسەر ئەوەی دەنگی لیستێک خراوەتە سەر لیستێکی دیکە یاخود نا.

ڤیان شێخ عەلی رایگەیاند: بەداخەوە تەزویرو ساختەکارییەکی وەها روویداوە کە کاریگەریی تەواوەتی دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو چاودێرەکانی ئێمەش تێبینی ئـەوەیـان کـردووە، کە لەکاتی داخڵکردنی داتاکاندا ساختەکاریی روویداوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڤیان وتی: لە پرۆسەی داخڵکردنی داتاکاندا چاودێر ناتوانێت بزانێت چی روودەدات، فەرمانبەرەکانیش لەناو مەڵبەندی جیاکردنەوەی دەنگەکاندانو ئەوەی کە بەرچاوی ئێمە دەکەوێت تەنیا شاشەکانی تەلەفزیۆنە.

## کۆمیسیۆن (٢٠٠٠) سکاڵای پێگەیشتووە

جیاکردنەوەو ئەژمارکردنی دەنگەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێینایە هەفتەیەکەوەو بەرپرسێکی کۆمسیۆنیش جەختدەکاتەوە لەسەر ئـەوەی بەهۆی زۆری سکاڵاکانەوە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن دوادەکەوێت.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: کۆمسیۆن سەرجەم کارتەکانی دەنگدانی گشتیی لە پارێزگاکانی عێراق بەدەست گەیشتووەو لە ئێستاشدا کۆمسیۆن سەرگەرمی جیاکردنەوەو ئەژمارکردنی دەنگەکانە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، ئاشکراشیکرد؛ کۆمسیۆن جیاکردنەوەو ئەژمارکردنی سەرجەم دەنگەکانی هەر (١٦) وڵاتەکەی دەرەوەی عێراقی کۆتاییپێهێناوەو تەنیا بەشێکی دەنگدانی تایبەت ماوە تەواوبکرێن.

ئاماژەی بەوەشکرد؛ کۆمسیۆن رۆژانە بەردەوامە لە جیاکردنەوەو ئەژمارکردنی دەنگەکانو چاوەڕواندەکرێت کۆتایی ئەم هەفتەیە ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی تەواوەتی رابگەیەنرێت.

سـەبـارەت بە ئەنجامی کۆتاییش، عـەبـدولڕەحـمـان خەلیفە رایگەیاند: کۆمسیۆن زیاتر لە (١٨٠٠) سکاڵای لەسەر هەڵبژاردنەکە بەدەست گەیشتووە، کە ئەمەش راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە دوادەخاتو رەنگە لە کۆتایی ئەم مانگەدا رابگەیەنرێت، چونکە کۆمسیۆن وردبینیو لێکۆڵینەوە لە سەرجەم سکاڵاکان دەکاتو رەنگە بەهۆیەوە هەندێک سندوق پوچەڵبکرێنەوە.

بەڵام زانیاریەکان ئەوە دەخەنە روو کە رێژەی سکاڵاکان بەرزبووەتەوە بۆ (٢٠٠٠) سکاڵا لەسەر لایەنە جیاوازەکان.

## دەنگدانی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات پوچەڵدەکرێتەوە

کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرای کرد، دەنگدانی ئـەو دەنـگـدەرانـەی تاراوگە پوچەڵدەکاتەوە، کە ناوەکەی دووبارەبێتو داتاکانیان تەواو نەبێت.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: کۆمسیۆن سەرجەم دەنگەکانی هەر (١٦) وڵاتەکەی بەدەست گەیشتووەو لـە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجامەکانی رادەگەیەنرێت.

وتیشی: دەنگدانی هاوڵاتییانی عێراقی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات وەکو دەنگدانی مـەرجـدار ئـەژمـاردەکـرێـت، کـە هەر دەنگدەرێک لەکاتی دەنگداندا زانیارییەکانی خۆی دەنووسێت، بەبێ ئەوەی زانیاریی هیچ کەسێک ئاشکرابکرێت.

سەبارەت بە رەتکردنەوەی دەنگی هەندێک لە دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات، عەبدولڕەحمان خەلیفە وتی: دەنگەکانی ئەو دەنگدەرانە رەتدەکرێنەوە کە ناوەکەی دووبارەبێتو دووجـار دەنگی دابێت، هەروەها ئەو دەنگدەرانەی داتاکانیان تەواو نییە، ئەمەش دوای ئەوەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە جەختی لێدەکرێتەوە.

بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، (٢٧٢) هەزار هـاوڵاتـی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بەشدارییان لە دەنگداندا کردووە، لە کۆی (١) ملیۆنو (٢٥٠) هەزار دەنگدەر، کە مافی بەشداریکردنی دەنگدانیان هەبووە.

هەر لەمبارەیەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا، (٨) قەوارەی سیاسی عێراق بەیاننامەیەکی نـاڕەزایـیـان بـڵاوکـردەوە، کـە تیایدا نیگەرانیی خۆیان رادەگەیەنن دەربارەی ئەژمارنەکردنی نزیکەی (چـوار یەکی) دەنگی ئەو دەنگدەرانەی کۆمسیۆن بەبێ پاساوێکی راگەیەنراو گلیداونەتەوەو پێدەچێت دەنگەکانیان پوچەڵبکرێتەوە یان بەبێ ئامادەبوونی چاودێرەکانی قەوارەکان چارەنووسیان یەکلاییبکرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان لە وڵاتی سوید (٥) هەزار دەنگو لە وڵاتی ئەڵمانیا (٤) هـەزار دەنـگـو لە وڵاتـی هۆڵەندا (٥) هەزار دەنگ بە پاساوی دووبارەبوونەوە پوچەڵدەکرێتەوە.

## لیستی عێراقییە هەڕەشەدەکات

پـاش بـڵاوکـردنـەوەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی دەنگدان، لیستی عێراقییە رایگەیاند: لیستەکەی نـوری مالیکی ساختەکارییەکی زۆری ئەنجامداوە، بەجۆرێک «سفر زیادکراوە بۆ ژمارە راستەقینەکەی خۆی».

وتەبێژی ئیئتیلافی عێراقییە رایگەیاند: لیستەکەی دەنگی هیچ لایەنێکی دیکەی ناوێتو لە یەک دەنگی خۆشی خۆشنابێت. ئاماژەی بەوەشدا؛ لەپێش هەڵبژاردنو لەکاتی پرۆسەکەدا پێشێلکاریی زۆر ئەنجامدراوە.



هەڵبژاردن تەواو بوو بەڵام...

دەملوجی نیگەرانیی لیستەکەشی نیشاندا لە «ئەگەری روودانی ساختەکاریی، هـەروەک لەپێش هەڵبژاردنو لەکاتی پـرۆسـەکـەشـدا پێشێلکاریی زۆر ئەنجامدراوە".

## هەڕەشە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکرێت

دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریـی هـەڕەشـەی لـە کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان کـرد، ئەگەر ئەنجامی دەنگدان بەو (٥٥) کاندیدە پشتگوێ نەخات کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کردووەو پێشتریش بڕیاری ریشەکێشکردنیان دەرچووە، ئەوا کۆمسیۆن دەداتە دادگا.

عەلی لامی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەکە وتـی: کۆمسیۆن بەشێوەی زارەکـی پێی راگەیاندین کە ئەو (٥٥) کاندیدە دووردەخـاتـەوەو دەنگەکانی بەدەستیشیان هێناوە دەیخاتە سەر لیستەکانیان، بەڵام ئەمە تەنیا رێکەوتنێکی زارەکی بوو نەک فەرمیی.

ئاماژەشی بەوەدا؛ ئەگەر کۆمسیۆن بە فەرمیی ئەو دەنگانەی کاندیدەکان بەدەستیانهێناوە پشتگوێ نەخات، ئەوا سکاڵا پێشکەشی دەستەی باڵای هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی دادوەریـی دەکەن.

جێی باسە هەفتەی رابردوو دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریـی چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی دەنگدان، بڕیاری دوورخستنەوەی (٥٥) کاندیدی دابوو، کە لیستەکانیان وەک جێگرەوەی کاندیدی دوورخراوەی دیکە پێشکەشی کردبوون، لەنێویشیاندا ئیبراهیم موتڵەگی برای ساڵح موتڵەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگی عێراقی تێدابوو.

## لە کەرکوک لیستی عێراقییە پێش هاوپەیمانیی کەوت

کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: دوای داخڵکردنی (٦٠٪)ی داتاکانی پارێزگای کەرکوک، لیستی عێراقییە بە (١٢٣٨٦٢) دەنگو هاوپەیمانیی کوردستانیش (١٢٠٦٦٤) دەنگی بەدەستهێناوە.

کۆمسیۆنی ناوبراو لە رێگەی کەناڵی ئاسمانیی عێراقییەوە رایگەیاند: لەدوای هەژمارکردنو جیاکردنەوەی (٦٠٪) ی دەنگەکانی پـارێـزگـای کـەرکوک، دەرکـەوتـووە کە عێراقییە (١٢٣٨٦٢) دەنگو هاوپەیمانیی کوردستان (١٢٠٦٦٤) دەنگو لیستی گۆڕان بە پلەی سێیەم دێتو (٢٠١٥٢) دەنگی بەدەستهێناوە».

روونیشیکردەوە، «لـەم رێـژەیـەدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (١٤٤٧١) دەنـگـو تەوافوقی عێراقی (١٠٨٢٧)و ئیئتیلافی نیشتیمانیی (٧٨٨٧)و دەوڵەتی یاسا (٧٨٠٥)و هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان (٢١٣٧)و تورکمانی کەرکوک (١٣٦٣)و لیستی یەکێتیی گەل (٥٥١) دەنگیان بەدەستهێناوە».



گومان لە داخڵکردنی داتاکان دەکرێت

# ئۆپۆزسیۆن و شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک



مەحمود رەزا ئەمین

**قۆستنەوەو سواربوونی شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک، نەک عەیبەو عار نییە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاکە فاکتەری لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنی تەندروستە**

دەسەڵاتی کوردی و قەڵەم بەدەستەکانی حیزب کە باسی ئۆپۆزسیۆن بونی (گۆڕان) یان لێ ئەپرسی، ئەڵێن، گۆڕان ئۆپۆزسیۆن نیە، بزوتنەوەیەکە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بوە. دروست بوە بۆ دژایەتی کردنی (ینک)، هەندێ جار ئەڵێن (پدک)یش.

## ئۆپۆزسیۆن چیە؟

لەکاتی نوسینی ئەم وتارەدا تەنیا فەرهەنگی (van Dale)ــی هۆڵندیم لە بەردەستدا بو. ئـەم فەرهەنگە ئــاوا تاریفی ئۆپۆزسیۆن ئەکا: «... موعارەزە، دژ وەستان، ١- ئەوان رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن لە دژایەتیکردنی پێشنیارەکانی حکومەتدا. ٢- حیزبەکان و کەسانی سیاسیی کە بەربەرەکانێی حکومەت ئەکەن».

کـەواتـە ئـەو حیزبەی یــان ئــەو کەسەی بەربەرەکانێی کارەکان و پێشنیارەکانی حکومەت بکا، ئۆپۆزسیۆنە.

## ئۆپۆزسیۆن چۆن لەدایک ئەبێ؟

بۆ شـەرحی ئــەم حاڵەتە نمونەیەک لە تاقیکردنەوەی گەلان رائەگوێزم. لەبەرئەوەی لەناوچەکەی خۆمان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نمونەیەکی وەها جوان نیە بۆ چاولێکردن بشێ، نمونەکە لە مێژوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی هۆڵندی وەرئەگرم:

«نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لە مێژوی هۆڵندییەکاندا ناسراوە بە چەرخی ململانێی قوتابخانەکان. ئەو زەمانە هەمو قوتابخانەکان قوتابخانەی ئاینی و مەزهەبی بون. لیبراڵەکان ئەیانویست قوتابخانەکان بێلایەن و بۆ هەموان بن. پرۆتستانت و کاتۆلیکەکانیش ئەیانویست قوتابخانەکان لەژێر ئایدیای ئاینی و مەزهەبی خۆیاندا بن و مافی وەرگرتنی سوبسیدی (کۆمەک/ یارمەتی) ش هەر بۆ ئەوان بێ.

ساڵی ١٨٧٨ قانونی نوێی خوێندنی سەرەتایی لەلایەن پاشا ڤیلمی سێیەمەوە ئیمزا کرا. سەرەڕای ئەوەی ٣٠٠ هەزار ئیمزای کۆکراوە درا بە پاشا، داوایـان لێکرد قانونەکە ئیمزا نەکا، ئەو هەر ئیمزای کرد. لەو قانونە نوێیەدا هاتبو کە سوبسیدی بۆ پرۆتستانت و کاتۆلیک نیە، قوتابخانەکان ئەبێ بێلایەن بن. بەهۆی دەرچونی ئەم قانونە و دژایەتیکردنی لیبراڵەکان بۆ مافی سوبسیدی بۆ کڵێسا، هەردوو مەزهەبی پرۆتستانت و کاتۆلیک ململانێ و دوژمنایەتی دێرینی خۆیان وەلا نــاو، بۆ یەکەمین جار هاوپەیمانییەکی شێلگیریان لە ژوری دووەما (ژوری دووەم بەشێکە لە پارلەمانی هۆڵندی) دروست کرد، هەرچەندە تا ئەو کاتە ئەندامانی پارلەمان لە چوارچیوەی حیزبا خۆیان ڕێک نەخستبو... حیزب لەناو کۆمەڵی هۆڵندیدا دروست نەبوبو.

ساڵی ١٨٧٩ لە لایـەک بەهۆی ململانێی نێوان لیبراڵەکان و مەزهەبیەکانەوە، لە لایەکی تریشەوە لە دژی پرەنسیپەکانی شۆڕشی فرەنسی، کە بەهۆی داگیرکردنی هۆڵندا لەلایەن فرەنساوە، لە بەرچاوی هۆڵندییەکان کەوتبون، بۆ یەکەمین جار لەلایەن کابرایەکی لیبراڵەوە بەناوی ئەبراهام کیوپەر، حیزبێکی سیاسی دامەزرێنراو ناونرا پارتی دژی شۆڕشگێڕی: ئەنتی ریڤۆلیوشنایر پــارتــای (Anti-Revolutionaire Partij)».

ئەگەر بەدیقەتەوە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بخوێنینەوە دەرئـەکـەوێ، ململانێی نێوان حکومەت و بەشێک لە کۆمەڵ کە مەزهەبییەکان بـون؛ ململانێی نێوان کۆمەڵی هۆڵندی و فرەنسای داگیرکەر و، ململانێی نێوان لیبراڵەکان و مەزهەبییەکان، بون بە مایەی دروستبونی حیزب و دروستبونی ئۆپۆزسیۆن.

بە واتایەکی تـر، نـاڕەزایـەتـی خەڵک لە سیاسەتی ئـەو دەمــی حکومەت و کێشە چارەسەر نەکراوەکانی هەناوی کۆمەڵ، بو بە هەوێنی دروستبونی ئۆپۆزسیۆن.

## گۆڕان، ئۆپۆزسیۆنە یان کەفوکوڵ؟

وەکو چۆن شەڕ و ململانێی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان؛ شەڕی نێوان لیبراڵەکان و مەزهەبییەکان؛ شەڕی نێوان کۆمەڵی هۆڵندی و کەلتوری داگیرکاریی فرەنسییەکان؛ شەڕی نێوان حکومەت و دەستەو تاقمە جیاوازەکانی کۆمەڵی هۆڵندی هەوێن بون بۆ هەڵاتن و لەدایک بونی ئۆپۆزسیۆنی هۆڵندی، هەر ئاوا شەڕی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان لەدژی گەندەڵی و ناعەدالەتی و زوڵم و ستەم و، نەبونی خزمەتگوزاریی ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، تەندروستی، پــەروەردە و، داتەپینی ئابوریی پیشەسازی و کشتوکاڵیی، هەوێن بون بۆ هەڵاتن و لەدایکبونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، بۆ لەدایکبونی بزوتنەوەی گۆڕان. ئەم راستییە ئەوە ئەسەلمێنێ کە دروستبونی ئۆپۆزسیۆن مۆدێلی جلوبەرگ نییە بەئارەزوی دەسەڵات دروست بکرێ، هەروەها هیوایەتیش نیە تا بە حەزو ئــارەزوی ئەم و ئەو ممارسە بکرێ، بەڵکو هەلومەرجی بابەتی و خۆیی کۆمەڵ ئەیسەپێنێ.

کەواتە قۆستنەوە و سواربونی شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک نەک عەیبە و عار نیە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لە مێژوی مرۆڤایەتیدا تاکە فاکتەری لەدایکبونی ئۆپۆزسیۆنی تەندروستە.

ئەگەر دەسـەڵات هەمو ئیشوکارێکی باش بێ، دادپــەروەر و قانون پارێزو بەخشندەو خزمەتکاری کۆمەڵ بێ و بتوانێ بە باشی خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیان بکاو کەرامەتی ئینسانیی تاک بپارێزێ و ژیانی دابین بکا، ئیتر چ پێویست بە بونی ئۆپۆزسیۆن ئەکا؟

خەڵکی کوردستان کە لە هیچ یەکێ لەو نیعمەتانەی سەرەوە بەهرەمەند نین؛ یەکێتی و پارتیش کە جێگەی حکومەتیان گرتۆتەوە و هەمو وەزیفەکانی ئەویان خستۆتە ناو مستی دوو سەرکردەو دوو (م.س) و، هیچ یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەتێکی بەرپرسیاریان لە ئەستۆ نەگرتوە، کاڵفامن ئەگەر چاوەڕێ نەبن، هێزێک بێتە مەیدان، ســواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک ببێ... داخوازییەکانیان و خواستەکانیان بەرنامەرێژ و کەناڵیزە بکاو تێ بکۆشێ بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی گەندەڵ و ناعادل و، هێنانەدی خواست و ئاوات و حەزەکانی کۆمەڵ.

یەکێتی و پارتی ئەگەر ئەیانەوێ بزوتنەوەی گۆڕان وەکو حیزب ئاوقەدیان نەبێ، بەردەوام رەخنەکانی ئاراستەی ئـەوان نەبن و روی دەمی با لە حکومەت بێ، ئەوا ئەبێ هەژمونی حیزبەکانیان لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت هەڵگرن، حیزب و حکومەت لەیەکتر جیا بکەنەوە، دەست لە قۆرخکردنی بـازاڕ و دەسـەڵات و دەست لە بینەقاقای کۆمەڵ و قوتی رۆژانەی خەڵک هەڵگرن.

کاربەدەستانی حیزب و قەڵەم بەدەستەکانیان کاتێک ئەڵێن، ئەمە ئۆپۆزسیۆن بون نیە، سواربونی شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکە، لە دوو شت بەدەر نیە: یان ئەیانەوێ کۆمەڵ بگێلێنن یان خۆیان گێلن. چونکە ئەوساو ئێستاش، چ لێرە یان لە وڵاتانی دیمۆکراتیی دامەزراودا، ئۆپۆزسیۆن بۆیە هەیە، بۆیە دروست ئەبێ و ئەتوانێ بژی، چونکە بەشێک لە خەڵک نارازین بە کارو ئەدای حکومەت. کەی ناڕەزایەتی خەڵک لە حکومەت نەما، سائیتر ناڕەزایەتی بێ لە دەست نەبونی خزمەتگوزاری و ئازادی گشتی یان لەدەست سیاسەتی چەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی دەسەلاتداران، ئەوکاتە ئۆپۆزسیۆنیش نامێنێ.

لەبەرئەوەی لە مێژودا حکومەتێک لەدایک نەبوە توانیبێتی هەمو هاووڵاتییەکانی رازی بکا، لەبەرئەوە ئۆپۆزسیۆن بون حاڵەتێکی بەردەوامە. ئەمڕۆ حیزبی (س) حاکم و (ص) ئۆپۆزسیۆنە، سبەی هاوکێشەکە هەڵئەگەڕێتەوە (ص) حاکم و (س) ئۆپۆزسیۆنە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد ڕێز لەم یاسایە نەگرن، هەرگیز نە خۆیان ئەحەسێنەوەو نە کۆمەڵ. لێ ئەوەی بەدیهیەو چەندو چونی ناوێ ئەوەیە کە، کۆمەڵ هەرگیز لەناو ناچێ. ئەوە حاکمەکانن کە زوو یان درەنگ ئەبێ جێگە چۆڵ بکەن بۆ کەسانی تر.

## میسکی خیتام:

پاش جەنگی دووەمــی جیهان، لەپێناوی خولقاندنی زەمینەی یەکێتی و لێک تێگەیشتن، پارتی گەلیی کاتۆلیک و پارتی کاری هۆڵندی ماوەی ١٢ ساڵ بە هاوپەیمانی حوکمرانی وڵاتیان کرد. ڤیلم درەیس کە زەعیمی پارتی کار بو، لەو ١٢ ساڵی هاوپەیمانییە ١٠ ساڵ سەروەزیر بو. ئەو بەهاوکاری کارل پاوڵ رۆم-ی زەعیمی پارتی گەلیی کاتۆلیک هەوڵی ئەدا بناغەیەکی فراوانی لێک تێگەیشتن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بینای نوێی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە. درەیس ئەوەندە دڵسۆزانە تێ ئەکۆشا، وای لێهات هۆڵندییەکان لە خۆشەویستییا پێیان ئەوت «باوکە درەیس».

خەتای خەڵکی کوردستان نیە کە لێرە لەجیاتی «باوکە درەیــس»ی خۆشەویست، «باوکە کۆمپانیاکان» و «باوکە میلیشیا»ی بنەماڵە ئەیانهاڕن!

حیزبەکانی دەسەڵات ئەگەر ئاقڵ بن، ئەبێ مەمنون بن کە بزوتنەوەی گۆڕان ناڕەزایەتی خەڵکی کردوە بە ئۆپۆزسیۆنێکی ئاقڵانی، ئەگینا ئەو نمونە دزێوەی ئەم دوو هێزە بەرهەمیان هێناوە بەبێ ئۆپۆزسیۆنێکی ئاقڵانی و رێکخراو، سەریان ئەخوا.

ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانیی کوردستان، لە شەڕی بودجەدا بێ سنور ئەدای جوان بو، رێگەی نەدا حیزب گیرفانی کۆمەڵ ببڕێ. لێ ئەگەر دەسەڵات بیەوێ بەحیلەو حەواڵە، بە فێڵ و تەڵەکە ئۆپۆزسیۆن پەراوێز بخا و لە تواناو ئەدای کەم بکاتەوە، ئەو پشت ئەستور بە هزری ستراتیجی ناتوندوتیژی، رێگەی تری هەیە بیگرێتە بەر. سیمبولە جیهانییەکانی وەکو بودا، دیزمۆند توتو، گاندی، مارتن لۆتەر کینگ، نیلسۆن ماندێلاو چەندانی تر سامانێکیان بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشتوە هەرگیز لەبن نایە. ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان ئەتوانێ، ئەگەر دەسەڵات بیەوێ لە قاڵبی بداو بیگەیەنێتە بن بەست، ئەتوانێ سود لەو سامانە دەوڵەمەندە وەرگرێ.

# ئیرادەی مرۆڤی کورد
## چایچییەکەی دوکان وەک نموونە

رەزا جەبار

بــەرلــەوەی ئــەو ئـیـرادە بەهێزەی مرۆڤێک کە پیشەی چایچێتییە بخەینەڕوو، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەر کارو پیشەیەک بە بازووی مرۆڤو رەنجو ماندوبوون بکرێتو ناتەبا نەبێت لەگەڵ یاساو رێسا گشتییەکانو زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی نەگەیەنێت جێگەی شانازییە، ئیدی هەر کارو پیشەیەک بێت، لە پیشەی چایچێتیو کارگوزارییەوە بگرە تا دەگاتە پیشەی بازرگانێک، واتە هیچ پیشەیەک نییە سووکو بێنرخ بێت، ئەگەر لادان نەبێت لە چوارچێوە گشتییەکانو بە زیان نەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە، هەروەک مەرج نییە کەسایەتیو ئیرادەی مرۆڤ گرێبدرێت بە پیشەکەیەوە، چونکە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی توانای بەرگریکردنی لە ئیرادەی خۆی هەیە، نەک پیشەکەی، بۆیە پیشەی چایچێتی ئەگەر لە رووی سەرچاوەی مادییەوە کەمولاواز بێت، ئەوا مەرج نییە خاوەن پیشەکە ئیرادەی لاوازو بێ ئیرادە بێت. ئەوەی لێرەدا دەبێتە نموونەی ئەم نووسینە، بڕینی مووچەو بژێویی ئینسانێکە پیشەی چایچێتی هەلبژاردووە تاوەکو سەربلندانە خۆیو خێزانەکەی بژێنێت، بیری نەکردووەتەوە پەنا ببات بۆ پیشەیەک لەگەڵ یاساو رێساکاندا نەگونجێتو زیان بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، بۆیە قبوولی پیشەیەکی کردووە، کە لە رووی مادییەوە لەخوارەوەی هەموو پیشەیەکی دیکەیە، گرنگ ئەوەیە وەک مرۆڤ بژیو خاوەنی خۆی بێت، ئەم هەڵوێستەو قبوولنەکردنی ئاشکرای تەزویرکردنی دەنگو ئیرادەی ئەو مرۆڤە بە هەڵوێستە دەمانخاتە بەردەم خوێندنەوەی دوو هەڵوێستی جیاواز، هەڵوێستێک راستەوخۆ پەیوەندیی بەو مرۆڤەوە هەیە کە دەستبەرداری کەسایەتی خۆیو ئیرادەی ئازادانەی خۆی نابێت، ئەگەر مووچەو بژێویی ژیانیشی بکەوێتە مەترسییەوە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر کارەسات بێت مرۆڤی کوردی ببێتە مرۆڤی تەقلیدی، ئەوا لە هەڵوێستێکی لەمجۆرەدا پێویستە تەقلیدیی بێت، واتە پێویستە مرۆڤی کوردی هەرچۆنێک بێت خۆی دەربازبکات لەو سیاسەتە ناتەندروستو نامرۆییەی کە هێزی سیاسیی دەسەڵاتدار ماوەی هەژدە ساڵە کار لەسەر کاولکردنی ئیرادەی مرۆڤی کوردو بە مێگەلکردنی دەکات، ئەمەش لە رێگەی لەبەرچاوگرتنو تەقلیدکردنی چەندان نموونەی جیاواز لەهەموو ئەو فشارانەی کە لە چەند مانگی رابردوودا بینیومانە، لە هەمووی گرنگتر نوێترین هەڵوێستی مرۆڤێکە، کە ئامادەیی تێدابووە مووچەو بژێویی ژیانی خۆیو خێزانی ببڕدرێت، بەڵام رێگە نادات کەسایەتیو ئیرادەی بداتە دەست ئەویترو بەزۆر بیبات بۆخۆی.

هەڵوێستی دووەم پەیوەندیی بە چیرۆکی نانبڕینی چایچییەکەوە هەیە، بەڵام هەڵوێستی ئەو هێزە سیاسییەیە کە سزای دەداتو بێشەرمانە دەستدەبات بۆ بڕینی سەرچاوەی ژیانی ئەم مرۆڤە!. گومانی تێدا نییە عەقلیەتی هێزێکی سیاسیی بگاتە ئەو جێگەیەی دەستببات بۆ برسیکردنو نانبڕینی چایچییەک، دەگاتە ئەو جێگەیەش دەستببات بۆ هەموو پیرۆزییەکی دیکەی مرۆڤ، هەروەک ئەوەشمان پێدەڵێت تروسکاییەک ئومێدی مرۆییو خواستی مرۆیی لەلای ئەم هێزە میوان نییە، هێزێک بەو هەموو شکستەوە کە بەردەوام رووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام بە مەرحەمەتی رێکەوتننامەیەکی نادیموکراسیی هێشتا هەر دەسەڵاتداری ئەم هەرێمەیەو نانو بژێویی مرۆڤەکانی لەژێر دەستی خۆیدا هێشتووەتەوەو یاریی بە کەرامەتو ئیرادەی مرۆڤی کوردی دەکات، ئاخر چ عەقلییەتێکی تەندروست قبوولی هێزێکی وەها دەکات، کە تەماح بکاتە ژیانی مرۆڤێکەوە چایچێتیی هەلبژاردبێت، بەڵام مادامەکی قبوولی کەشفکردنی دەنگدانەکەی ناکات، دەردەکرێت؟! لەکاتێکدا مووچەی ئەم مرۆڤە بەهەموو پێوەرێکی یاساییو ئەخلاقی لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی رۆژانەیدا بووە، کە چای گەرم بدات بە لێپرسراوە حیزبییەکانی، نەک مووچەپێدان بێت بۆ کڕینی دەنگو ئیرادەی.

ئەمجۆرە مامەڵەیە لەکاتێکدایە ئەو هێزەی ئەمجۆرە کارانەی کردووەتە پیشەی خۆی، لەئێستادا هەموو خیتابی سیاسیی خۆی تەرخانکردووە بۆ بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار، بەو پاساوەی پۆستێکی گرنگە بۆ کوردو دەبێتە هۆکاری بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییو مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوەی لێرەدا دەبێتە پرسیارو رووبەڕووی ئەو هێزە سیاسییە دەبێتەوە، ئەوەیە: ئایا ئەو چایچییەی لەسەر ئەوەی ئیرادەی خۆی نەدایە دەستتان، مرۆڤ نەبوو؟ کورد نەبوو؟ تۆ لێرە مافی زەوت بکەیت، چۆن لەوێ مافی بۆ دەگێڕیتەوە؟.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان - تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# کێ بڕیار دەدات، ئەمریکا، ئێران، یان عێراقییەکان؟



**هیوا جەمال**

گەرمترین باسی سیاسیی لەدوای هەڵبژاردنەوە، چۆنێتیی پێکهێنانی حکومەتی نوێو دابەشکردنی پۆستو پلەکانی عێراقە.

مرەکەبی پەنجەی دەنگدانی سەرکردەکان کاڵ نەبووبووەوە کە دەستیانکرد بە لێدوان لەبارەی وەرگرتنی پۆستەکانەوە، بەتایبەت کورد کە لە مێژووی عێراقدا، زۆرترین غەدری لێکراوەو بڕواشی وایە کە لەسەر دەستی سەرۆکەکانی عێراق، ئەو غەدرە گەورانەی بەرامبەر ئەنجامدراون، بۆیە بەتەواوی چاوی بڕیوەتە پۆستە سیادییەکان، بەتایبەت سەرۆکایەتی کۆمار.

لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراقدا کە (٧)ی ئەم مانگە ئەنجامدرا، زیاتر لە (٢٠٠) حیزبو کەسایەتیو هاوپەیمانیی بەشدارییان تێداکردووەو زیاتر لە (٦) هەزار پاڵێوراویش کێبڕکێیان کرد بۆ بردنەوەی (٣٢٥) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەناویشیاندا (١٢)هاوپەیمانیی تێدابوو، کە (١٦٤) حیزبو لایەنیان لەخۆگرتبوو. لەو هاوپەیمانێتییانە، (٥)هاوپەیمانێتیی سوننیو (٣)هاوپەیمانێتیی شیعەو (یەک)ی عەلمانی (شیوعی)و (یـەک)ی مەسیحیو (یـەک)ی هاوبەشی سوننەو شیعەو هاوپەیمانییەکی کوردیی.

ئەو هاوپەیمانێتییانەی کە تا ئێستا دەرکەوتووەو لەم هەڵبژاردنەدا کورسیی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بریتین لە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسای نوری ئەلمالیکی (شیعە)، کوتلەی ئەلعێراقییەی ئەیاد عەللاوی، بە بەشداری تاریق ئەلهاشمی (شیعەو سوننە)، ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی عەمار ئەلحەکیم (شیعە)، هاوپەیمانیی کوردستانی جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی.

هێشتا ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق نەکشاندووەتەوەو گەورەترین باڵیۆزخانەی لە بەغدا کردووەتەوە، هەرچەندە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە عێراق بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵن، بەڵام لەکاتی مەسەلە هەستیارەکانو بڕیارەکاندا، نەک عێراق، هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانیشان بە چرکە جێنەهێشتووە.

ئەمریکا کە قوربانییەکی زۆری لە عێراقدا داوە، هیچ کەسێک لەوبڕوایەدا نییە، وا بە ئاسانی دەست لەم وڵاتە هەڵبگرێت، بۆیە بەردەوام بەدوای دەمامکە عێراقییەکانەوەیەو کێ عێراقیترین دەمامکی هەبوو، بە باشترین جۆریش، چوارپەلی ئیشی بۆ ئەمریکا کرد، ئەوە زۆرترین چانسی هەیە بچێتە پۆستە سیادییەکانەوە.

کەواتە دەکرێت بپرسین، لەدوای چوار ساڵ، کێ زۆرترین وەلائی بۆ ئەمریکا پەیدا کردووە؟، ئەو عێراقییانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەپارێزێن لەم وڵاتەدا، کێن؟، نەخشەی ئەمریکا بۆ چوار ساڵی ئایندەی عێراق، چییە؟، چۆن پەیوەندیی عێراقو دەوروبـەری لە هاوکێشەی حکومەتی نوێدا ڕێکدەخات؟

وڵاتی ئێرانی دراوسێ کە یەکێکە لەو دراوسێیانەی، زۆرترین شەڕو ناکۆکی لەگەڵ عێراقدا هەبووەو لە سنووری نێوان هەردوولادا، زۆرترین خوێن ڕژاوە، بەردەوام ویستوویەتی بەشێک لە وڵاتی عێراق بخاتە سەر سنوورەکەی، ئێستا بەئاسانی هەموو سنوورەکانی بڕیوەو وەک سەرکردە عێراقییەکان خۆیان باسیدەکەن، هەیمەنەی بەسەر عێراقو بەشێکی زۆر لە حیزبە شیعییەکاندا هەیە، ڕۆڵی لەم حکومەتە نوێیەدا چی دەبێت؟

پێش هەڵبژاردنەکە، زۆربەی سەرکردە عێراقییەکان سەردانی ئێرانیان کردو چەندین بەرپرسی ئێرانیش هاتنە بەغدا، ئەوکاتە وا دەخوێنرایەوە کە هاتوچۆکە تەنیا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییە لە نێوان حیزبەکاندا، بەڵام شیکاروانەکان، هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدا نەچوو کە ئێران نەخشەی حکومەتی ئایندەی عێراقیشی لەگەڵدا باسکردوون.

کەواتە دەکـرێـت بپرسین، ئێران چـۆن پیاوەکانی خـۆی (یان دۆستەکانی) لە حکومەتی نوێدا جێدەکاتەوە؟ چ کارێک دەکات بۆئەوەی لانیکەم، حکومەتی نوێی عێراق دژایەتی نەکات؟، یان بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت؟

ئەوەی کە گرنگە عێراقییەکان دڵی پێخۆش بکەن، پشتبەستنە بە تواناکانی خۆیانو خزمەتکردنی هاوڵاتییانی عێراقە لە ڕێگەی ئەو متمانەیەوە، کە پێیان بەخشراوە. عێراق، ئەو وڵاتەی کە لە ڕووی پیترۆڵەوە، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکان هەژمار دەکرێتو بەسەر چەندین نەتەوەو تایفەو ئاینزادا دابەشبووە، پێویستە گەلەکەی لە خۆشگوزەرانیدا بژین.


کورد کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقەو هیچ کەس لە عێراقییەکان بە شۆڤێنییەکانیشەوە، نکۆڵییان لەو حەقیقەتە نەکردووەو بێگومان دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە تەواوکردنی بنیاتنانەوەی عێراقدا (هەروەک لەسەرەتاوە (٢٠٠٣) ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، بەڵام بەداخەوە، بە سوودی زۆرترین بەرژەوەندیی حیزبیو شەخسی بووە، نەک مافە نەتەوەییەکان).

هاتنی عەرەبەکان بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ناتوانرێت بەبێ ئەم نەتەوەیە، حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، بەڵام بۆ کورد لەناوخۆدا، گرنگترین شت ئەوەیە کە چۆن لەگەڵ عەرەبەکاندا ڕێکدەکەون؟ ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکان (کە تا ئێستا ناوەڕۆکی هیچ ڕێکەوتنێک ئاشکرا نەکراوە، بەوانەشەوە کە لەنێوان حیزبە کوردییەکان خۆیاندایە) بۆ گەلەکەیان ئاشکرا دەکەن؟ یەکێتیو پارتی کە گوزارشت لە بۆچوونی هەموو گەلی کورد ناکەن، دەگەڕێنەوە بۆ حیزبەکانی دیکەی کوردستان، یان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە مەسەلە هەستیارو چارەنووسسازەکان بڕیار لێدەدەن؟

# وشـە بـیـانـیـیـەکـان

## ئەم وتانە هەڵبژاردەی چەند وتارێکن

## کە ڕۆژنامە بە گرنگی زانیونو لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە میدیای بیانیدا بڵاوبوونەتەوە







**مایکڵ ڕۆبن لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ناشناڵ تایمز بەناونیشانی «پێداچوونەوەیەکی نیشتمانی: هەڵمەتی دوای هەڵبژاردن» نووسیویەتی:**

سی ئای ئەی ئەیاد عەلاوی پەسەند دەکـات، بـەڵام دەبێت وەکـو پـێـشـوو بـەوریـایـیـەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات. لەکاتێکدا عـەلاوی وەکـو عەلمانیستێکو کەسێک کە حـەز لەلیبرالیەت بکات خۆی دەخـاتـەڕوو، بەڵام ئەو ڕابردوویەکی هەیە، نەک تەنیا وەکو بەعسییەک لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵکو وەکو سەرۆک وەزیرانی ئینتیقالی لە (٢٠٠٤-٢٠٠٥).

ئـەگـەر سـەرنـج بـدەیـنـە کـوردەکـان: بـەگـوێـرەی ئەو ئیمەیلانەی ڕۆژنامەنووسەکان ناردوویانە، لیستی گۆڕان کە تازە دامـەزراوە، شکستی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی سەرۆک جـەلال تاڵەبانی دەسـەڵاتـدار لەسلێمانی هێناوە، لەکەرکوکیش خـەریـکـە دەبـێـت بـە دووەم. ئەمەش ئایندەی تاڵەبانی دەخاتە گومانەوە. سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پاشەکشەی ئەمریکا، کوردەکان دەسـتـدەکـەن بەدانوستاندنی سەختو دەزانـن تەنیا نفوزی ئەمان کـەم دەبـێـتـەوە. ئەگەر دانوستان لەگەڵ کوردەکان زۆر سەخت بێت، ئەگەر هەیە کە دوو یان سێ لەفراکسیۆنە سەرەکییە عەرەبییەکان هاوپەیمانێتییەک پـێـکـبـهـێـنـنو کـوردەکـان دووربخەنەوە، ئەمەش ڕێگایەکە بەرەو توندوتیژیی. ئەو گریمانەیە دامەنێن کە ئاکامی توندوتیژیی شتێک بێت سەرکردەکانی کورد ڕەتیبکەنەوە، ڕەنگە مەسعود بارزانی لەبەرژەوەندیی سیاسیی خـۆی وای ببینێت کە ئاگری توندوتیژیی تایەفی خۆش بکات لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆیو ڕەنگە ناچارکردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆئەوەی بمێننەوە.






**تۆماس فریدمان لە وتارێکیدا کە لە نیویۆرک تایمز بە ناونیشانی «نهێنییە زانراوەکانی عێراق، هێشتا نەزانراون» بڵاویکردووەتەوە نوسیویەتی:**

ئـەو دوو سیناریۆیەی ئێوە ناتانەوێت ببینن ئەمەیە:


١- کەلتووری خێڵەکی عێراق زاڵدەبێت بەسەر سیاسەتداو وڵاتەکە بە نەوتەکەیەوە دەبێتە سۆماڵێکی گەورە.

٢- لەکاتێکدا ئەمریکا وردە وردە دیارنامێنێت، حکومەتی شیعەی عێراق خۆی زیاتر لەگەڵ ئێران دەگونجێت، ئێران دەبێتە دروستکەری پاشا لەعێراق، ئەو شتەی سوریا لەلوبنان دەیکرد.

بۆچی دەبێت وریابین کاتێک ئێمە دەڕۆیـن؟ زۆر بەسانایی، ئەو هەموو باری نادڵنیاییەی لەناوچەکەدا هەیە، لەساڵانی عێراقی سـەدامو ئێرانی ئایەتوڵا خومەینیدا زەمینەی بـۆخـۆشـکـراوە، هـەردوولایـان بلیۆنان دۆلاریـان لەداهاتی نەوت دەستکەوتووە. ئەگەر، بەتێپەڕبوونی کـات، سیستمێکی دیموکراسی قبووڵکراو لەعێراقو بەهەمانشێوە لەئێران دەربکەوتایە -بەو شێوەیە داهاتی نـەوت لەدەست ڕژێمێکی بەرپرسیاری قبووڵکراودا بوایە، لەبری ئاڵۆزترکردنی ڕەوشەکە- سەرجەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازدەبوو.

ئەگەری ڕوودانــی ئەوەیە بەو شێوەیە هێشتا زۆری ماوە، دەوێت. لەکۆتایدا دەگەڕێینەوە سەر پرسیارە بەردەوامەکەی سیاسەت بەرامبەر کەلتوور، وەکـو خـۆم بـڕوام بەو قسەیەی لاورێنس هاریسۆن هەیە کە لەکتێبەکەی «حەقیقەتی لیبرالی مەرکەزی» -کێشەکانی کەلتوور، زیاتر لەوەی ئێمە پێمانوایە، بەڵام کەلتوور دەتوانێت بگۆڕێت زیاتر لەوەی ئێمە پێشبینی دەکەین. بەڵام ئەو گۆڕانە کاتی دەوێت، سەرکردایەتیو زۆرجار ئازار. ئەوە بۆچی، من گومانم هەیە لـەوەی عێراقییەکان سەرسامان دەکەن-بەخراپ یان بەچاک-زیاتر لەجاران بەرلەوەی لەکۆتاییدا وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە: ئێمە کێینو چۆن دەمانەوێت بەیەکەوە بژین؟



**پۆل ماکچێف لە وتارێکیدا کە لە ناشناڵ تایمزدا بە ناوی «مەشخەڵی «بەڵێ، ئێمە دەتوانین» لە کوردستان کۆتاییدێت» بڵاویکردووەتەوە، نووسیویەتی:**

هەرکەسێک ببێتە سەرۆک وەزیـــران، کـۆڕایـەک لەسەر پێشبینیکردنی ئەوەی کوردەکان دەبـنـە بەشێک لەحکومەتی ئیئتیلافی داهاتوو.

ئەو حکومەتە کە حەتمەن شیعە باڵادەست دەبێت، دەیەوێت کوردەکان لەگەڵیدابێت بۆئەوەی نەهێڵێت هاوپەیمانیی ببەستن لـەگـەڵ حیزبە سوننەکاندا، لەکاتێکدا کوردەکان دەیانەوێت نزیکبن لەکورسی دەسەڵاتەوە. بەڵام ناکۆکی لەنێوان گۆڕانو هـــەردوو حـیـزبـە کـوردیـیـە سەرەکییەکەدا، ناچاریان دەکات ڕەوشەکە هەڵبسەنگێننەوە.

یـەکـەم تـاقـیـکـردنـەوە ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، ئـاشـکـراکـردنـی نـیـازیـەتـی لـە ڕێـگـرتـن لـە سـەرلـەنـوێ دەستنیشانکردنەوەی دوژمنە پێشووەکەیانو پیاوی بەهێزی (یـنـک) جـەلال تـالـەبـانـی بە سـەرۆکـی عـێـراق. لـەدیـدی هەندێک لەشیکەرەوەکانەوە بەڕێز تاڵەبانی تەنیا کوردە کە توانایەکی زۆری هەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیو جەختکردنەوە لەسەر مافەکانیان، لەکاتێکدا حـیـزبـە سـەرەکـیـیـەکـانـی دیکەی عێراق پلاندەگێڕن بۆ بچووککردنەوەی قـەبـارەی کوردەکان.

لەژێر سەرکردایەتی جێگری پێشووی سکرتێری (ینک)، نەوشیروان مستەفا، گـۆڕان شاڵاوێکی بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان، مەحسوبیەتو ئـیـدارەی خـراپـی هـەردوو حیزبەکە دەستپێکردووە.






**مایکڵ جانسن لە وتارێکیدا کە ئایریش تایمز بەناوی «ئایندەی عێراق، لەکاتێکدا گرەو لەسەر دیموکراسیی هەرێمی کوردی دەکرێت» نووسیویەتی:**

هەڵبژاردنەکەی ٣/٧، زۆرباش دەریدەخات عێراق لەژێر داگیرکاریی ئەمریکا وەکو وڵاتێکی دیموکراسی یـان دیکتاتۆری دەردەکـەوێـت. چاودێران لێرەو لەدەرەوە دەڵێن، ڕەنگە عێراق بەئاراستەیەکیاندا بڕوات. دەرئەنجامەکانی هەرێمی کـوردی ڕەنگە یەکێک بێت لە فاکتەرەکانی یەکلاییکردنەوە.

هاوپەیمانێتی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک) کە پـارێـزگـای سلێمانی بەڕێوەدەباتو پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) کە باڵادەستە لەپارێزگاکانی دهـۆکو هەولێر، ڕووبـەڕووی ڕکابەرێکی گەورە بووەتەوە.

لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٥، ئەم هاوپەیمانێتییە ٥٣ کورسی لەکۆی ٢٧٥ کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی بـردەوەو کوردەکانی کردە دەنگی یەکلاییکردنەوە لەنێوان حیزبە ئاینییە شیعیە ڕکابەرەکان، دەعوەی سەرۆک وەزیران نوری ئەلمالیکیو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، کـە لـەلایـەن عەمار ئەلحەکیمەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت.

بـــەڵام ســـاڵـــی ڕابـــردوو گـۆڕان کە گرووپێک بوو لەناو (ینک)و جیابووەوە، چواریەکی کورسییەکانی پەرلەمانی هەرێمە کوردییەکەی بــردەوە. گـۆڕان چاوەڕواندەکات ئەنجامێکی باش لەکێبڕکێی پەرلەمانی عێراق تۆماربکات.

خەڵکی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕانیان دەوێت. هاوڵاتییانی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردی تامەزرۆن بۆ بینینی دەموچاوی نـوێ کە نوێنەرایەتییان بکات لەبەغدا.




**حەیدەر قودوە لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئەلمەدینە بە ناونیشانی «نەخشەی سیاسیی عێراق. هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتییەکانی سوننەو شیعەو کوردەکان» بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی:**

گۆڕانێکی گـەورە بەسەر نەخشەی هاوپەیمانێتیی سیاسییو دیمەنی سیاسیی عێراق بەگشتیی لـەمـاوەی وەرزی هەڵبژاردنی ٢٠١٠ نـەهـاتـووە، بـەبـەراورد بەهەلومەرجی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، هـەمـان دەمـوچـاو فراکسیۆنی سیاسی ماونەتەوە کە لەقۆناغی پێشوودا لەپێشەوەبوونو جڵەوی دەستپێشخەرییان بەدەستەوەبوو، دەسەڵاتیان لەگۆڕەپانەکەدا فراوان دەکرد، لەگەڵ دەرکەوتنی کەسایەتی سیاسی کە ئەوکاتە ناسراونەبوون، بەڵام وەرگرتنی پۆستی حکومەت یارمەتیدان لە پێکهێنانی حیزبو دواتـر هاوپەیمانێتی سیاسیی کە پێشبینی دەکرێت گۆڕانێکی بچووک لەهاوکێشەی سیاسیی ئێستادا دروستبکەن.

تاڕادەیەکی گەورە بۆتەقەی ئەو هاوپەیمانێتییانەی لەسەر بنەمای مەزهەبیو تایەفی پێکهێنراون، لەدیمەنی سیاسیی دیارنەماوەو بەماوەیەکی زۆر بەر لەپرۆسەی دەنگدان کە ئێوارەی یەکشەممەی ڕابردوو کۆتاییهات، پاڵێوراوەکان لەهەڵمەتی بانگەشەکانیاندا جەختدەکەنەوە لەسەر دروشمە نیشتمانییەکان، کـە نزیکن لە هەستو سۆزی دەنگدەری عێراق.

**بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەم بۆچوونانە سەردانی سایتی سبەی بکە:**
(www.sbeiy.com)







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩